## كَيشةي كورد لة :ستراتيذي " يةكطرتووي ئيسلامي دا

# بـــــــــــــــــــــــــــــزانـن

***وەڵامێکی ڕەخنەگرانە بە تێڕوانینە ئیسلامی یەکانی***

***" ئەبوبەکر عەلی " لە مەڕ کێشەی نەتەوایەتی***


تاهير سالَح شةريف - سليَماني


ـ تشريني دووةمي 1999

ڕوونكردنةوةيةك :

ئەم نامیلکەیە وەڵامێکی ڕەخنەگرانەیە بە تێڕوانین و ڕوانگە وهەڵوێستە سیاسی یە ئیسلامی یەکانی " ئەبوبەکر عەلی " و " یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان "، کە نووسەری ناوبراو لە نامیلکەیەکی دا بە ناونیشانی " کێشەی کورد لە ستراتیژی یەکگرتوو دا " لە ساڵی1999 دا خستبوویە ڕوو . لە بەر ئەوەی کە نامیلکەکەی نووسەری ناوبرا و چەواشەکاری و فریودانێکی زۆری تێدابوو لە بارەی هەڵوێستی " یەکگرتوو"ەوە بەرانبەر بەکێشەی کورد ، منیش وەك خوێنەرێکی ڕەخنەگر ، پاش خوێندنەوەی نامیلکەکەی کاك " ئەبوبەکر " ، بڕیارم دا سەرنجە ڕەخنەیی یەکانم لە سەر بابەتەکەی ئەو ، بە شێوەی ئەم نامیلکەیە گەڵاڵە بکەم ، بەڵام بە داخەوە لە چاپکردنی دا ئەوەندە هەڵەی تێدا کرابوو ، خەریك بوو نامیلکەکەی خۆم نە ناسمەوە ....!

لێرەدا بەپێویستی نازانم کە جارێکی تر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە کە بۆچی پاش لە چوار ساڵ ، یان پاش لە شەش ساڵ دەستم کردووەتەوە بە چاپکردنەوەی سەر لەنوێی ئەو ووتار و نامیلکانەی کە لەساڵانی ڕابردوودا دژ بە ئاینی " ئیسلام " و "ئیسلامی فۆندەمینتاڵیستی کورد " نووسیومن و بڵاوم کردوونەتەوە ، چونکە لەچاپکردنەوەی دووبارەی ووتاری " ئەم ووتارە بێ ناونیشانە ! " دا وەڵامی هەمان پرسیارم داوەتەوە. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە تیشکی بخەمە سەر و ڕوونی بکەمەوە ، دوو خاڵی گرنگە : یەکەمیان ئەوەیەکە نە " یەکگرتووی ئیسلامی " و نە " ئەبوبکر عەلی " تا ئەو کات لە کوردستان بووم ، هیچ وەڵامێکیان بە نامیلکە

-

ڕەخنەیی یەکەی من نەدایەوە و ئەوەندەش کە ئاگادار بم بە دوای هاتنە دەرەوەم دا لەکوردستان ، وەڵامێکیان نەداومەتەوە ، کە هیوادارم جورئەتی وەڵامدانـەوەی سەرنجە ڕەخنـەیی یـەکانی خوێنـەرێکی خۆیـان بکـەن . دووەمیـان ئەوەیکـە لەناوەنـدی سیاسـی و ڕۆشـنبیری کـوردی دا زاراوەی " ئیسـلامی سیاسـی " ، وەك زاراوەیەکی گشتی بۆ پێناسەکردنی " بزووتنەوەی ئیسلامی فۆندەمینتاڵیست " بەکار براوەو منیش هەمان زاراوەم لـە نامیلکەکەمـدا بـەکار هێنـاوە ، هـەر چـەندە ئەوکاتیش ساغ نەبووم لە سەر بەکار بردنی ئەو زاراوەیە ، بەڵام لە بەر ئەوەی کە زاراوەیەکی گشتی و جێ کەوتە بووە لە ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی دا و بەو هۆیەشەوە کە مەوداو دەرفەتی مناقشەی ڕەخنەگرانەی ئەوزاراوەیەم لە بەردەمدا نەبوو ، بە ناچاری ئەو زاراوەیەم لە هەندێك شوێنی نامیلکەکەدا بەکار بردووە ، کە لە چاپی دووبارەی دا ئەو زاراوەیەم لابردووە و زاراوەی " ئیسلامی حیزبی " و " ئیسلامی فۆندەمینتاڵیست " بەکار دەبەم .... بڕوام وا بووە و بڕوام وایەکـە هەم لەڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی چەمکی سیاسی یەوە، بەکار بردنی زاراوەی " ئیسلامی سیاسـی " هەڵەیـە ، چـونکە ئیسـلام لـە بنەڕەتـدا جووڵانەوەیـەکی " سیاسی " یەو لە پێناوی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی دا هاتووەتە بوونەوە . تا ئەو کاتەی کە ئیسـلام وەك ئایـدۆلۆژیاو جیهـانبینی یـەك لـە کۆمەڵگـەدا بوونی هەبێت و ئەم جیهانبینی یە مۆدێلێکی تایبەتی هەبێت بۆ بەڕێوە بردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دا ، بە ناچاری ڕەوت و جووڵانەوەی سیاسی و حیزبیش دەهێنێتە بوونەوە ، یان هەندێك گروپ و توێژی کۆمەڵایەتی دیاری کراو بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی یە ماددی و ئابوری وسیاسی یەکانیان کەڵك لە هەمان ئایدۆلۆژی وەردەگرن و لە شێوەی حیزب و گروپە سیاسی یەکاندا پێ دەخەنە جەرگەی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگاوە . لەم ڕووەوە دەکرێت کە بڵێم ئیسلام ، هەم وەك جیهانبینی و هەم وەك پراکتیکی کۆمەڵایەتی یەکەی بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی خۆی و تائەمڕۆ جووڵانەوەیەکی سیاسی یە و بـۆ ئامـانجی سیاسـی دیاری کراو پێی ناوەتە بوونەوە .

*     *     *

**26 ی ئایاری2003**

تۆرۆنتۆ

## پێشەکی

بوونی ئیسلام ، وەك بیر و باوەڕیكی ئەفسانەیی لە ناو نەتەوەی كوردا ، ڕیشەیەكی مێژوویی قوڵی هەیە و دیاریدەیەكی نوێ نی یە ، بەڵكو دیاریدەیەكی كۆنە كە بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵە بونیاد و ژێرخانی فكری مرۆڤی كوردی پێكهیناوە .

لەسەرەتادا ، بڕوا هێنانی مرۆڤی كورد بەم ئاینە لەڕووی قەناعەت و بەشێوەیەكی دڵخوازانە نەبووە ، بەڵكو بەزۆری سەرەنێزە و شمشێر و لە ڕێگای داگیركاری یەوە هێنراوەتە ناو كوردستانەوە و كراوەتە بیر و باوەڕی گشتی مرۆڤی كورد و دانیشتوانی ئەم سەر زەوی یە . لەو ڕووەوە ، دەكرێت بگوترێت كە لە باری مێژوویی یەوە ، ئاینی ئیسلام ، ئاینێكی بەزۆر سەپێنراوە بەسەر مرۆڤی كورددا . بیرو ڕایەكیش كە بەزۆری سەرەنێزە و نوكی شمشێر بەسەر هەر نەتەوەیەكدا بسەپێنریت ، ئەوا ئەو بیر و باوەڕە ناتوانێت خزمەت بە پرۆسەی پێشكەوتنی میژوویی ئەو نەتەوەیە بكات ، چونكە وەك ئاشكرایە ئاینی ئیسلام ، چ لەڕووی پراكتیكەوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆكەكەیەوە، هەر لە سەرەتاوە ئایدیای پاشكۆیەتی كەلتوری نەتەوەی كوردی بە یەكێك لە پایە بنچینەیی یەكانی ( ئیسلامی بوون ) ی كەسایەتی كورد بە نەتەوەی ( عەرەب )ە وە جێ خستووە تەنانەت هەتا ئەمڕۆش ئەم بیری پاشكۆیەتی یە لە ئەقڵی ئیسلامی فۆندەمینتالیستی كوردا دا ڕەنگ دەداتەوە و پەیڕەوی لێ دەكرێت.

ئەوەی كە لە پێشەوە وتم ڕاستی یەكی بابەتی و مێژوویی یە و مشت و مڕ هەڵناگرێت ، بەڵام هیچ یەكێك لە گروپ و حیزبە ئیسلامی یەكانی ئەمڕۆی كۆمەڵی كوردستان ئامادە نی یە دان بەو ڕاستی یەدا بنێت كە ئەم ئاینە هەم بەزۆری سەرەنێزە كراوەتە بیرو ڕای گشتی نەتەوەی كورد و هەم سیاسەت كردن لە ژێر پەردەی ئەو ئایدۆلۆژیایەدا بە واتای پاشكۆیەتی كردنە لە هزری عەرەبەكانی نیمچە دورگەی عەرەبی هەزار ساڵ لەوە پێش و تەنانەت ئەمڕۆكەیش . گروپ و حیزبە ئیسلامی یەكانی كوردستان نەك هەر ئەوەش نا سەلمێنن ، بەڵكو لەوەش خراپتر دەیانەوێت ئەم ئاینە لەگەڵ هەموو بنەماكانی ژیانی كۆمەلایەتی ، سیاسی و كەلتوری ئەم كۆمەڵگایە ئاوێتە بكەن و ژیانی مۆدێرنی مرۆڤی كورد بگێڕنەوە بۆ ڕۆژگارە تاریك و دواكەوتووەكانی دەسەلاتی ئیسلام بە سەر نیمچە دورگەی عەرەبدا ، كە ئەمەش لەگشتی یەتی خۆی دا هەڕەشەو مەترسی یەكە هەم بۆ سەر هەموو ئەو پێشكەوتنە جۆراو جۆرانەی كە نەتەوەی كورد بەخۆیەوە بینیویەتی لە سەد ساڵی ڕابووردوودا و هەم ئەو داب و نەریتە پێشكەوتووانەی كە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی مەدەنیانەی ئەم سەردەمەدا دێنەوە بخەنە ژێر هەڕەشەی فەوتان و لە ناوچوونەوە .

لەم ڕووە دەكرێت بلێم كە نەك " ئاینی ئیسلام " بەڵكو سەر بەرز كردنەوە و تەشەنەسەندنی خێرای حیزب و گروپە ئیسلامی یەكان لەپاش ئازاری ( 1991 ) وە دیاریدەیەكی سیاسی ـ كۆمەلایەتی " نوێ " یە لەڕێڕەوی بۆ دواوە گێڕانەوەی كۆمەلگەی كوردستان بەرەو سەردەمە تاریكەكانی مێژوو .

ئەم خاڵە سەرنج ڕاكیشە كە ئەمڕۆ " ئیسلام " كراوەتە چوارچێوەیەكی ئایدۆلۆژی ورێكخراوەیی بۆ كۆ بوونەوەی ڕابەران و بیریارانی ئەم ئاینە تا لەم ڕێگایەوە جەماوەر كۆ بكەنەوە بۆ ململانی یەكی سیاسی و تەنانەت سەربازیش بە ئاقاری گەیشتن بە ئامانجە سیاسی وچینایەتی یەكانیان و بەدیهێنان و چەسپاندنی بەرژەوەندی یە ماددی و ئابوری یەكانیان لە كۆمەڵی كوردستاندا .

هەولْ و تێكۆشانی ڕابەرانی سیاسی ئاینی ئیسلام بۆ لە قالْبدانی ژیانی مەدەنیانە لە كۆمەلْگەی كوردستاندا ، ڕێگای بۆ ئەوە خۆش كردووە كە نەك هەر سیاسەت و ستراتیژی حزب و گروپە سیاسی یەكانیان بخرێتە ژێر شیكردنەوە و هەلْسەنگاندنی ڕەخنەگرانەوە ، بەلْكو بە ناچاری خودی " ئاینی ئیسلام " یش كەوتووەتە بەر هێرشی ڕەخنەگرانەی توندی كەس و لایەنە ڕۆشنبیری یە پێشكەوتووخوازەكانی كوردستانەوە ، چونكە لە كاتێكدا كە گروپ و ڕێكخراوەئیسلامی یەكان خۆیان بە میراتگری " پێغەمبەر " و " خەلیفە " كان بزانن و " قورئان " بكەنە بەرنامەی كاری سیاسی و حیزبی خۆیان ، ئەوا ناكرێت كە ڕەخنە گرانی ڕەوت و گروپە ئیسلامی یەكان لە ڕەخنەكانی خۆیاندا نەگەڕێنەوە سەر ئەو سەرچاوە و دەقانەی كە ئەوان پشتی پیْ دەبەستن و ئیلهامی سیاسی خۆیانی لیْ وەردەگرن و كردوویانەتە دەستوری كاری خۆیان . لەم ڕووەوە ، هەر ڕەخنە و هێرشێك كە بكرێتە سەر " ئاینی ئیسلام " لەلایەن ماركسی یەكان و ڕۆشنبیرە عەلەمانیەكانەوە ، ئەوا ئەوان لیْ ی بەر پرس نین و جوولاْنەوە و حیزبە ئیسلامی یەكانی كوردستانیش لیْ ی بەر پرسن و دەبێت قبوولْی ئاكامە سیاسی و فكری یەكانی ڕەخنەكانی نەیارانیان بكەن .*

ئەم نامیلكەیەی بەردەستیشتان ، كە وەلاْمیكە بە كاك " ئەبوبەكر عەلی " و " یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان " لە مەڕ كێشەی نەتەوایەتی كورد و كێشەكانی دیكەی ئەم كۆمەلگایە ، بە ناچاری دەچێتە خانەی ڕەخنەگرتن لەو مەرجەعانەی كە نووسەری نامیلكەی " كێشەی كورد لە ستراتیژی یەكگرتوو " دا ئیلهامی سیاسی خۆی لیْ وەرگرتووە، یان ئیلهامی سیاسی یان لێوە وەردەگرێت . لەم ڕووەوە من دەست پێشكەر نیم لەو ڕەخنانەی كە ئاراستەی ئاینی " ئیسلام" ی دەكەم ، بەلْكو خودی كاك " ئەبوبەكر " بەرپرسە لەو كێشەیە ، چونكە وەك ووتم ئەوان زەمینە خۆشكەرن بۆ دەربڕینی هەلْویستێكی سیاسی و ڕەخنەیەكی فكری لەو جۆرە بەرانبەر بە ئاینی ئیسلام .

تاهير سالح شةريف

1999/10/28 سليَيماني

بەر لەوەی وەڵامێکی تایبەتی و دیاریکراو بدەینەوە بە هەمان پرسیاری سەرەوە ، پێویستە ئاماژەیەکی گشتی بەو ڕاستی یە بابەتی و سیاسی یە بکەین کە " یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان " و هەموو ڕەوتە ئیسلامی یەکانی تری کوردستان خۆیان لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی دا دەبیننەوە کە لە مێژووی سەدەی بیستەم دا بە " ئیسلامی سیاسی " ، یاخود بە " پان ئیسلامیزم " ناوزەد کراون و ناسراون .

بەبڕوای من ، فاکتەری سەرەکی قەوارەگرتن و سەر هەڵدانی ئیسلامی سیاسی ، لە شێوە زۆر سەرەتایی یەکەی دا ، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی داگیر کردن و هێرشی ئابوری ، سیاسی و کەلتوری ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بۆسەر وڵاتانی ئیسلام نشین .

هاتنە ناوەوەی کاڵاو شمەکی هەرزان بەهای وڵاتانی پیشەسازی ڕۆژ ئاوا و هێرشی پەیتا پەیتای ئابووری سەرمایە ئیمپریالی یەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا ، بووە هۆی وێران کردن و تێکشکاندنی شێوەی بەرهەمێنانی پیشەیی دەستی لە شارەکانی وڵاتانی ئیسلام نشیندا .

بۆ بەرگرتن بە هێرشە ئابووری یەکانی سەرمایەداری پیشەسازی و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوادا ، هاوکاتی ئەوەش داگیر کردن و نیمچە داگیر کردنی سەربازی یانەی سەر زەوی یە ئیسلامی یەکان ، بەشێك لە ووردە بەرهەمێنەرانی وڵاتانی ئیسلام نشین دەستیان دایە دەربڕینی ناڕەزایەتی یەکی ئابووری - سیاسی بەرانبەر بە ئیمپریالیزم و سیاسەتە ئیستعماری یەکان .ئەو بارودۆخە ئابووری ، کۆمەڵایەتی و سیاسی یە نویێ یە ، زەمینەی ئەوەی فەراهەم هێنا کە پیاوانی ئاینی و خویێدکارە ئاینی یەکان ( کە حوجرەی مزگەوتی شارەکان ناوەند و شوینی کۆبوونەوەیان بوو ) تێکەل بە ڕووداو و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانی کۆمەڵگاکانیان ببن و لەو تێکەڵ بوونەشدا ، بە ناوی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ " خاچ پەرستەکان " دا ، ئالای " جیهاد " یان لە دژی ئیمپریالیزم بەرز کردەوە و بەم شیوەیە ئەو بزووتنەوەیەی کە پیێ ی دەگوترێت " ئیسلامی سیاسی " لە جۆری هەرە سەرەتایی خۆی دا قەوارەی گرت و لە رەوتی ئالوگۆرە جیهانی و ناوچەیی یەکانی دواتری سەدەی بیستەمدا بووە بزووتنەوەیەکی سیاسی کە حیزب و ڕیکخراو و گروپی جۆراو جۆری هێنایە سەر شانۆی ململانێ سیاسی و فکری یەکانی وڵاتانی ئیسلام نشینەوە .

لەڕووی ئابوری یەوە ، دەکرێت بلێم کە " پان ئیسلامیزم " لە قۆناغی یەکەم و سەرەتایی خۆی دا هیچ شتێك نی یە جگە لە نارەزایەتی یەکی ئابوری - کۆمەڵایەتی توێژی ووردەبورژوازی تەقلیدی وڵاتانی ئیسلام نشین بەرانبەر بەو جێگا و شوێنە ئابوری و چینایەتی یە نالەبارەی کە سەرمایەداری پیشەسازی و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بۆی دروست کردبوو لە کۆتایی یەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا . لەڕووی سیاسی و کەڵتوریشەوە ، ناوەرۆك و تایبەتمەندی " پان ئیسلامیزم " لە قۆناغی سەرەتایی و تەنانەت تاکو ئەمڕۆش بریتی یە لە دژایەتی کردنی هەموو نەریت و بەها ڕۆژئاوایی یەکانی وەك ( ئەدەب ، هونەر - بە تایبەتی مۆسیقا و سینەما و گۆرانی و سەما - فەلسەفە ، سیاسەت ، زانستەکانی کۆمەڵناسی ، ئایدیایەکانی وەك سۆشیالیزم ، لیبرالیزم ، جل و بەرگ و تاد ...) .

" پان ئیسلامیزم " لە و قۆناغەی دا و لەو شێوەیەی خۆی دا ، هەموو دەسکەوتە ئابوری ، سیاسی و لایەنە شارستانی یەکانی رۆژ ئاوا ڕەت دەکاتەوە و ئەوانە بە فەرهەنگی ( بت پەرستەکان ، جولەکە و خاچ پەرستەکان ) لە قەڵەم دەدات و دژیان دەوەستێتەوە ... لە بەرانبەریشدا خوازیاری گەڕانەوەی ڕەسەنایەتی ، بەهاکان و شارستانیەتی

ئیسلامی یە بە سەرکۆمەڵدا . بەشێوەیەکی گشتی ، دەکرێت بلێم کە " پان ئیسلامیزم " لە قۆناغی سەرەتایی خۆی دا زادەی ئەو نارەزایەتی کۆنە پەرستانە ئابووری ، سیاسی و کەلتوری یە یە کە پارێزگاری دەکات لە دواکەوتووترین بەرژەوەندی یە ئابووری ـ چینایەتی یەکانی توێژی وورده بورژوازی تەقلیدی لە وولاتانی ئیسلام نشیندا بەرانبەبە بەهێرشی تێکشکێنەرانەی سەرمایە پیشەسازی و سەرمایەی مۆنۆپۆلی ڕۆژئاوا بۆ سەر سیستەم و شێوەی بەرهەمهێنانی کالایی و پیشە دەستی یەکان لە شار و لادێکاندا .. بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاری یە ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و فکری یەکانی وولاتانی ئیسلام نشیندا و کێشرانیان بۆ خولگەی ئابوری و بازاری ڕژیمی سەرمایەداری جیهانی ، دەبینین کە " پان ئیسلامیزم " ، یان بە زمانە باوەکەی ئەمڕۆ " ئیسلامی سیاسی " ش پێ دەخاتە قۆناغی دووەمی ژیانی سیاسی خۆیەوە و " ئاینی ئیسلام " دەبێتە چوارچیوەیەکی ئایدۆلۆژی ، سیاسی و حیزبی کە بەرژەوەندی یە ئابوری ـ سیاسی یەکانی توێژیکی دواکەوتووی بورژوازی وولاتانی ئیسلام نشین لە خۆی دا جێ دەکاتەوە .

ئەم " ئیسلامە سیاسی " یە نوێ یە ، بە پێچەوانەی " ئیسلامی سیاسی " تەقلیدی یەوە ، لە رووی ئابوری یەوە دژایەتی کالا و شمەکی بیان و سەرمایەمۆنۆپۆلی یەکانی ڕۆژ ئاوا ناکات و بە گۆشت و ئێسقانەوە شێوەی بەرهەمێنانی ئابوری سەرمایەداری قبوڵ دەکات و ئەم ڕژێمە بەرهەمێنانە بە ڕژێمێکی خوا کرد و شەرعی و قابیلی دەسکاری نەکردن دەزانێت و چەوسانەوە و ژێر دەستەیی چینی کرێکار بە دابەشکردنێکی خودایی دەزانێت بۆ بەندەکانی لەسەر زەوی دا ، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە ( لە هەندیك لایەندا نەبیت ـ بۆ نموونە بەشداری کردنی گروپە ئیسلامی یەکان لە پەرلەماندا بە مەبەستی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ) هەمان تایبەتمەندی " ئیسلامی سیاسی " تەقلیدی هەیە ، واتە سیفەتی دژی سۆشیالیستی و دژی عیلمانی و خۆی درێژە پێ دەدا . ئەم قۆناغە لە ژیانی " ئیسلامی سیاسی نوێ " دا ، بە پێچەوانەی قۆناغی ڕابردووە وە ، گێڕانەوەی ئەساڵەت و بەها ئیسلامی یەکان نەك بۆ پاراستن ، یاخود گێڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی پشت بەستوو بە شێوەی بەرهەمێنانی دەرەبەگایەتی و پیشەوەری ، بەڵکو بۆ خۆ گونجاندن و خزمەتکردن بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و شێوەی بەرهەمێنانی تازە گیرساوی سەرمایەداری ناوخۆ و خزمەتکردن بە حکومەتە نۆکەر و وابەستەکانی ئیمپریالیزم ، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی یە ئابوری یەکانی مۆنۆپۆڵە ڕۆژئاوایی یەکان و شیوەی بەرهەمێنانی سەرمایەداری وابەستە بە ئیمپریالیزم دەکەن ، دێتە نێو فەرهەنگی " ئیسلامی سیاسی " یەوە .

ئەساڵەت و بەها ئیسلامی یەکانیش تا ئەوەندە بۆ ئیسلامی سیاسی پێویست و زەروری یە کە هەمان بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسی یەکانی سەرمایەداری ناوخۆی وولات و دەرەوەی پێ بپارێزیت ، لە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی کۆمۆنیزم و لە ناکۆکی یە ناوەکی یەکانی نێوان وولاتانی ڕۆژئاوا بەکار ببرێت لە وولاتدا .. " اخوان المسلمین " ی ژێر رابەرایەتی " حسن البنا " لە میسر دا نموونەیەکی سیاسی ڕوونە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی یەی کە لە پێشەوە ئاماژەم پێ کرد .

" اخوان المسلمین " ی میسر بە هەموو لقەکانی یەوە لە هەموو وولاتانی ئیسلامی دا ، تەنیا ڕۆل و ئەرکی ئەوان ئەوە بووە کە بە قازانجی ئیمپریالیزمی ڕۆژ ئاوا و بە دەست تیکەڵ کردن لەگەل حکومەتە وابەستەکانی ئەودا ، لەلایەك دژایەتی بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی و بزووتنەوە نیشتمانی یە عیلمانی یەکان ناوخۆی وولاتەکانیان بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە بە ناوی " ئیسلام " و " هەژاران "ەوە و بەکەلك وەرگرتن لە " هەستی ئاینی جەماوەر " ، خەباتی ڕزگاریخوازانە و دژی ئیمپریالیستی جەماوەری زەحمەتکیشانی وولاتەکانیان بە لاڕێ دا ببەن ، کە لەو ڕووەوە " اخوان

المسلمين " ی وولاتی میسر ی سالاکانی سی و تا پەنجاکانیش خزمەتێکی گەورەی بە ئیمپریالیزمی ڕۆژ ئاوا بەگشتی و بە تایبەتیش ئیستعماری بریتانیا کردووە .

بەهۆی ئەو ڕۆلە گرنگ و بەرچاوەی کە بزووتنەوەی " اخوان المسلمين " لە سەر شانۆی ململانێ سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی میسر و وولاتانی دیکەدا گێڕایان بە قازانجی ئیمپریالیزمی ڕۆژ ئاواو بە زیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی ، ئیتر ئایدۆلۆژی " ئیسلام " و حیزب و گروپە ئیسلامی یەکان زیاتر بوونە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی ئیمپریالیزمی ڕۆژ ئاوا و بەشێك لە حکومەتە وابەستەکانیان لە وولاتانی ئیسلام نشین ( بە تایبەتی وولاتانی میرنشینی کەنداو ) دا

هەر لەو ڕووەو بەپێ ی پێداویستی یەکانی سیاسەت و بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕۆژئاوا و و حکومەتە وابەستەکانیان بوو لە ناوچەکەدا کە لە سالی 1971-1974 دا بە دۆلاری وولاتانی میرنشینی کەنداو و بە سەرپەرشتی " فەیسەلی " پادشای عەرەبستانی سعودی بوو کە کۆمەلێك دامەزراوەی ئابوری و سیاسی نێودەولەتی ئیسلامی وەك { " ڕیکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی " ، " بانکی بوژانەو گەشە پێدانی ئیسلامی " ، "دەستەی فریاگوزاری ئیسلامی جیهانی " و " نەدوەی جیهانی بۆ لاوانی ئیسلامی " } دامەزریندران .

ئەو ڕێکخراوانە ، کە قورسایی و سەنگێکی نوێ یان دەدا بەبە عەرەبستانی سعودی لە ناوچەکەداو لەناو هاوکێشە ناکۆکەکانی ناوچەکەدا ، حکومەتی ریاض " هەولی دەدا کە لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوە بە ناو خێرخوازی یانەوە گروپ و جولانەوەی سیاسی " اخوان المسليمن " و " وەهابی " یەکان بەهێزو چالاك بکات تالەلایەك مەترسی یە فکری و سیاسی یەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و جوولانەوە کومونیستی یەکانی سەر بە سۆڤیەتی پێشوو لە سەر دەسەلاتی خۆیی و میر نشینەکانی تری کەنداو دووربخاتەوە و بەم هۆیەشەوە بەرژەوەندی یەکانی ڕۆژ ئاوا دابین و مسۆگەر بکات لە ناوچەکەدا و لە لایەکی تریشەوەڕۆلی هژمونی و تاك لایەنەی خۆی لە جیهانی ئیسلامی دا بەهێزو جێگیر بکات . ئەوە سیاسەتێك بوو کە عەرەبستانی سعودی لە سالانی پەنجاکانی ئەم سەدەیەوە خەونی پێوە دەبینی .. یان بە واتای ئەنوەر ئەلحەق ئەحەدی : " عەرەبستانی سعودی تاکۆتایی سالانی 1950خۆی بە ڕابەری دنیای ئیسلام دەزانی . لەگەل دەرکەوتنی جمال عبدالناصری سەرۆك کۆماری میسردا و لەگەل ڕاگەیاندنی تێزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەلایەن ئەوەوە هەڕەشەی لە شەرعی بوونی ڕابەرانی سعودیە دەکرد . عەرەبستانی سعودی بۆ بەرانگار بوونەوە لەگەل هێرشە ئایدۆلۆژی یەکانی جەمال عبد الناصر دا، پان ئیسلامیزمی وەك ئەلتەرناتیڤە ناسیۆنالیزمەکەی ئەو هێنایە کایەوە .... شکستی ناصر لە جەنگی عەرەب ـئیسرائیل لە سالی 1967 دا، ئەوەندەی تر جێگای ئەم وولاتەی وەك ڕابەری جیهانی ئیسلام چەسپاند 1". بەلام بە هۆی ڕوخانی شای ئێران و هاتنە سەرکاری حکومەتی شیعی مەزهەب لە سالی 1979 دا ، جارێکی تر جێگاو ڕێگای چەسپیوی سعودیە لە جیهانی ئیسلامی دا کەوتەژێر پرسیارەوە . ڕوودانی ئەو ڕووداوە سیاسی و مێژوویی یە لە ناوچەی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست و لە سەر لێواری کەنداودا هەڕە شەیەك بوو بۆ سەر دەسەلاتی بنەمالەی ال سعود لە عەرەبستاندا . هەر ئەوەکە " خومەینی " ڕایگەیاند " ڕژێمی پاشایەتی لەگەل ڕێبازی ئیسلام دا ناگونجێت " ، یان کە ووتی " پەیوەندی توند و تۆلی سعودیە لەگەل شەیتانی گەورە ( ئەمریکا ) دا بە پێچەوانەی بەرژەوەندی یەکانی موسلمانانەوەیە " ، ڕابەرانی سیاسی و بنەمالەی پاشایەتی سعودیەی گەیاندە ئەو بروایەی کە حکومەتی ئیسلامی شیعی مەزهەب لە ئێراندا ، هەڕەشەیەکی زۆر گەورە تر و مەترسی دار ترە لە ناسیۆنالیزمەکەی جەمال عبدالناصری پەنجاو

شەستەکان بە سەر بوونی حکومەتی ( ریاض ) ەوە . حکومەتی سعودیە بۆ بەر گرتن بە پان ئیسلامیزمی شیعی ئێرانی لە سەر وولاتانی کەنداو و پاراستنی جێگاو ڕێگای بالادەستی خۆی لە جیهانی ئیسلامی و تەنانەت مانەوەی خودی دەسەلاتی خۆی لە سعودیەدا ، دوو ڕێگای گرتە بەر : یەکەم ، کۆمەکی ئابوری و لۆجستکی بە ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعس لە عێراقدا و دووەم ، بووژانەوەی گروپە ئیسلامی یە سونە مەزهەبەکانی وەك " اخوان المسلمین " و وەهابی یەکان لە زۆر بەی هەرە زۆری وولاتانی ئیسلامی دا ، بە تایبەتی لە ناوخۆی ئەو وولاتانەدا کە هاو سنوری ئێران بوون و تەنانەت لە ناوخۆی عێراق و ئێرانیشدا . ئا لێرەدا دەکرێت بلێم کە " یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان " یش درێژە پێ دەر و زادەی ئەو بارودۆخە سیاسی یەیە کە لە ناوچەکەدا ، لەژێر سایەی ناکۆکی و ململانێ ی کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی سعودیەدا خۆی پێناس دەکردەوە .

لەم ڕووەوە دەکرێت بلێم کە " یەکگرتوو " نە بۆ وەلامدانەوە بە چارەسەری کێشەی کورد دروست بووە و نە ئەم حیزبە دەتوانێت یەك هەنگاو کێشە و کۆمەلگای کوردستان بەرەو پێشەوە ببات . ئەو ڕاستی یە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا زیاتر ڕوون دەکەمەوە کە" یەکگرتوو " ، وەك حیزبێکی ئیسلامی سەر بە ڕێبازی " اخوان المسلمین " و وەك دەرهاویشتەیەکی سیاسی بارودۆخی قەیران گرتووی ناوچەکە و ململانێ ی ئێرانی شیعە و سعودیەی سوننە مەزهەب ، ناتوانێت کە ڕێگا چارەیەکی سیاسی ڕاستەقینە بۆ کێشەی کورد بەدەستەوە بدات ، چونکە " یەکگرتوو " کێشەی کورد لە ڕوانگەی ئەو ناکۆکی یەی کە باسم کردو لە ڕوانگەی " ئومەتە ئیسلامی " یەکەیەوە دەبینێت ، نەك لەو ڕووەوە کە کێشەی کورد ، کێشەی نەتەوەیەکی ژێر دەستەیە و دەبێت ڕێگا چارەیەکی هەقخوازانەو واقعی لە بەرانبەری دا بهێنرێتە گۆڕێ کە بە خواست و ئارەزووی هیچ لایەنێکی دەرەکی ودوژمن بەم نەتەوەیە نەبێت .

## " یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان " و ئاکانەیەکی شەرمۆکانە لە بەردەم کێشەی کورددا

ئەبوبەکر عەلی لە دەربڕینی یەکەمین هەلوێست و ڕوانگەکانی ( یەکگرتوو ) دا بەرانبەر بە کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد ، لە گەلٚ ئەو گێر و گرفتە سیاسی یەدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە کە هیچ یەکێك لە حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامی یەکانی کوردستان ( بە یەکگرتوو یشەوە ) ، ڕوانگەیەکی سیاسی ڕوون ، یاخود ستراتیژی یەکی ڕوونیان بۆ چارەسەری کێشەی کوردنەبووە.

نووسەرەکەی " یەکگرتوو " بۆ هەلگرتنی گومان و پرسیارەکانی خەلکی کوردستان لە سەر حیزب و ڕێکخراوەئیسلامی یەکانی کوردستان ، کە هەلوێست و ستراتیژی یەکی ڕوونیان بەرانبەر کێشەی کورد نی یە ، دەست دەکات بە پاکانە و بە شێوەیەکی شەرمۆکانەو بە حیساب ڕەخنە گرانە دان بەم ڕاستی یەدا دەنێت و هۆکاری ئەو بێ ئاسۆیی سیاسی یەی ئیسلامی یەکان بەرانبەر بە کێشەی کورد دەگێڕێتەوە سەر ئەوەکە( فکری ئیسلامی کلاسیك ) لەگەلٚ کێشەنەتەوایەتی یەکاندا بەرەو ڕوو نەبووە و ئەو جۆرە کێشانەی لە بەردەمدا نەبووە (؟!) تا لە بارەیانەوە قسە بکات و هەلوێستیان لە سەر وەربگرێت . نووسەری نامیلکەی ( کێشەی کورد لە ستراتیژی یەکگرتوودا ) لەو بارەیەوە نووسیویەتی :

" ڕۆشن نەبوونی دیدی ئیسلامی لەمەڕ چارەسەر کردنی کێشەی تازەی دنیای هاوچەرخ لای جەماوەر ، لەوانـە کێشـەی نەتەوایەتی . چونکە فکری ئیسلامی کلاسیکی ئەم جۆرە پرسیارانەی لە بەردەمدا نەبووە تاکو قسەیان لە بارەوە بکات . بیری ئیسلامی هاوچەرخیش لەم ڕووەوە هەندێك گەشەی کردووە, بەڵام بە گوێرەی پێویست خزمەت نـەکراوە ، ئەمـە سەرەڕای ئەوەکە بەلایەنی کەمەوە لەنیو سەدەی ڕابردوودا لە کوردستاندا خەبات و خسـتنە ڕووی چـارە سـەرەکان بـۆ کێشەکە و هەندێك گیروگرفتی کۆمەڵگاش لە بیری خۆرئاوادا جێگیر کراوە . لە بەر ئەوە هێشتا تێزو تێڕوانینە ئیسـلامی یەکان ماویانە بە تەواوی بچنە ناو فەرهەنگی ڕۆژانەی خەڵك2".

ئەبوبەکر عەلی بەم پەرەگرافە پاکانە ئامێزەیەوەدێتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە و دەیەوێت تێڕوانینە ئیسلامی یـەکان بەرانبەر بە کێشە تازەکانی دنیای هاوچەرخ و بە تایبەتیش بەرانبـەر بـە کێشـەی کـورد بباتـە نـاو فەرهـەنگی ڕۆژانـەی خەڵکی کوردستانەوە ( ؟! ) و هەروا بە ئاسانی کێشەو گیروگرفتەکانی تری کۆمەڵگای کوردستانیش لە بیری خۆرئاوایی ڕزگار بکات( !! ) ، بەڵام کاتێك کە مرۆڤی هوشیاری کورد بـە سـەرنج و تێڕامـانێکی وورد تـرەوە زیـاتر بـە نـاخی ئـەو پەرەگرافەدا ڕۆدەچێت ، ئەوکات بێ ئەڵتەرناتیڤی و بێ ئاسۆیی سیاسی هەموولایەنە ئیسـلامیەکان و بـە تایبـەتیش ( یەکگرتوو ) ی زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت لە بەرانبەر کێشەی گەلی کوردا .. زیاتر ئەو ڕاستی یـەی بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە لایەنە ئیسـلامی یـەکانی کوردسـتان هـیچ ڕێگـا چارەیەکی سیاسـی ڕاسـتەقینەیان پـێ نییـە بـۆ چارەسـەری کێشـەی نەتەوایەتی ئەم نەتەوە ژێر دەستەیە و زیاتر لەوە تێ دەگات کە ئەمانە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نەهاتوونەتە مەیدانی ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانی کوردستانەوە ، بەڵکو ئەمانە بۆ ئـاڵۆزتر کردنـی کێشـەکەو بـۆ ڕووبـەروو بوونەوە لەگەڵ کەلتورو بیری پێشکەوتووخوازی ڕۆژئاوایی دا ، کەکێشەی کوردیان خستووەتە ژێر سێبەری خۆیانـەوە ، هاتوونەتە مەیدان....

بەهەرحاڵ ئەو پاکانە سیاسی یەی ( یەکگرتوو ) بۆ حیزب و گروپە ئیسلامی یـەکان کـە دەڵێـت ( فیکـری ئیسـلامی کلاسیکی لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی دا بەرەو ڕوو نەبووە ) ، ڕەنگە بتوانێت قەناعەت بە ئەنـدامان و لایـەنگرانی سـادە ئەندێش و بێ ئاگا لەدنیای سیاسەتی ( یەکگرتوو )یان بکـات ، بـەڵام هـەرگیز ناتوانێـت پرسـیار و گومانـەکانی خـەڵکی هوشیاری کوردستان لە سەر ڕۆڵی سیاسی تێکدەرانەو نیەتی خیانەتکارانەی ( یەکگرتووی ئیسلامی ) و هاومۆدێلـەکانی تری لە کوردستاندا بسرێتەوە .

کاتێك کە یەکگرتوو دەڵێت ( بیری ئیسلامی کلاسیکی کێشەی نەتەوایەتی لە بەردەمدا نەبووە تا قسەیان لە بارەوە بکات و بیری ئیسـلامی هاوچـەرخیش بـەگوێرەی پێویسـت خزمـەتی نـەکراوە ) و جـەنابی کـاك ئەبوبـەکر دەیـەوێت بـە نامیلکەکەی خزمەتی بکات ، ئەوجا پرسیاری تازەتر بە ڕووی ( یەکگرتوو ) دا دەوروژێنێت .. فیکری ئیسلامی " کلاسیك " و " هاوچەرخ " چی یە؟ ئیسلام لە چەند فکرو جیهانبینی پێك هاتووە ؟ ئایا فکری ئیسلامی ئەمڕۆ هەر ئـەو ئایـدیا و فکرەیەنی یە کە 1400 پێش لە ئێستا لە قورئان و سـونەدا گەڵاڵـە کـراوە ؟ ئـەم دابەشـکردنەی ( بـیری ئیسـلام ) بـۆ کلاسیك و نوێ بۆچی ...؟

هەرچەندە کە کەسێکی مارکسیم و ئاینی ئیسلام بیرو ڕای من نی یە ، بەڵام ئەوەندەی سەرنجم داوەتـە سـەر ، بـاوەڕی موسڵمانان و مێژووی سەرهەڵدانی ( بیری ئیسلامی ) ، بەش بە حاڵی خۆم ئەو دابەشکردن و تەقسیم بەنـدی یـەی کـە ( یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ) کردوویەتی بۆ ئایدۆلۆژی ئیسلامی و بیرو باوەڕی موسڵمانان دابەش دەکات بـۆ بـیری

کلاسیکی و هاوچەرخ زۆر بە لامەوە سەیرو سەر سوڕهێنەرە و پێم وایە کە بیری ئیسلامی هەر ئەو بیرو باوەڕەیە کە لە قورئان و سونەدا گەلاڵە کراوە و شتێکیش نابینم کە ناوی ( بیری ئیسلامی کلاسیکی و هاوچەرخ ) بێت . ئەکرێت بگوترێت کە ( ئیسلامی سیاسی کلاسیك و تەقلیدی ) و ( ئیسلامی سیاسی نوێ و هاوچەرخ ) وەك دوو دیاریدە لە مێژووی جووڵانەوە و ئەحزابی ئیسلامی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا دەرکەوتوون ، بەڵام ناکرێت قورئان دابەش بکەین بۆ" قورئانی کلاسیك " و " قورئانی هاوچەرخ ". ناکرێت قورئان ، کە هەموو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی تێدا گەلاڵە کراوە ، دابەش بکرێت بۆ کۆن و نوێ . ئەگەر ئەم تێزە سیاسی یەی ( یەکگرتوو ) ، کە بیری ئیسلامی ، واتە قورئان ، دابەش دەکات بۆ کلاسیکی و هاو چەرخ ، لەلایەن کەسانێکی ترەوە بهێنرایە گۆڕێ ، ئەوا دڵنیام کە یەکگرتوو بگرە و بەردەیەکی ئیعلامی گەورەی لە سەر دروست دەکرد و ئەو تێزەی بە جۆرێك لە جۆرەکانی ( تکفیر ) لە قەڵەم دەدا ، بەڵام بە هەرحاڵ ،ئەو تەقسیم بەندی یەی کە ( یەکگرتوو ) بۆ ( قورئان ) ی کلاسیکی و ( قورئانی ) هاو چەرخی کردووە ، ئەگەر لە بەر ڕۆشنایی ئەحکام و شەریعەتی ئیسلامی دا بخوێنرێتەوە بۆ خۆی جۆرێك لە ( تەکفیر ) ە ، بەڵام ئەوە کێشەی من نی یە و ئەو کێشەیە دەسپێرم بەموسڵمانانی کوردستان و بە پسپۆڕانی بواری ئیسلامی لە کوردستاندا تا هەڵوێستی لەسەر بگرن .

ئەوەی کە لە پشتی تێزی ( بیری ئیسلامی کلاسیکی و هاو چەرخ ) ی ( یەکگرتوو ) ەوە کێشەی دروست کردووە و بووەتە جێگای سەرنجی ڕەخنەگران و قسەو باسی من ، ئەو مانۆڕەسیاسی یە گێلانەیە کە نووسەر و ( یەکگرتوو ) دەیانەوێت دژ بە خەڵکی کوردستان و کێشەکانی بیکەن .نووسەر و حیزبەکەی دەیانەوێت لە ڕێگای ڕەواج پێ دانی تێزی ( بیری ئیسلامی کلاسیك و هاوچەرخ )ەوەفەلسەفەی بوونی ( یەکگرتووی ئیسلامی ) و هەموو گروپە ئیسلامی یەکانی تری کوردستان ، کە پێویستی یەکی ئەم کۆمەڵگایە نین و چارەیەکیان بۆ کیشەی کورد پێ نی یە ، لەژێر پرسیاری سیاسی مرۆڤی هوشیاری کوردا دەربهێنن و لەم ڕێگا سیاسی یە شەرمۆکانە یەوە نامۆ بوونی ڕەوتە ئیسلامی یەکان بە کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد پینەو پەڕۆ بکەن ، بەڵام کورد ووتەنی ( بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێت ) و شیکردنەوە و تێڕامانی سیاسی ڕەخنەگرانەی مرۆڤی هوشیاری کورد لەسەر ئامانجە سیاسی و چینایەتی یەکانی ( یەکگرتوو ) درێژەی پێ دەدرێت تا لە زمانی خۆیەوە ئەو ڕاستی یە دەبیستن کە ڕەوت و گروپە ئیسلامی یەکان هیچ پرۆژەیەکی ڕاستەقینە و لۆژیکی یان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد پێ نی یە و پرۆژە سیاسی یە کانی ئەوان تەنها تێکدانی بنەماکانی ژیانی مەدەنی خەڵکی کوردستانە . ئەو ڕاستی یە لە درێژەی باسەکەم دا زیاتر ڕوون دەکەمەوە .

( یەکگرتوو ) جگە لە هێنانە کایەی تێزی کۆمیدی ( بیری ئیسلامی کلاسیك و مۆدێرن ) ، لەهەمان کاتدا ڕاستگۆیی خۆی لە بەردەم خەڵکی کورددا دەدۆڕێنێت ، چونکە ئەم حیزبە مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام بۆ بەرژەوەندی سیاسی یەکانی خۆی دەشێوێنێ ... کاتێك کاك ئەبوبەکری بیریاری ( یەکگرتوو ) دەڵێت ( فیکری ئیسلامی کلاسیك پرسیار و کێشەی نەتەوایەتی لە بەردەمدا نەبووە) ، ئەوجا ئەو ڕاستی یە زیاتر ئاشکرا دەبێت کە ( یەکگرتوو ) بە هەر نرخێك ) بووە دەیەوێت پاساو بۆ هەڵوێست و کردەوەی داگیر کەرانەی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی بهێنێتەوە بە سەر نەتەوە غەیرە عەرەبەکان دا و بەم پێ یەش دەیەوێت بە خەڵکی کوردستان بڵێت کە گوایە ئیسلام دژی ستەمی نەتەوایەتی یە ، گەرچی لە مێژوویشدا ڕوو بە ڕووی کێشەی نەتەوەکان نەبووەتەوە ( ؟! ) بەڵام کاتێك کە مرۆڤ مێژووی دەسەڵاتە یەك

له دوای یەکەکانی ئیسلام دەخوێنێتەوە ، ئینجا بۆی دەردەکەوێت کە ئەم ئاینەو دەسەڵاتەکانی پشتی ئەم پەردە ئایدۆلۆژی یە چۆن لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا زوڵمی گەورەیان لە نەتەوە نائیسلامی و عەرەبی یەکان کردووە و چۆن هەوڵیان داوە بەزۆری شمشێرو سەرە نێزە بیرو باوەڕی عەرەبەکانی نیمچە دورگەیان پێ قبوڵ بکەن و ناچاریان بکەن کەواز لە ڕێبازی ئایینی خۆیان بهێنن و تەنانەت کەلتور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان پێ سڕیونەتەوە . لەم ڕووەوە زۆر دوور ناڕۆم و نەتەوەی کورد دەکەمە نموونەی باسەکەم .

کاك ئەبوبەکرو ( یەکگرتوو ) ەکەی پێیان شەرمە چەند هەنگاوێك بگەڕێنەوە بۆ دواوەو باس لە داگیرکاری خەلافەتی ئیسلامی بکەن لە کوردستاندا . هەر خودی ئەو بیر و ( باوەڕە ئیسلامی ) یەی کە نووسەرەکەی ( یەکگرتوو ) بە بیری ( ئیسلامی کلاسیك ) ی دەداتە قەڵەم و دەڵێت ئەو بیرە کلاسیکی یە لەگەڵ زوڵمی نەتەوەیی دا بەرەو ڕوو نەبووەتەوە، هەر ڕابەران و ئاڵا هەڵگرانی ئەو بیرە کلاسیکی یەئیسلامی یە بوون کە لەم کوردستانەدا دەستیان کرد بە ( ئەنفال ) و کوشت و کوشتاری ئەو دەسەڵاتدارو خەڵکانەی کە کە وازیان لە ئاینی زەردەشتی خۆیان نەدەهێنا و بیرو باوەڕی ئیسلامی یان قبووڵ نەدەکرد . ( فەڕوغ پاشا ) ی دەست و دڵ فراوان و قارەمان و خۆڕاگر بەرانبەر بە هێرشی بەربەریانەی عەرەبەکانی نیمچە دورگە ، لەگەڵ هاوئاینەکانی دا بۆچی قەتڵ و عامکران و بەدەستی کێ لە ناوبران ، بۆچی هەر هەمان خەلیفەو هەمان سەحابە و ئاڵاهەڵگرانی بیری ئیسلامی کلاسیك نەبوون کە ئەم زوڵمەو سەدان زوڵمی نەتەوەیی لەو جۆرەیان لە خەڵکی ناوچە جۆراو جۆرەکانی کوردستان کردووە ؟ پێ دەچێت کاك ئەبوبەکر و ( یەکگرتوو )ەکەی سڕینەوەی کەڵچەر و زوڵمی ئاینی و داگیرکاری سەرزەوی دانیشتوانێك کە بەزمانی کوردی دەئەخاوتن ، لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە و سەپاندنی زمانی ئاینی ئیسلام ( کەزمانی ئەدەبی وشاعیرانەی عەرەبەکانی نیمچە دورگە بووە ) بەستەمی نەتەوەیی و کەڵتوری نەزانن بەسەر خەڵکی کوردستاندا .. ؟ بەڵام بەهەرحاڵ ، کاك ئەبوبەکر و ( یەکگرتوو ) ەکەی بەهەر شێوەیەك ڕاڤەی ئەو داگیرکاری یە خەلیفە و سەحابەکانی ئیسلام بکەن ، ناتوانن بەڵگەیەکی مەنتقی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕاستی یە مێژوویی یە بهێننەوە کە بیری ئیسلامی کلاسیکیش ، هەروەك بیری ئیسلامی یە هاوچەرخەکەی ( یەکگرتوو ) ، ستەمکردنی نەتەوەیی لەسەر نەتەوەی کورد بەڕەوا زانیوە و ئەو ستەمەی بە جیهاد و کاری خودایی و شەرعی لە دژی نەتەوەی کوردی ( کافر ) حیساب کردووە و لە ڕووی مێژوویی و بابەتی یەوە خۆی فاکتەرێك بووە لە پرۆسەی درێژەداندا بە ستەمی نەتەوایەتی لە سەر گەلی کورد. لێرەدا ئەو پرسیارە ڕوو بە ڕووی ( یەکگرتووی ئیسلامی ) و هاو مۆدێلەکانی دەبێتەوەکە ئایا چۆن دەکرێت ( ئیسلامی کلاسیکی ! ) خۆی بە کردەوە دەستی دابێتە داگیرکارکردنی سەرزەوی یەکانی کوردستان و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی ئاینی و کەڵتوری و بەگشتی شارستانینەتەوەی کوردی دابێت ، بەڵام ئیسلامی ( مۆدێرن ! ) و هاوچەرخەکەی ( یەکگرتوو ) دەتوانێت ببێتە دەرمانێك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ژێر دەستەیی ئەم نەتەوەیە ؟ شتی وا لە خانەی مەحاڵ دایە ...ئەی کەواتە کاك ئەبوبەکر مەبەستی لە هێنانە کایەی ئەم تێزە خورمژی یە چی یە کە دەڵێت :( بیری ئیسلامی کلاسیکی ئەم مەسەلەی نەتەوەیی لە بەردەمدا نەبووەو ئیسلامی هاوچەرخیش وەکو پێویست قسەی لە بارەیەوە نەکردووە )؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە بەشێکی تری ئەو پەرەگرافەی کە پێشتر لە زمانی نووسەر هێنامانەوە ،بە ڕوونی و بەبێ هیچ تەمومژێك وەردەگرینەوە : ( بە لایەنی کەمەوەلە نیو سەدەی ڕابردوودا لە کوردستاندا خەبات و خستنە ڕووی چارەسەرەکان بۆ کێشەکە و هەندێك گیرو گرفتی تری کۆمەڵگاش لە بیری خۆر ئاوایی دا جێگیر کراوە . ) بەم جۆرە دەبینین کە (

یەکگرتوو ڕوو بەڕووی گرفتێکی سیاسی دیکە دەبێتەوە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەی کورددا .. ئەویش ئەمە کە چارەسەرەکان بۆ کێشەکە و گیرو گرفتەکانی تری کۆمەڵگای کوردستان لە ڕوانگەی بیری خۆرئاواوە هەڵوێستیان پێ کراوە ، نەك لە ڕوانگەی بیری ئیسلامی یەکەی ( یەکگرتوو )ەوەوە.

گرفتی سیاسی ( یەکگرتوو ) ئەوە نی یە کە ستەم و چەوسانەوەیەکی دڕندانەی دەوڵەتە شۆڤێنی یەکان و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی پاڵپشتیان هەیە لە سەر نەتەوەی کورد ، بەڵکو ئەوەیەکە ئەم حیزبە ئیسلامی یە کێشەیەکی هەیە لە کۆمەڵی کوردستاندا بە ناوی ئەوەوە کە ڕێگا چارەکان بۆ کێشەکەو کێشەکانی تری کۆمەڵگای کوردستان ، ڕێگا چارەی ( خۆرئاوای ) ن و ئەو ڕێگا چارانەش لە تێڕوانینی ئیسلامی سەلەفی یانە( یەکگرتوو )ەوە چارە سەرێکن کە لەگەڵ ئەساڵەت و بەهاو پرەنسیپە ئیسلامی یەکاندا ناکۆکن و ڕێك نایەنەوە ، کەواتە ( یەکگرتوو ) دەبێت دژیان بووەستێتەوە و بەو هۆیەشەوە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە کە لەگەڵ ئەساڵەت و بەها ئیسلامی یەکانیدا ڕێك بێتەوە ( !! ) .. یان بە واتایەکی ڕوونتر ، ( یەکگرتوو ) نە چارەسەری مارکسیستەکان و سۆشیالیستەکان ، نە چارەسەری ناسیۆنالیستەدیموکراتی و عیلمانی یەکانی بۆ کێشەی نەتەوایەتی و کێشەکانی تری کۆمەڵگای کوردستان پێ قبوڵە ، چونکە لە تێڕوانینی ئیسلامی سەلەفی یانە ی( یەکگگرتوو )ەوە ئەوانە هەموویان ڕێگاچارەی خاچپەرستە ڕۆژئاوایی یەکانن و بەو هۆیەشەوە ئەو دژایەتی یان دەکات ، بەڵام سەیر ئەوەیە کە خودی ( یەکگرتوو ) یش ناچار بووە کە لە قسە و گوتار هەمان چارەسەری ناسیۆنالیستەکان ، واتە فیدرالیزم قبوڵ بکات ـ لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەر هەمان بابەت و فیدرالیزم لە ڕوانگەی کاك ئەبوبەکر و حیزبەکەیەوە زیاتر شی دەکەمەوە ـ بۆ کێشەی کورد .

لە بەرئەوە ، مرۆڤی هوشیاری کورد هەقی خۆیەتی کە پرسیار و گومانەکانی لە سەر ئەم حیزبە لە شێوەدا میانەڕەو و لە ناوەرۆك دا سەلەفی یە زیاتر بکات و بڵێت کە ئەم حیزبە هەڵقوڵاوی ناو واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان نی یە و حیزبێکی ئیستراد کراوە بۆناو واقعی ململانێ سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ئەمڕۆ ، کە ئامانجە سیاسی یەکەیی و پراکتیکە سیاسی یەکەی دژایەتی کردنی ژیانی دیموکراتی و مەدەنی یانەی خەڵکی کوردستانە ، نەك گەڕان بە دوای چارەسەری ڕیشەیی کێشەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستاندا . هەر ئەو ڕاستی یەشە بووەتە هۆی ئەوەکە هیچ یەکێك لەڕەوتە ئیسلامی یەکانی کوردستان ( بەیەکگرتوویشەوە ) پلاتفۆرم و قسەیەکی سیاسی ڕوونی نەبێت لە مەڕ کێشەکەو بەم پێ یەش بەشێوەیەکی شەرمۆکانە( وەك ئەبوبەکر و یەکگرتووەکەی ) باسی کێشەی کورد بکەن .

## چارەسەری کێشەی کورد لەقەیدو بەندی جیهانبینیی " یەکگرتوو" دا

حیزبە سیاسی یەکان جیهانبینی و ڕێبازی فیکری خۆیان هەیە . گوتاری سیاسی و پراکتیکی کۆمەڵایەتی حیزبەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو جیهانبینی و ڕێبازە فیکری یەیاندا پێناسە دەکرێن و دەخوێندرێنەوە . ( یەکگرتوو ) یش کە حیزبێکی سیاسی یە لەو حوکمە بە دەر نی یە . جیهانبینی ( یەکگرتوو ) ، جیهانبینی یەکی ئایدیالیستی و ئیسلامی یە و بەم پێودانگەش گوتاری سیاسی ئەم حیزبە و چارەسەرەکانی بۆ کێشەی کورد و کێشەکانی تری ناو ئەم کۆمەڵگایە ، هەروەها پراکتیکە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی یەکەی کە لەم کۆمەڵگایە ئەنجامی دەدات ، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ئەو

جیهانبینی و ڕێبازە فیکری یە کە ئەم حیزبەی لەسەر بنیاتنراوە . ئەبوبەکر عەلی برِوای وایـە کـە جیهـانبینی و ڕێبـازی فیکری ( یەکگرتوو ) ، کە جیهانبینی یەکی ئیسلامی یە ، لە هەموو جیهانبینی و ڕێبازە فیکری یەکانی دیکە زیاتر دژ بە ستەم و چەوسانەوەجۆراو جۆرەکانە . ئەوە برِوای کاک ئەبوبەکرە ، بەڵام ڕاستی و دروستی هەر تیۆری و جیهانبینی یەك لە پراکتیك دا دەردەکەوێت ، نەك لە موبالغەو زیادە ڕەوی و پیا هەڵدانادا لە بارەی ئەوەوە کە ئەو تیۆری جیهانبینی یە چەندە زانستی ، یـاخو یـە کسـانی خوازانەیـە ، وەك ئـەم زیـادەڕەوی و پیـا هەڵدانـەی لای خـوارەوەی کـاك ئەبوبـەکر دەربارەی هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر بە ستەم و چەوسانەوە : "هەڵوێستی توندی ئیسلام بەرانبەر بە ستەم و دەست بە سەراگرتن (الظلم و الاغتصـاب) : گەر بڵێین جەوهەری ئیسلام بریتی یە لە هەوڵدان بۆ لە ڕەگ دەرکێشـانی سـتەم لـە بەرگە جۆراوجۆرەکانی دا ، ڕەنگە زیادە ڕەویمان نەکردبێت . هیچ بیرو فەلسەفەو ڕێبازێك لەمێژوودا تا ئێستا ئەوەندەی ئیسلام دژی ستەم و ستەمکاری نەبووە و نی یە[3] ."

هەموو شتێك سنوری دیاریکراوی خۆیی هەیە . ڕاگەیاندن و پرِو پاگەندەش سنووره دیاریکراوەکانی خـۆی هەیـە و ئەگەر لە سنووره دیاریکراوەکانی خۆی بترازێیت ، ئەوا دەبیتە شانۆگەری یەکی کۆمیدیا لە کۆمەڵگادا و ڕەنگە هـەزار و یەك ناو و ناتۆرەی سیاسی گاڵتە ئامێزت بۆ بدۆزنەوە . نووسەر و ( یەکگرتوو ) مکەی بە خۆیـان بـزانن یـان نـە ، ئـەوا کەوتوونەتە خانەی ئەو گاڵتەجارِی یەی خەڵکی هوشیاری کوردستنانەوە، چـونکە نووسـەرەکەی ( یـەکگرتوو ) لـە پرِو پاگەندەکەی دا بە جۆرێك زیادەڕەوەی دەربارەی دژی ستەم بوونی جیهانبینی و ڕێبازە فیکری یەکەی خۆیـانن دەکـەن کە تەنانەت مرۆڤی ئاسایی و دوور لە سیاسەتی ناو ئەم کۆمەڵگایە لە عەدالەت بـوونی " ئـایینی ئیسـلام " و جیهـانبینی ئیسلامی دەخەنە شك و گومانەوە .

ڕەنگە کاکی نووسەر خۆیشی قەناعەتی بەو چەند دێرە نەیێت کە لە پێشەوە لە زمانی لوسی خۆیـەوە هێنامانـەوە ، بەڵام ئەو بۆ چاوەشە کردنی خوێنەر دەربارەی ئەوەکە تەنها ڕێگا بۆ بنە برِ کردنی ستەم و چەوسانەوە هـەر ئیسـلامە( ! ! ) دەست دەکات بەو زیادە ڕەوی یە ئیعلامی یە . سەیر ئەوەیە کە کاکی نووسەر لە کاتی نووسینی ئەو چەندێرِەدا بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ئەو پروپگەندە فیکری و سیاسی یە پرسیاری بنەڕەتی تری بەڕووەدا دەوروژێنێت : ئایا بـە ڕاستی " جیهانبینی ئیسلام " و " دەسەڵاتی ئیسلام " هەموو جۆرە چەوسانەوە و ستەمێك لە کۆمەڵگەدا بنەبرِ دەکات ؟ ئایا جیهانبینی ئیسلامی خۆی جیهانبینی و ڕێبازێکی ستەمکار نی یە ؟ ئایا جیهانبینی ئیسـلام خـۆی دژ بـە سـتەمی نەتەوایەتی یە ؟ ئەو پێوەرە چی یە کە (یەکگرتوو ) ستەم وچەوسانەوەی پێ پێوانە دەکات ؟

نووسەر و ( یەکگرتوو ) بـۆ سـەلماندنی ئـەو ڕایـەی خۆیـان کـە پـێ یـان وایـە تـەنها بـیری ئیسـلام دژ بـە سـتەم و چەوسانەوەیە بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی ، پشت دەبەستن بەم دەقە قورئانی یە کە دەڵێت :"لا ینهاکم الله عن الذین لـم یقـاتلوکم فـي الـدین ولـم یخـرجکم مـن دیـارکم ان تبروهـم وتسـقطوا إلیهم إن الله یحب المقسطین [4]" ،

واتە خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە ئەوانەی لەسەر ئاین شەڕتان لەگەڵ ناکەن و لە شوێنی خۆتان دەرتان ناکـەن چاکە کار و دادپەروەر بن ، خوا دات پەروەرانی خۆش دەوێت ، بەڵام هەر خودی ئەو ئایەتە ، کـە یەکێکـە لـە سـورەتە مەدینەیی یەکان ( سورەی سێزدەهەم ) ، هەم نووسەر و حیزبەکەی بەدرۆ دەخاتەوە ، لەسەر ئەوەی کە ( ئاینی ئیسلام هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك بنەبرِ دەکات ) و هەم ئەو دەقە ئیسلامی یەش هیچ پەیوەنـدی یـەکی بـە کێشـەو سـتەمی

نەتەوایەتی یەوە نی یە و لە پەیوەند بەكێشەی كۆچی موسڵماناندا بۆ مەدینە نووسراوە ، نەك لە پەیوەند بەكێشەی نەتەوایەتی نەتەوەیەكی ژێر دەستەی دیاریكراودا .

هەمان ئایەتی ( هەشت ) لە سورەی ( الممتحنة ) ، كە یەكگرتوو كردوویەتە بەڵگە بۆ سەلماندنی موبالغە سیاسی یەكەی كە " گوایە هیچ بیر و فەلسەفەیەك لە مێژوودا ئەوەندەی ئیسلام دژ بە ستەم و ستەمكاری نەبووە " سنووری ئەو پیا هەڵدانە سیاسی یە دیاری دەكات و نووسەرەكەی ( یەكگرتوو ) بەدرۆ دەخاتەوە ، چونكە لەهەمان ئایەتدا ستەمكاری ئیسلامی بە سەر نەیارانی دا جەختی لەسەر كراوە و خودی ئایەتەكە ئاماژە بەوە دەكات كە لەگەڵ كەسانێكدا دادپەروەر بن كە لەسەر ئاین شەڕتان لەگەڵ ناكەن و لە شوێنی خۆتان دەرتان ناكەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوكەسانەدا داد پەروەر مەبن كە لە سەر ئاین شەڕتان لەگەڵ دەكەن و لە شوێنی خۆتان دەرتان دەكەن . ئەم ئایەتە لەبەرانبەر دەسەڵاتدارانی قورەیشی ئەو سەردەمەدا نووسراوە كە ئەوكات لە شاری مەككە ڕێگایان بە بڵاوبوونەوەی ( بیری ئیسلامی نوێ ) ی ( موحەمەد ) و موسوڵمانەكان دەگرت و لەمەككە دەریان دەكردن . بەكورتی ، ئەو ئایەتە جۆرێك لە دڵدانەوەی موسڵمانە دەركراوەكانە بۆشاری مەدینەو ئەوە كە ڕۆژێك دێت و ئەوان بەدەسەڵات دەگەن و دەگەڕێنەوە شاری مەككە ...لێرەدا ئەو پرسیارە لە سەر هەمان ئایەت سەربەرز دەكاتەوە كە ئایا ئەگەر نەتەوەیەك ، تیرەو هۆزێك بەزۆر بیرو باوەڕی ئیسلامی یان بەسەردا بسەپێنرێت ( وەك ئەوەی كە ئیسلام كردی بەرانبەر بە گەلی كورد و نەتەوە نا عەرەبەكان ) ، ئەوا ئەوان مافی بەرگری كردنیان نی یە لە بیر و باوەڕ و موقدەساتی ئاینی خۆیان ؟ هەمان ئایەت وەڵامی پرسیارەكە بە نەخێر دەداتەوە و ئەوە بە شەرعی دەزانێت بۆ موسڵمانەكان كە ئەگەر هەر نەتەوە و هۆز و تیرەیەك نە هاتنە سەر ئاینی ئێوە و لە سەر ئاین و موقدەساتی نا ئیسلامی یان پێ یان داگرت و بەرگریان لێ كرد ، ئەوا لەگەڵیاندا داد پەروەر مەبن و هەرچی یەكتان لە دەست هات لە ستەمكاری ( تەنانەت تاسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و كەلتوریشیان ) درێغی یان لێ مەكەن .

( یەكگرتوو ) بۆ چاوبەستكردنی سیاسی یانەی خەڵكی كوردستان و بۆ گەیشتن بە مەبەستە سیاسی یە گومان لێكراوەكانی ، ناچار بووە كە بڵێت ( هیچ ڕێباز و فەلسەفەیەك لە مێژوودا ئەوەندەی ئیسلام دژی ستەمكاری نەبووە لە هەموو بەرگەكانی دا ) ، بەڵام ئەوزیادەڕەوی یەی نووسەرەكەی ( یەكگرتوو ) لە مەیدانی پڕو پاگەندەی فیكری و سیاسی یەكەی دا ، پرسیارێكی دیكەی بەرەو ڕوو دەكاتەوە : ئایا ( یەكگرتوو ) چەوسانەوەی ئاینی و بەزۆر داسەپاندنی بیرو باوەڕی ئیسلامی بەسەر نەتەوە غەیرە عەرەبەكاندا ، بە شێوەیەك لە شێوەكانی ستەم و چەوسانەوە نازانێت لە سەر نەتەوە بە موسڵمان كراوەكاندا ؟ ئەگەر وەڵامی (یەكگرتوو ) بە هەمان پرسیار ( نەخێر ) ە ، ئەوا ئیتر ڕوونە كە ئەو حیزبە لە لایەك درۆ لە گەڵ خەڵكی كوردستان دەكات سەبارەت بەوەی كە ئیسلام دژ بە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەكە و بەم پێو دانگەیش دەكرێت بڵێین كە ( یەكگرتوو ) بۆ بنەبڕ كردنی هیچ جۆرە چەوسانەوەیەك لە كۆمەڵی كوردستاندا دروست نەبووە و ئەم حیزبە ئەركی دیكەی هەیە كە لە پشتی پەردەیەو ئاشكرای ناكات ، لەلایەكی تریشەوە دەبێت چەوسانەوە و ستەمە ئاینی یەكانی سەر موسڵمانان ( بۆ نموونە لەسەرموسڵمانانی یوگوسلاڤیای پێشوو ) بەكارێكی ڕەوا لە قەڵەم بدات بۆ ڕژێمی بە ناو كومونیستی پێشووتر و صربەكانی دواتر ، چونكە لە ڕوانگەی ( یەكگرتوو )ەوە دیاریدەیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی نی یە بەناوی ستەم و چەوسانەوەی ( ئاینی ) ، بەڵام ئەگەر ( یەكگرتوو ) بڕوای بە ( چەوسانەوەی ئاینی ) هەبێت ، ئەوا دەبێت ئەم ( یەكگرتووە ) ، كە ئەوەندە دژ بە ستەم و

چەوسانەوەیە لە هەموو شێوەکانی دا (!! ) ، بکەوێتە خانەی ڕەخنەگرانەوە لە ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتە یەك بە دوای یەکەکانی ئەو لەماوەی هەزار و چوار سەد ساڵی ڕابردوودا .. هەروەها ئەو مافەشی نی یە کە بڵێت " هیچ بیر و ڕێباز و فەلسەفەیەك لە مێژوودا ئەوەندەی ئیسلام دژ یە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك بووە " ، چونکە ئیمپراتۆریەت و دەسەڵاتە ئیسلامی یەکان بە ناوی بڵاو کردنەوەی پەیامی ئیسلامی و فتوحاتی ئیسلامی یەوە گەورەترین ستەم و زوڵمی ئایینی یان بەرانبەر بە نەتەوە غەیر عەرەبەکان لە مێژوو دا ئەنجام داوە و بگرە ئەو ستەمە لە زۆر لایەندا پەلی هاویشتووە بۆ سڕینەوەی کەلتور و شارستانیەتی ئەو نەتەوانەش .

نووسەرەکەی ( یەکگرتوو ) هەموو ئەو ڕاستی یە تاریکانەش لەمێژووی خوێناوی ئسلامدا دەبینێت و دەزانێت ، بەڵام نووسەر و حیزبەکەی بۆ خۆ دەرباز کردن لەو هاوکێشە ناکۆك و ئاڵۆز و تێکچرژاوە مێژوویی ، فیکری و سیاسی یەی کە لە گەڵی بەرەو ڕوو بوونەتەوە ، ناتوانن و ناوێرن دان بەو ڕاستی یانەدا بنێن کە مێژووی سەر هەڵدانی ئیسلام مێژووی ستەمکاری یە بەرانبەر بە ( ئاین ) و ( نەتەوەکان ) و نیوەی کۆمەڵ ( ژنان ) یش . لە بەر ئەوە ، نووسەرەکەی ( یەکگرتوو ) دەیەوێت پاکانەی سپی بۆ مێژووی ڕەشی ستەمکاری دەسەڵاتی سیاسی ئیسلام بهێنێتەوە ، تا لەم ڕێگایەوە حیزبەکەیی و جیهانبینی یەکەی بە دژی ستەم لە قەڵەم بدات و پێمان بڵێت کە :... یەکگرتوو هەموو ( فیکر و ڕێباز و دەسەڵاتێك ڕەت دەکاتەوە کە لە سەر بناغەی ڕێز دانانی نەتەوەیەك بە سەر نەتەوەیەکی تردا ، یاخود ڕەگەز پەرستی و ستەم کردن لە کەسانی تر نکوڵی کردن لە مافە ڕەواکانیان لەسەر بنچینەی ئینتمای نەتەوەیی یانەوە ، داڕێژرابێت[5] ) . بەڕاستی ئەگەر ( یەکگرتوو ) ئەوەندە پێ داگر و سوورە لە سەر دژایەتی کردنی چەوسانەوە و ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەز پەرستی و نکوڵی لە مافەکانی هیچ نەتەوە و ئاینێك ناکات ، دیسان بەڕاستی ئەگەر ئەو حیزبە ئەوەندە وەفادارە بەو بەڵینەی کە لەپێشەوە هێنامەوە ، ئەوا یەکەمین کارێك کە کە لەو لایەنەدا پێویستە ئەنجامی بدات ، ئەوەیە کە دەبێت جیهانبینی ئیسلامی یەکەی خۆی ڕەت بکاتەوە و پوچەڵ بوونەوەی ئایدۆلۆژی یەکەی بێ هیچ ترس و گومانێك لە بەردەمی خەڵکی کوردستاندا ڕابگەیەنێت ، چونکە ئیسلام وەکو ڕێبازێکی فیکری - سیاسی خۆی درێژە پێدەرو شەرعیەت پێ دەری چەوسانەوەی نەتەوەیی ، ڕەگەزی ، ئاییني و چینایەتی یە لە کۆمەڵگەو مێژوودا ، بەڵام وەك لە چەند شوێنێکی تردا ئاماژەم بۆ کرد ، یەکگرتووەکەی کاك ( ئەبوبەکر ) نە دژی ستەم و چەوسانەوەیە لەسەر نەتەوەی کورد و نە وەفاداریشە بەو پەیمانە سیاسی یەی کە بەخەڵکی کوردستانی دەدات ، ئەمەش خۆی بەو مانایەیەکە ( یەکگرتوو ) بۆ ئەوە دروست نەبووە کەوەڵام بە بێ مافی یەکان و کێشەی کورد بداتەوە و پەیمانەکەشی تەنها موزایەدەیەکی سیاسی یە بەسەر حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا .بە کورتی بڵێم ، ئەو پەیمانەی ( یەکگرتوو ) تەنها بۆ چەواشەکردنی سیاسی یانەی خەڵکی کوردستان و ئەندام و لایەنگرەکانی خۆیەتی و نەك شتێکی لەوە زیاتر ، چونکە ئەو حیزبە نەك تەنها ناتوانێت پەیمانەکەی بخاتە خانەی پراکتیکی یەوە ، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەم حیزبە قەید و بەندی فیکری بۆ چارەسەری کێشەی کورد دادەنێت و ڕزگاری ئەم نەتەوە ژێر دەستەیە دەخاتەگرەوی قەیدو بەندی ئیسلامی خۆیەوە . ئەوەی کە ووتم تۆمەت هەڵبەستن و سوکایەتی کردنی سیاسی نی یە بەم حیزبە ، بەڵکو ڕاستی یەکی بابەتی یەو کاك ئەبوبەکریش بێ هیچ تەم و مژێك لە نامیلکەکەی دا ڕای گەیاندووە . کەواتە با زیاتر لەگەڵ نووسەردا بڕۆین و لاپەڕەکانی نامیلکەکەی زیاتر هەڵبدەینەوە تا ئەو ڕاستی لە زمانی خۆیەوە ببیستین . نووسەر لە شوێنێکی دیکەی نامیلکەکەی دا ئەو قەیدو بەندە بەم جۆرە گەلاڵە دەکات و دەڵێت

:"یەکگرتوو لـە بـەردەم ئـەو واقعـە نەتـەوەیی و نیشـتمانی  و ئیسـلامی یەکـەی کوردسـتاندا جارێکی تـر چـەمکەکانی خوێندەوە و بەیەکی یەوە گرێی دانەوە و سـەر ئـەنجامیش لـە چـوار چێوەی پرۆژەیـەکی فیکـری و سیاسـی ئیسـلامی کوردستانی هاوچەرخ دا جۆشدان و بە جۆرێکی نەخشە بۆ کێشراو ئاڕاسـتەی بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی کـرد ... بۆیـە ( یەکگرتوو )  زۆر بەسادەیی خۆی ئاوا پێناس دەکات کە حیزبێکی ئیسلامی یە و تێدەکۆشێت لە پێناو چارەسەر کردنی سەرجەم کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەکان ، لە دیدێکی ئیسلامی یەوە6 ".

یەکگرتوو ، سەرەڕای بانگەشەکردن و فریودان و چەواشەکاری یەکانی لە بەردەم خـەڵکی کوردسـتاندا بـەوەی کـە گوایـە حیزبێکـی  (نەتـەوەیی نیشـتمانی ) یـە ، هەرچـەند کـە ئـەم هەوڵـە چەواشـەکارانەیەش لـە نـاوەڕۆکی خـۆی دا نیشاندەری گومانێکە لە ( نەتەوەیی و نیشتمانی ) بوونی ئەم حیزبەو کادرەکانی ، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا ئـەوە خـۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ( یەکگرتوو ) ، وەك حیزبێکی سیاسی زۆر بە سادەیی خۆی ئاوا دەناسێنێت کە ( کێشەی کورد تەنها لە دیدگای ئیسلامی یەوە چارەسەر دەکات و هـەر چارەسـەرێکیش لـە چوارچـێوەی دیـدی ئیسـلامی ئـەودا نەبێت ، ئەو دژی دەوەستێتەوە ...) ئەوەش خۆی بەو مانایەیەکە ( یەکگرتوو ) دەیەوێت کێشەی کورد لە تەپ و تۆزی ئیسلامی و ئاینی دا بخنکێنێت و سروشتێکی ئاینی و ئیسـلامی بـە کێشـەکە بـدات ، بـەڵام کـاك ئەبوبـەکر و حیزبەکـەی پێویستە لەوە تێ بگەن کە کێشەی کورد نە ئـاینی یـەو نـە ئیسـلامی یـە و نـە چارەسەرەکەشـی هـیچ قەیـدو بەنـدێکی ئیسلامی و پان ئیسلامیستی بەسەر خۆی دا قبووڵ دەکات .. بەو پێودانگەیش دەکرێت کە زۆر بـە ڕاشـکاوانە بڵـێم کـە حیزبە ئیسلامی یەکان ( لەوانەش یەککرتوو ) ئیزافەیەکی چەندایەتی و چلۆنایەتی زەرەرمەندن بۆ خودی کێشەی گەلی کوردو چارەسەرە سیاسی یەکانی ئەوکێشەیە .

## *سروشتي كێشةي كورد نة " ئايني " و " نةئيسلامي " ية !*

نووسەر هەموو هێز و توانای سیاسی و ئەدەبی خۆی بەگەڕ خستووە تا لە نووسراوەکەی دا کێشەی کورد بخاتـە ناو گێژاوی ( مقدساتی ئاینی ) و ئیسلامی یەوەو ، لەم ڕێگایەوە دەیەوێت بە خوێنـەر بڵێـت کـە کێشـەکە نـاوەڕۆکێکی عەقایدی و ئایـدیۆلۆژی هەیـە و بـەم هۆیشـەوە ( یـەکگرتوو ) پێویسـتی یـەکی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی یـە بـۆ کۆمـەڵی کوردستان .کاك ئەبوبەکر لەو بارەیەوە دەڵێت :" ئیسلام وەکو مرۆڤ ڕێز لە مرۆڤ دەگرێت ( لقد کرمنا بنی آدم )هەمووش دەزانین کە چۆن ساڵەهای ساڵە بە پێچەوانەی ئەم سەرەتا قورئانی یە مەزنەوە سـتەم لـەمرۆڤی کـورد و شناسـنامەو ( مقدسـات ) ی دەکرێـت ... ئێمـەیش وەك نەتـەوەی کـورد و کـورد بوونمـان ناسـنامەی نەتەوایەتیمانـە و بەشـێوەیەکی گشتیش موسڵمان بوونمان ناسنەمەی ( عەقایدی ) مانە7".

ڕەنگە ئەو قسانەی کاك ئەبوبەکر لە بازاڕی سیاسەتی سەرمایەدارە خلیجی یەکان و بە ناو  ڕێکخراوە فریاگوزاری یە ئیسلامی یەکاندا پڕ جانتایەك دۆلاری بۆ بکات ، بـەڵام لـە کوردسـتاندا کـەس بـە پـولێکی قـەڵب نایـان کڕێـت ، چـونکە هەمووجمان دەزانین کە نەتەوەی کوردبەتاوانی ئەوەکە هەڵگری بیرو باوەڕ و مقدەساتی ئیسلامی یە لەلایەن داگیرکەرانەوە ستەمی نەتەوایەتی بەسەردا نەسەپێندراوە و کۆمـەڵ کـوژ نـەکراوە ، تەنانـەت زۆر جـاریش لەلایـەن دەوڵەتـە شـوڤێنی یەکانەوە ( بەهۆی ئەوەکە نەتەوەیەکی موسڵمان بووە ) لە کۆمەڵ کوژی دا خاتری گیراوە ، یاخود بۆ سەرکوتی ڕاپەڕین

و جووڵانەوەکانی کەڵکیان لە لەو لایەنە ئاینی یانەی وەرگرتووە. هیچ کەسێك لە کوردستاندا لەبەرئەوەی کە ( موسڵمان ) بووە ڕاپێچی زیندان ، ئەشکەنجەخانەکان بەردەمی پەتی سێدارەکان نەکراوە ... یان بەهۆی ئەوەکە هەڵگری بیرو باوەڕی ئاینی ( مەسیحی ، یەزیدی و...) بووە نوقمی خوێن ئاگرو ئاسن و خاك و خۆڵ نەکراوە . کەواتە کێشەکە، کێشەی ( عەقایدو مقدەسات ) نی یە ، بەڵکو داگیر کردن و ئیبادەکردنی بە کۆمەڵی نەتەوەی کورد هۆکاری دیکەی هەیە و لە بنچینەوە سروشتی کێشەکە شتکی دیکەیە ، بەلاَم نووسەر دەیەوێت بەزۆر کلاوی عیسا بکاتە سەر موسا و پێمان بڵێت کە ئێمە کێشەیەکی ئاینی و عەقایدیمان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەیە و دەبێت برا موسڵمانەکانمان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی دا بە ئاگا بهێنینەوە کە ئێمە نەتەوەیەکی موسڵمانین و دروشمە ئاینی و عیلمانی یەکانیش لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەڵگە نین بۆ هەڵگەڕانەوەی ئەم نەتەوەیە لە ئاینی ئیسلام . ئەو ڕاستی یە دەتوانن لەم پەرەگرافەی نووسینەکەی کاك ئەبوبەکرەوە ببیستن :" تەنانەت لە هەندێك برگەی مێژوویی دا هەوڵ دراوە یاری بە هەستی ئاینی گەلانی موسڵمان بکرێت و خوێنڕێژانی کورد بێ ئاگایی یان لە کێشەکە و دواکەوتوویی فیکری و سیاسی یان بقۆزنەوە و لە بەر چاویان کورد بە گەلێکی هەڵگەڕاوەبخەنە ڕوو! ! بۆ ئەمەش هەندێ دروشم و شیعاری مارکسیزمانەی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیان لە دوای نیوەی سەدەی بیستەمەوە کردووەتە بەڵگەی دەستیان8 ".

بەکوردی و بەکورتی ، نوسەرەکەی یەکگرتوو دەیەوێت پێمان بڵێت کە :

یەکەم : برا موسڵمانەکانی ( یەکگرتوو ) لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی دا بێ ئاگا بوون لە کێشەی کورد .

دووەم : بەهۆی ئەوەوە پشتیوانیان لە نەتەوەی کورد نەکراوە لەلایەن برا موسڵمانەکانی ( یەکگرتوو ) ەوە ، چونکە هەندێك دەستەو تاقمی سیاسی تاوانبار لە ناو بزووتنەوەی کوردا هەبوون کە بە بەرز کردنەوەی دروشمی مارکسی یانە بەڵگەی مرتەد بوون و ( کافر ) بوونی نەتەوەی کوردیان داوەتە دەستیان .

نووسەروکەی ( یەکگرتوو ) بۆیە ئەوە دەڵێت کە لە لایەك پاساو بۆ بێ هەڵوێستی برا عەرەبە موسڵمانەکانی بهێنێتەوە لە بەرانبەر کێشەی کورددا و لە لایەکی تریشەوە دەیەوێت بە براکانی بڵێت کە کێشەی کورد کێشەیەکی ئیسلامی یە ( ؟! ) و بوونی دروشم و شیعارە مارکسی یەکانی ناو میلەتی کورد نابێت لە کۆمەك کردن بە حیزبەکەی نووسەر ساردتان بکاتەوە .

با بۆ ساتێك ناوەرۆکی بابەتی کێشەی کورد بەجێ بهێڵین و ئێستا بچینە سەر ئەو پاکانە بێ شەرمانەیەی کە نووسەر دەیکات بۆ وولاتە ئیسلامی یەکانی دۆستی ( یەکگرتوو ) . با لەو ڕووەوە چەند پرسیاری مەنتقی ئاراستەی نووسەر بکەین تا بلقی بێ هەڵوێستی وولاتە ئیسلامی یەکان و برا موسڵمانەکانی بەسەر ڕووباری نیل و دەریای عومان و کەنداوەوە بتەقێنێت . گریمان ئەو پاساوەی نووسەر بۆ بێ هەڵوێستی موسڵمانەکان لە بەرانبەر کوشت و کوشتاری بە کۆمەڵی گەلی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە ڕاستە و ئەوان بەهۆی بوونی دورشمە مارکسی یەکانەوە پشتیوانیان لە کێشەی کورد نەکردووە ( ؟! ) ، بەڵام ئەی هەلوێستی برا موسڵمانەکانی ( یەکگرتوو ) لە دنیای عەرەبی و غەیرە عەرەبی دا بەرانبەر کێشەی کورد و پەیمانی لۆزان چی بوو ؟ هەڵوێستیان بەرانبەر جووڵانەوە سیاسی یە دژی کۆلۆنیالی یەکەی شێخ مەحمود چی بوو ، لە حاڵێکدا کە دیدو بۆ چوون و شێوەی ئاینی و ئیسلامی بە سەریدا زاڵ بوو ؟ بەرانبەر بە بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران چی بوو کە ئەویش هەمان ناوەرۆکی ئاینی هەبوو ؟ بەرانبەر بە جووڵانەوەکەی قەدەم خێر چی بوو کە لە دوایی دا بوو بە تەڵەی قورئانەکەی ڕەزا شای گۆڕ بەگۆڕەوە ؟ بەرانبەر بە

کۆماره ڕووخاوەکەی قازی و جوڵانەوە عەشایری یەکەی مەلا مستەفا چی بوو ؟ هەڵوێستی " ئیخوان المسلمین " لە میسر و هەموو دنیادا بەرانبەر بەکیمیا باران کردنی هەڵبجە چی بوو ؟ ئینجا ئەگەر ( ئومەت ) ێك ، کە ( یەکگرتوو ) شانازی پێوە دەکات و پاکانەی سیاسی بۆ بێ هەڵوێستیان دەکات ئەوەندە بێ ئاگاو خەوتوو بێت و ئەو هەموو کارەسات و جووڵانەوە بومەلەرزە ئاسایەی میللەتی کورد بە ئاگای نەهێنێت و بە بەهانەی بوونی چەند ڕەوتێکی مارکسی و عیلمانی یەوە لەناو جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا چاو لەو هەموو کارەسات و جووڵانەوە خوێناوی یانەی گەلی کورد بپۆشێت ، داخۆ ئەوە چۆن ( ئومەت ) ێکەو کوردی ژێر دەستە دڵی چی پێ خۆش بکات ؟ دەبێت چاوەڕوانی چ پشتگیری و کۆمەکێك لەو ئومەتە خەوتوو و بێ هۆشە بکات ؟ سەیرە ! لەبەر خاتری بەرژەوەندی تەسکی مادی حیزبی ،چ پاساوێك بۆ بێ هەڵوێستی ئەو ئومەتە گەمژەیە دەهێنرێتەوە و حاشا لە ڕاستی یەکان دەکرێت ؟... کەوایە با ئەو ( ئومەت ) ە ئیسلامی بێ هۆش و خەولێکەوتووە بەجێ بهێڵین بۆ ( یەکگرتووی ئیسلامی ) و نووسەرەکەی و بگەڕینەوە سەر سکەی ئەسڵی باسەکەمان لە بارەی ناوەرۆکی سیاسی و بابەتی کێشەی کورد .

لە پێشەوە وتم کەکێشەی کورد نەئاینی یەو نە ئیسلامی یە ، بەڵام ئەوە ( یەکگرتوو ) ە کە دەیەوێت سەر لە جەماوەر تێك بدات و بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ شەرعی بوونی حیزبە ئیسلامی یەکان دەست دەبات بۆ شێواندنی ناوەرۆکی بابەتی کێشەی کورد وبەرگێکی ئاینی بە بەردا دەکات . بێگومان ئەگەر ئێمە سیازدە سەدە و نیو بەر لە ئێستا ، واتە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئیسلامی دا بژیاینایە و بۆ بەرگری کردن لە ئاینی زەردەشتی کوردان لە خوێن و خۆڵ هەڵبکێشرابنایە بە دەستی هەمان ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ، ئەوا ئەوکات کاك ( ئەبوبەکر ) هەقی بوو بڵێت کیشەی کورد ناوەرۆکێکی ئاینی هەیەو کێشەی (مقدسات )ە ، بەڵام ئەو کێشەیە زیاتر لە سیازدە سەدەیە کۆتایی پێ هاتووە و بیرو باوەڕی ئیسلامی بەزۆر کراوەتە بیرو باوەڕی میللەتی کورد و شەڕی ( ئاین و مقدسات ) ، بە قازانجی جێگیر بوونی فکری ئیسلامی لە ناو نەتەوەی کورددا کۆتایی پێ هاتووە . لە بەرئەوە ، دەبێت لەڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتی کێشەو ستەمەکەدا ،مرۆڤ بگەڕێت بۆ هۆکاری تر ، کە بەبڕوای من ئەو هۆکارانەش ، هۆکاری ئابوری و سیاسین .. بەم واتایە کەبزوێنەری سەرەکی درێژە کێشانی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر میللەتی کورد، خودی بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسی یەکانی ئیمپریالیزم و دەوڵەتەشۆڤێنی یەوابەستەکانیانە لە عیراق و ناوچەکەدا ، ئەو بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسی یەی کەخۆی لە دەست گرتن بەسەر بازاڕەکانی کار و کاڵا و سەرچاوە سروشتی یەکانی کوردستاندا دەبینێتەوە . کورد سوتەمەنی ئەو بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسی یەی ئیمپریالیزم و حکومەتە نۆکەرەکانی یەتی لە ناوچەکەدا ، نەك سوتەمەنی ( مقدساتی ئاینی ) و ئیسلامی یەکەی .

لەبەرئەوە، کێشەی کورد ، کێشەیەکی ئابوری و سیاسی یە کێشەیەکی ئاینی و ئیسلامی نی یە ، خودی کێشەکەو چارەسەر کردنەکەشی هیچ پەیوەندی یەکی بە ئاین و ئیسلامەوە نی یە و کێشەکە لەسەر دەستی ئەحزابی ئیسلامی دا نەك هەر چارەسەر ناکرێت ، بەڵکو بەهۆی بوونی حیزبە ئیسلامی یەکانەوە کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت .بەو هۆیەوە پیشنیاری من بۆ کاك ( ئەبوبەکر ) وحیزبەکەی ئەوەیەکە خۆی ساغ بکاتەوە و لە سەرێکەوەنەڵێت ( من کوردم ) و لە سەرێکی تریشەوەبڵێت( ئیسلام ) م لەم ڕێگایەوە ئەرکی سیاسی و ستراتیژی خۆی تێکەڵ بەکێشەی کورد ناکات باشترە .

## *ئەو ئەڵتەرناتیڤەی کە " یەکگرتوو " بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێشنیاری دەکات چی یە؟*

لە چەند شوێنی ئەم نوسراوەیەدا ووتم کە ( یەکگرتوو ) نە بۆ وەڵامدانەوە بە چارەسەری کێشەی کورد دروست بووەو نە بۆ خزمەتکردن بە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای کوردستان پێ ی خستووەتە مەیدانی ململانێ ی سیاسی یەوە ، بەڵکو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دروست بووە کە لە پرۆسێسی چالاکی ، سیاسی و فیکری یەکانی خۆی دا کێشەکە ئاڵۆز تر دەکات ، بەڵام نووسەرەکەی یەکگرتوو بەجۆرێك پێ لە سەر ناسنامەی نەتەوایەتی دا دەگرێت و دەی ( کورد ) ێنێت ، کە ئەگەر خوێنەری زۆر هوشیار نەبێت رەنگە لە ناو گێژەڵوکەی ( کوردایەتی - ئیسلامیەت ) ی ئەم حیزبەدا رێگای ئەسڵی لێ وون ببێت و بەرەو حیجاز و مەنزڵگەی سیاسەتی " اخوان المسلیمن " ی " حسن البنأ " ملی رێگا بگرێت و بکەوێتە داوی سیاسەتی فریودەرانەی " اخوان المسلمین "ی یەکگرتووی ئیسلامی کورستانەوە . منیش بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە خوێنەری کورد لە تەپ و تۆزو گێژەڵوکەی کوردایەتی - ئیسلامی یەتەکەی یەکگرتوو دەربهێنم و بیخەمە سەر رێگای راستەقینەی ئەو تێروانین و بۆچوونەی خۆم کە پێم وایە ئەم حیزبە ئیزافەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی زیانبەخشە لە کۆمەڵگای کوردستاندا . بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ قسەکانی کاك ئەبوبەکر و کێشەی کورد لە " ستراتیژی یەکگرتوو " دا دەرۆم تا دەمامکی کورد بوون لە رووی راستەقینەی ئەم حیزبە هەڵبماڵم .

کاك ئەبو بەکرو حیزبەکەی ، بۆ ئەوەی کە بێ ئەڵتەرناتیڤی خۆیان لە بەرانبەر کێشەی کوردا لە چاوی خوێنەر وون بکەن و بوونی ئەحزابی ئیسلامی لە کوردستاندا بکەنە پێویستی یەکی نەتەوەیی و ئیسلامی ، دەستیان کردووە بە موزایەدەیەکی دیکە بە سەر حیزبەکوردی یەکاندا و پێیان وایە کە کێشەی کورد ، تەنها مافی دیاری کردنی چارەنووس و " پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی " یە ( !! ) ، بەڵام لە روانگەی " یەکگرتوو " ە وە هەڵگرتنی ئەو بەردە لە ئێستادا گەورەیە ، واتە بەرز کردنەوەی شیعاری " دەوڵەتی سەر بەخۆی کوردی - ئیسلامی " ،خۆی نیشانەی نەهاویشتنی ئەو بەردەیە و بەم پێودانگەیش " یەکگرتوو " نایەوێت دروشم بازی بکات لە گۆرپانی سیاسی دا و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە لە ئەنجامدا خەڵکی کوردستان ئاگاداری باری سەرنجی " یەکگرتوو " نەبن دەربارەی کێشەو قەیرانەکان بەگشتی و بە تایبەتیش کێشەی کورد و چارەسەرەدوور و نزیکەکانی ئەم حیزبە لە بەرانبەری دا . لەم بارەیەوە کاك ئەبوبەکر دەڵێت : " خۆ دورگرتنی ( یەکگرتوو ) لە دروشمبازی و موزایەدەی سیاسی و رەچاوکردنی هەلومەرجی ناسکی کوردستان و واقعی ململانێ و ناکۆکی هێزەکانی ، کە هەندێك جار سەری کێشاوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بە گوێرەی پێویست ئاگاداری باری سەرنجی ( یەکگرتوو ) نەبن دەربارەی کێشەو قەیران و رووداوە جۆربە جۆرەکان 9 ".

بەڵێ ..( یەکگرتوو ) نایەوێت موزایەدەیەکی سیاسی بکات و یاری بە دروشمەکان بکات و رەچاوی بارو دۆخی ناسکی کوردستانی ئەمرۆ نەکات ، ئەگینا پێکهێنانی " دەوڵەتی سەربەخۆ " بۆ خەڵکی کوردستان بە بەشێك لە ستراتیژی خۆی دەزانێت و ئەوە بەپێچەوانەی خواستی ( ئومەت ) ی ئیسلامی یەکەیی و پرەنسیپە ئیسلامی یەکان نابینێتەوە و سنوورەکانی ئێستا بە مقدس نازانێت. نووسەر لەو بارەیەوە دەڵێت :" هەروەها ( یەکگرتوو ) لە رووی مەبدەئییەوە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ گەلی کوردمان و لە سەر خاکی کوردستان بە رەوا دەبینێت و ئەم سنوورانەی ئێستا بە مقدەس و قەدەری خوایی نازانێت و دەستکاری کردنیشیان گوناهی نی یە10 ".

بەلاّم ( یەکگرتوو ) لە ڕووی مەبدەئی یەوە دەکەوێتە سەر دووریَ یانێك لـە چارەسـەرکردنی بناغـەیی کێشـەکەدا و گومانی خۆی لە ( گوناھ ) بوونی دەستکاری کردنی سنوورەکانی ئێستای کوردستان بەمجۆرە دەر دەبڕێت :

" وە ئەگەر قسە لە ئومەتی ئیسلامی و پارچە پارچە نەکردنی یەتی ئەوا ئێمە بە خۆمان و خاکمانەوە هیچ لاری یەکمان لەوە نی یە و پارچەیەکین لە نەتەوەی ئیسلامی و پەیوەندی برایەتی ئیسلامیمان هەیەو هیچ لە موڵکی ئومەت و خەڵکی ئومەت ناگۆڕێت ئەگەر ئێمە کیانێك یان شێوە کیانێکمان هەبێت 11" .

( یەکگرتوو ) وێڕای ئەوە کەلە بەردەمی ئومەتـە ئیسـلامی یەکـەی دا سـوێند بـەوە دەخـوات کـە ( پارچـەیەکە لـە نەتەوەی ئیسلامی ) و هیچ لاری یەکی لەوە نی یە ، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی دڵی ئومەتەکەی لیَ نە ڕەنجێت ، ئەوا ئەو دێت ( ئومەت ) ەکەی دەکاتە سەر پشك بۆ چارەسەری کێشەکە لە دووریَ یانی سـەربە خـۆیی و نیمچـە سـەر بەخۆیی دا ، کە لەژێر بیروڕای سیاسی گشتی کوردستاندا ، (یەکگرتوو ) ناچار بووە ڕێگای دووەمیان ، واتە فیـدرالیزم لە قسەدا قبووڵ بکات و دان بە( فیدرالیزم ) دا بنێت وەك چارەیەك بۆ کێشەی کورد :" کێشەی گەلی کورد وەك کێشەی خاك و خەڵك سەیر دەکەین و سیستەمی فیدراڵیەت بە گونجاو دەزانین بۆ چارەسەری کێشەکە12 " .

( یەکگرتوو ) لە ژێر گوشاری ڕای گشتی و حیزبەکانی لایەنگری ( فیدراڵیەت ) دا و بۆ ئەوەی کە جیَ پـیَ یـەك بـۆ خۆی بکاتەوە لە ناوەندی سیاسی کورددا ، ناچار بووە کە زاراوەی ( فیدراڵی ) وەك زاراوەیـەك لـە فەرهـەنگی سیاسـی خۆیدا بگونجێنێت ، بەلاّم دیسان بۆ دڵنیا کردنی ئومەتەکـەی ، ئـەو دەگەڕێتـەوە بـۆ دواوە و بـە دڵنیـایی یـەوە پـیَ ی دەڵێت کە ئـەو ( فیدراڵیـەت ) ەی ئـەو دەیخوازێـت ، هـەمان سیسـتەمی ویلایەتـەکانی دەوڵەتـە ئیسـلامی یـە : " ئـەم پاساوانە نیازی سیاسی خراپ و تێگەشتن لـە گیـان و تەنانـەت مێـژووی ئیسلامیشـی لـە دواوەیـە چونکە لـە ڕاسـتی دا سیسـتەمی ویلایەتـەکان یـاخود هەرێمـەکان سیسـتەمی پـەیرو کـراوی دەوڵـەتی ئیسـلامی بـووە ، ڕۆژێکـیش ئەمـە بـە پێچەوانەی یەکێتی وولاّت و نەتەوەی ئیسلامی یەوەنەبووە " 13.

لە پێشەوە بینمان کە ( یەکگرتوو ) چۆن دەستکاری کردنی سنوورەکانی بەگوناھ نەدەزانی (؟!) و ئێستاش چۆن ( سیستەمی ویلایەتەکان ) بە پەیڕەوکراوی دەوڵـەتی ئیسـلامی لـە قەڵـەم دەدات و سیسـتـەمی ویلایەتـەکانی ئیسـلام بـە پێچەوانەی ( یەکێتی وولاّت و نەتەوە ئیسلامی ) یەکەی نازانێت ...ئەگەر سیستەمی ویلایەتەکان ڕۆژێـك بـە پێچـەوانەی کارکردی سیاسی دەوڵەتی ئیسلامی نەبووە ، بەلاّم ئەمڕۆ پێکهێنانی ( دەوڵەتی سەر بەخۆ ) بـە پێچـەوانەی " یـەکێتی وولاّت و نەتەوەی ئیسلامی " یە . کەواتە لە ڕوانگەی ( یەکگرتووە ) پێکهێنانی ( دەوڵەتی سەر بـەخۆ ) لەسـەر خـاکی کوردستاندا بە بێچەوانەی " یـەکێتی وولاّت و نەتـەوەی ئیسـلامی " یەکەیـەتی و باشـترین ڕێگـایش بـۆ کـەرت و پـەرت نەکردنی ئەو یەکێتی خاك و ئۆمەتە ئیسلامی یەی ( یـەکگرتوو ) هـەمان سیسـتەمی ویلایـەتی ئیسـلامی یەکانـە !! و کێشەی کوردیش لەو ڕێگایەوە چارەسەری دەکرێت !! .. کاك ئەبوبـەکر و حیزبەکـەی بیریـان چـووە کـە دەکرێـت بـۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاری کراو بەر بە ئاڵوگۆڕە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسـی یـەکان بگریـت ، بـەلاّم ناکرێـت مێـژوو بگێڕێتەوە بۆ دواوە . خەونەکان دەگێڕدرێنەوە ، بەلاّم دووبارە نابنەوە ، یان وەك مارکس دەڵێت : هەموو ڕووداوەکـان و کەسایەتی یە گەورەکان لە مێـژووی جیهـانی دا دووجـار دەردەکەونـەوە : جـاری یەکـەم بەشـێوەی تراژیـدیاو جـاری دووەمیش بەشێوەی کۆمیدیا 14" .

سیســتەمی ولایەتــەکان و دەســەڵاتی والــی یــە ئیســلامی یــەکان چــەندجار لــە مێــژوودا بــە شــێوەی تراژیــدیا دەرکەوتوونەتەوە و سیستەمی والی یەکانی ئیسلام لە دواجـاردا ، کـە خـۆی لـە ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و خەلافـەتی عوسمانی دا بینیەوە ، ئەو شـێوە کۆمیـدی یـە کـە ( یـەکگرتوو ) وەك نموونەیـەکی مێـژوویی دەیخاتـە بـەر دەممـان . سیستەمی ویلایەتەکان و دەسەڵاتی والی یە ئیسلامی یەکان دەرهاویشتەی قۆناغێکی ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسـی و مێژوویی دیاریکراون کە ئەو قۆناغە و پێکهاتە ئابوری ، کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکەی ( بە سیستەمی ویلایەتەکانیشەوە ) ، هیچ گونجان و لێك چوون و تەبایی یەکیان لەگەڵ ئەم قۆناغە ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و مێژوویی یەدا نی یە کە زاراوەو چەمکی ( فیدرالیزم )ی وەك سیستمێك هێناوەتەوە ناو ژیان و فەرهەنگی سیاسی خەڵکی ئەم سەردەمەوە.

سیستەمی ( فیدرالیزم )دەرهاویشتەی کۆمەڵی سەرمایەداری یەو ئەم سیستەمە ڕاستـەوخۆ دژی سیسـتەمی والـی و ویلایەتەکانە ، چونکە ژێرخانی ئابووری یەك کە ئەم دووسیستەمە سیاسی و سەر خانە سیاسی یـەی لەسـەر بینـاکراوە لەڕووی مێژوویی و بابەتی یەوە ناکۆك و دژ بە یەکترن . ڕژێمی سەرمایەداری ، وەك فۆرماسـیۆنێکی ئـابوری سیاسـی و کۆمەڵایەتی ،بە بەراورد کردن لەگـەڵ کۆمـەڵی دەرەبەگایـەتی و نیمچـە کۆیلـەداری دا ، وەك فۆرماسـیۆنێکی ئـابوری و کۆمەڵایەتی ، یان وەك شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ، کە سیسـتەمی والـی یـەکان و ویلایەتـەکان ، نموونەیـەکی ئـەو شێوە بەرهەمهێنانە بووە لەمێژوودا ، ڕژێمێکی پێشکەوتوانەترە و بەم هۆیەشەوە جیاوازی یان ئاسمان و ڕێسمانە .

سیستەمی فیدراڵی ، ئیدارەیەکی سیاسی شێوە سەر بەخۆیە لە چوارچێوەی وولاتێکی فرە نەتـەوەیی دا ، شـێوەیەکی گونجـاو و دڵخوازانـەی نەتـەوە جیـا جیاکـانی ئـەو وولاتانەیـە لـە پێکـەوە ژیـانی ئـابوری و سیاسـی دا کـە ئـەو جـۆرە سیستەمەیان بۆ بەڕێوە بردنی وولات هەڵبژاردووە. ماوەتەوە بڵێین کـە ئەگـەر سیسـتەمی فیـدراڵی لەلایـەك چـارەیەکی زیرەکانەی سەرمایەداری بێت بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ئابوری و کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە ، ئەوا لەلایەکی دیکەوە بەر ئەنجامی خەباتی سیاسی و مەدەنیانەی نەتەوە ژێر دەستەکان بووە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی دەوڵەتی مرکزی لە وولاتانی فرە نەتەوەیی دا .. بەکورتی  دەکرێت بگوترێـت کـە ( سیسـتەمی فیـدرالیزم ) ، سیسـتەمێکی یـەکگرتووی دڵخوازانەی نەتەوە جۆراو جۆرەکانە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسی دیاریکراودا بۆ بەهرەمەند بوونی یەکسان لە مافی هاو وولاتی بوون و هاو نیشتمانی بوون و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی ، یاخود ڕەگەزی و ئاینی ... ئەگـەر سیستەمی فیدراڵی ئەمە بێت ، ئاخۆ دەبێت سیستەمی ( ویلایەتەکان )ی ( یەکگرتوو ) چی بێت کە دەیشوبهێنێت بـە ( فیدرالیزم ) و سیستەمی فیدراڵی دنیای هاوچەرخ ؟ ئایا سیستەمی ویلایەتەکان کـە ( یـەکگرتوو ) لـە بـەر چـاوی کـاڵی ئۆمەتی ئیسلامی یەکەی دەیکاتە ئاڵتەرناتیڤی چارەسەری کێشەی کورد ، لە دنیای هاوچەرخدا  چارەیەکی سیاسـی و عەمەلی یە لە بارو دۆخی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا ؟

یەکگرتوو ، سەرەڕای هەموو پڕوپاگەندەیەکی دەربارەی بڕوا بوونی مەبدەئی یانەبە ( سەر بەخۆیی کوردسـتان ) و ئەوەکە حیزبێکی ( ئیسـلامی مـۆدێڕن ! ! )ە و دەتوانێـت خـۆی لەگـەڵ ژیـانی هاوچـەرخدا ڕێـك بخاتـەوە و تەنانـەت ( کۆمەڵگای مەدەنی )شی پێ قبوڵە (؟!) ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، ئەم حیزبە نەیتوانیوە و ناتوانێت کە لە خـەونی قـوڵی دەسەڵاتی ئیستبدادانەی والی یەکان و ئیمپراتۆریـەتی بەسـەر چـووی ئیسـلامی دەربچێت و دابڕانێکـی سیاسـی لەگـەڵ ڕابردوو و مێژووی بەسەر چووی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و خەلیفە ئیسلامی یە زۆردارەکاندا بکات . لـە بـەر ئـەوە، ئـەم

حیزبە تەنها خوازیاری زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆری یەتێکی ئیسلامی یە و دەیەوێت کێشەی کوردیش بخاتە چوارچێوەی ئەو ئیمپرتۆریەتە خەیاڵی یەوە و خاکی کوردستانیش بکاتە بەشێك لەویلایەتەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە بەسەر چووە.

یەکگرتوو ، ئازادە لەوەدا کە چی لە هەگبەکەیدا سیاسی یەکەی دا هەیە لە یەردەم خەڵکی کوردستاندا هەڵی برێژێت ، بەڵام زانستی سیاسی و زانستی کۆمەڵناسی هاوچەرخ ڕێگا بەوە نادات کە ئەم حیزبە بە خواست و ئارەزووی ( ئۆمەت )ە ئیسلامی یەکەی سیستەمی فیدراڵی یەکسان بکات بـە دامەزراندنـەوەی ویلایەتـەکانی ئیمپراتۆریـەتی بەسـەر چـووی ئیسلامی ، چونکە لە لایەك مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ دواوە و لەلایەکی تریشەوە سیستەمی ویلایەتەکانی ئیسلام لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی خەڵکی عیراق و کوردستاندا ناکۆك و نا تەبایە و ژیانی هاوچەرخی ئەم کۆمەڵگایە ، ئەو سیسـتەمە بـە سـەر چووەقبوڵ ناکات . لە سیستەمی ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسـلامیدا ( والـی ) یـەکان بـە خواسـت و نزیکایـەتی لـە خەلیفەیەکەوە دەکرانە فەرمانڕەوای ویلایەتێك ، کە ئەرکی ئەو والـی یانـە تـەنها خزمـەتکردن بـوو بـە بـە بەرژەوەنـدی خەلیفەو ئیمپراتۆریەتی ئیسـلامی . والـی یـەکان لـەژێر پـەردەی ئیسـلامی دا هـیچ مافێکیـان بـۆ خـەڵکی ناوچـەی ژێـر فەرمانڕەوایەتی یەکەیان نەدەهێشتەوە و ژیان و گوزەرانیان لە خەڵکی ژێر دەسەڵاتیان تاڵ کردبوو.. لـەژێر بـاری سـەر فترەو زەکات و باج و کارکردن و جیهـادی زۆرەملـێ دا خـەڵکانی ژێـر دەسـەڵاتی یـان دەچەوسـاندەوە. لـە سیسـتەمی ویلایەتەکانی فەرمانڕەوایەتی ئیسلامی دا ، هاو وولاتیان لە دانان و داڕشتنی یاساو بڕیارەکاندا بەتەواوی بێ بەش و بـێ ئاگا بوون و لەژێر ناو و هەمان ئالآی ئۆمەتی ئیسلامی دا مافی ئەوەیان نەبوو کە بپرسن بۆچی بەزۆر بیرو ڕامان دەگـۆڕن ؟ بۆچی دەبێت باج و سەرانە بدەینە دەسەڵاتداران و سەردارانی نەتەوەی عەرەب و تـورك ؟ هـەموو پرسـیارکردنێك لـە بارەی کێشەکانی ژیانی سەردەمی سیسـتەمی ویلایـەتـەکانی ئیسـلامدا قەدەغـە بـوون و بگـرە وروژاندنیشـیان زۆر جـار سزاکەی مەرگ بووە ...بەڵام لە سیستەمی فیدراڵیدا بارو دۆخەکە بۆ نەتەوە لێك جیاوازەکان بـەو جـۆرە نـی یـە و هـاو وولاتی یان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ، لە ڕێگای دەنگدانەوە دەسەڵاتداران و حکومەت و یاساکانی ژیان بۆ خۆیـان دیـاری دەکەن . جگە لەوەش، لە سیستمی ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی دا نەتـەوە جیاوازەکـان نـەك بـە شـێوەیەکی دڵخوازانە ، بەڵکو بەزۆری سەرە نێـزە وابەسـتە دەکـران بـە لوتکـەی ئیمپراتـۆرەوە ، بـەڵام لـە سیسـتەمی فیـدراڵی دا ڕەوشەکە بە تەواوی پێچەوانەیەو پەیوەندی نەتـەوەکان و کەمـە نەتـەوەیی یـەکانی سـەر سـەزەوی یـەکی فیـدراڵی بـە حکومەتی ناوەندی یەوە یە شـێوەیەکی دڵخوازانەیـەو هـەرکاتێك زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەو سـەر زەوی یـە فیـدراڵی یـە بڕیاریان دا جودابنەوە و بە سەر بەخۆیی بژین مافی ئەوەیان هەیە هەریەکەیان لە سنوری دیاری کراوی نەتەوەیی خۆی دا دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆی پێك بهێنێت ، بە دوور لە هەر جۆرە بەکار هێنانی توند و تیژی یەك . دیسان لە سیسـتەمی ویلایەتەکانی ئیسلامدا ، سـنور و چـوار چێوەیەك نـی یـە بـە نـاوی " وولات و نیشـتمان "وەو " وولات و نیشـتمان " هەمووی سەر زەمینی خـوا و موسـڵمانانەو موسـڵمانانیش سـنوریان نـی یـە ، بـەڵام لـە سیسـتمی فیـدراڵی دا ( وولات و نیشتمان ) سنووری دیاریکراوی خۆیان هەیەو هیچ نەتەوە و کەمە نەتەوەیـەتی یـەك مـافی ئـەوەی نـی یـە کـە سـنووری دیاریکراوی خۆی بشکێنێ و بەناو و بە هانەی موسڵمان بوونەوە سنوری نیشتمانی خەڵکانی تر پێشێل بکات و بیبەزێنێت ، کەهەموو ئەمانەش بەراورد ناکرێن لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی بە ناو ئیسلامی یەکـەی ( یـەکگرتوو ) دا . بـەم شـێوەیە دەبینین کە ( یەکگرتوو ) بە تێکەڵاو کردنی سیستەمی فیـدراڵی هـاو چـەرخ لـە گـەڵ سـیتەمی ( ویلایەتـەکان و والـی ) یەکانی ئیسلامی دا دەیەوێت بە ئاشکرا پێمان بڵێت کـە کێشـەی کـورد لـە ( سـتراتیژی یـەکگرتوو ) دا نەچارەسـەرێکی

هەیەو نە جێگاشی دەبێتەوە و نە پێکهێنانی دەوڵـەتی سـەر بـەخۆیش بـۆ گـەلی کـورد بـە ڕەوا دەزانێـت و نـە لەگـەڵ بەرژەوەندی " ئومەت " ە ئیسلامی یەکەی دا دێتەوە.

کاك ئەبوبەکرو ( یەکگرتوو )ەکەی ، سەرەڕای ئەوە کە ناتوانن لە خەونی ویلایەتەکان و والی یەکانی ئیسلام دابرێن و خوازیاری گەڕانەوەی کۆمەڵگای کوردستانن بۆ سەدا ڕابردووەکان ، لەهەمان کاتیشدا بەردەوامن لە خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستان و کۆڵ نادەن لە مانۆڕە گێلانە فکری و سیاسی و یـەکانیان و لـە پەیوەنـد بـە ڕێگـا چـارەی ( یەکگرتوو )دا بۆ کێشەی کورد ، کاك ئەبوبەکر دەڵێت :" لە سەرەتاوە پێویستە بگوترێت کـە چارەسـەری یـەکگرتوو ، یاخود دیدگای ئەم لایەنە ئیسلامی یە بۆ ڕێگا چارەکان و کۆتایی هێنان بە کێشەکە ڕەنگە جیـاوازی وای نـەبێت لەگـەڵ ئەو چارەسەرانەی کە هێزەنیشتمانی یەکانی تری گۆڕەپانەکە دەیخەنە ڕوو ، چونکە لە ڕوانگـەی ( یـەکگرتوو )ەوە لـە گەڕان بە دوای هەقدا هیچ جیاوازی یەك نی یە لە نێوان ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی دا 15" .

وەك لە پێشەوەش ڕوونم کردەوە و تیشکم خستە سەر ، ڕێگا چارەی ( یەکگرتوو ) بـۆ کێشـەکە ، کـە خـۆی لـە سیستەمی ویلایەت و والی یەکاندا دەبینێتەوە ، زۆر جیاوازە لەگەڵ ڕێگاچـارەی ئـەو حیزبانـەدا کـە بـە قسـە شـیعاری فیدراڵی یان بەرز کردووەتەوە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا .

گریمان ( تەنها گریمان ) وایە و کاك ئەبوبەکر ڕاست دەکات کە دیدی ( یەکگرتوو ) هەمان دیـدی بەقسـەی ئـەو حیزبە دیموکراتی و عیلمانی یەکانە ، بەڵام ئەو هەڵوێستە سیاسی و مانۆڕە ئیعلامی یەی ( یەکگرتوو ) چـەند پرسـیاری دیکە لە بەردەمی دا بەرجەستە دەکاتەوە .. ئەگەر ماف هەر مافە و لە ڕووی بە دەستهێنانیشەوە جیاوازی یەك نی یە لە نێوان ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی دا و ڕێگا چارەی ( یـەکگرتوو ) یـش هـەمان ڕێگـا چـارەی حیزبـە کـوردی یەکانـە بـۆ چارەسەری کێشەی کورد ،ئیتر بوونی ( یەکگرتوو ) وەك حیزبێکی سیاسی چ پێویست دەکات لە کۆمەڵی کوردستاندا ؟ ئەگەر لە فەرهەنگی سیاسی ( یەکگرتوو ) دا کێشەیەك بەناوی کێشەی کوردەوە ( ئەمە لە حاڵێکدایە کە لایەن و حیزبـی سیاسی دیکە هەن ڕێگا چارەی فیدرالیزمیان بۆ کێشەکە هەیە ) بـوونی هەیـە و ( یـەکگرتوو )یـش ئـەو ڕیگـا چارەیـەی ئەوانی پێ قبوولە و جیاوازی یەك لە نێوان ڕێگاچارەکەی خۆی و ئەواندا نابینێتەوە، ئـیتر بۆچـی ( یـەکگرتوو ) هـەموو هێزو توانای خۆی لـە نـاو ئـەو حیزبانـەدا ناتوێنێتـەوە و خـۆی هەڵناوەشـێنێتەوە ؟ وەڵامـی سـەرانی (یـەکگرتوو) بـەو پرسیارانە هەرچی یەك بێت ، بەڵام ناتوانێت ئەو ڕاستی یەی کە لە پێشەوە ئاماژەم پێ دا بشارێتەوە کە ئەم حیزبە نـە فیدراڵیەت و نە سەر بـەخۆیی کوردسـتانی دەوێـت ، بـەڵکو ئـەو دەسـەڵاتی سیاسـی ( ئومەتـە ئیسـلامی )یـە بـە سـەر چووەکەی دەوێت و بە دوای جێگیرکردنی سیستەمی ولایەتەکان و دەسەڵاتی والی یـەکانی ئیسـلامەوەیە لـە کۆمـەڵگای کوردستانی ئەمڕۆ دا ، کە ئەوەش لە خەون و خەیاڵێکی کۆنەپەرستانەی ( یەکگرتوو ) بەو لاوە هیچ شتێکی تر نی یە .

***"يةكطرتوو" دةسكةوتةكاني خةلكي كوردستان بة"ئيسلام" ي دةكات!***

بەواتی لینین :" گرنگترین فاکتەری پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی مرۆڤایەتی یە.. یەکگرتوویی زمان و گەشەکردنی بێ کۆسپ و ڕێگری ئەو یەکێك لە گرنگترین زەمینە خۆشکەرانی بازرگانی سەرمایەداری هاوچەرخە 16..." . لەوەش گرنگتر ، پاراستن و گەشەکردن و ئازادی هەرمیلەتێك دیاری دیاری دەکات لە مێژوودا . نەتەوەی کوردیش ، سەرەڕای داگیرکاری و ستەمی عەرەبی ، فارسی تورکی ، بەڵام بەدرێژایی مێژووی خۆی ، لە دەوڵەتی ماددەکان بەدواوە ، توانیویەتی زیندوویی زمانی خۆی ( کە زمانی شیعر ، داستان ، چیرۆك ، هونەری معماری ، تەشکیلی و مۆسیقا و گۆرانی و سەماو...تاد ) بپارێزێت ، بەڵام بەهۆی داگیرکاری و درێژەکێشانی ستەمی نەتەوایەتی یەوە، زمانێکی یەکگرتوو نەبووە، کە ئەوەش بۆخۆی ئاستێك لە ڕادەی ژێر دەستەیی ئەم میلەتە دیاری دەکات .

لە کوردستانی خواروردا ،بەهۆی بەردەوام بوونی خەباتی هەقخوازانەی خەڵکەکەیەوە لە سەدەی بیستەمدا،دەوڵەتە شۆڤێنی یەکانی عێراق ناچار بوون کە زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسن . هەر بەم هۆیەشەوە بووە کەزمانی کوردی لەم بەشەدا کەم تا زۆرێك بووەتە زمانی خوێندن ، ڕۆژنامە، گۆڤار ، ڕادیۆو تەلەفیزۆن و زیاتر زەمینەی بۆ یەکگرتوو بوونی زمانی کوردی ڕەخساندووە لە چاو بەشەکانی دیکە. .بەدەست هێنانی ئەم شێوە ئەتۆنۆمی یە کەلتوری یە لە کوردستانی عێراقدا ، خێرێك نەبووە کە دەوڵەت و حکومەتەشۆڤێنی یە ناوەندی یەکانی عیراق کردبێتیان بە دانیشتووانەکەی ، بەڵکو بەرهەمی خەباتی بەردەوام و درێژخایەنی خەڵکی کوردستانی عێراق بووە. کەچی سەیر ئەوەیەکە ( یەکگرتووی ئیسلامی ) دان بەم ڕاستی یە بابەتی یەدا نانێت تازە بەتازە دەیەوێت هەموو ئەو دەسکەوت و سەروەری و قوربانیانەی خەڵکی کوردستان بسڕێتەوە کە بەنرخی خوێن وماڵوێرانی و ئاوارەیی ئەم نەتەوە ژێر دەستەیە بەدەست هێنراوەو ئەم نەتەوەیە بە ئە ئۆتۆنۆمی یەکی کەلتوری ئیسلامی نیوە ناچڵ و کۆمیدیانە ڕازی بکات و خەباتیان بۆ دەستهێنانی مافی زیاتر لەو چوارچێوەیەدا ڕابوەستێنێت . کاك ئەبوبەکر ، لەزمانی " یەکگرتوو "ە پرۆژەکە بەم جۆرە گەڵاڵە دەکات و دەنوسێت :

" 1/ بەرهەمەکانی ئێستاو داهاتووی بەزمانی کوردی تۆمار بکرێت .

2/ پێویستە وا بیر بکەینەوە کەئاخاوتن و نووسین بە زمانی کوردی ئەرکێکی شەرعیەو بە زیندوو ڕاگرتنی زمانی نەتەوەییمان بریتی یە لە زیندوو ڕاگرتنی بەڵگەو نیشانەکانی خوای گەورە . ئێمە کوردین و زمانمان کوردی یە و کوردستانی بۆ کردووینەتە نیشتمان .

3/ پێویستە ئیسلامخوازانی کوردستان پەیامەکەی خۆیان بە کوردی ڕابگەیەنن .

4/ زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی خوێندن لە قوتابخانەکان و سەرجەم دەزگاو فەرمانگەکانی هەرێم دا .

5/ بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە گشت کۆڕ و کۆمەڵ و سمینارە جۆراو جۆرەکان و دیدارە ڕۆژنامە گەری یەکانی هەرێمی کوردستاندا .17"

بەڕاستی مرۆڤ نازانێت بەچ زمان و دەربڕینێك لەگەڵ پرۆژە (ئۆتۆنۆمی) یە پێنج خاڵی یەکەی (یەکگرتوو) دا بدوێت . ئەم حیزبە بە پرۆژە پێنج خاڵی یەکەی گەلی کوردی قەرزار کردووە ! ! وەك بڵێیت (یەکگرتوو) داهێنانێکی تازەی لە بواری سیاسەتدا کردبێت کە گەلی کورد بە خەویش نەیبینیبێت ! !.. ئاخر ( یەکگرتوو ) منەتی چی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکات بەوەی کە بەم پرۆژە پەڕپوتەیەوە دەیەوێت خزمەت بەم نەتەوەیە بکات ؟ ( یەکگرتوو ) هاتووەتە سەر سفرەی ئامادەکراو و هیچ تانێکی بەم سفرەیە زیاد نەکردووە ، مەگەر ئەوە کە بیەوێت ( مەولایە سەلیم )ێکی بە

زمانی کوردی به سەردا بخوێنێت . کاك ئەبوبەکر بیری چووه کە بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 شەش ئەوەندەی پرۆژەکەی ئێستای ( یەکگرتوو ) ی بە سەر حکومەتی ناوەندی دا سەپاند بوو ، هەر چەندە کە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە بەڵێن وئیمزای ئەو بەیاننامەیە پاشەگەز بووەوە و ویستی ئەو دەسکەوتانەی خەڵکی کوردستان بە زۆری ئاگرو ئاسن و گازی ژەهراوی لە ناو ببات ، بەڵام بەردەوام بوونی خەباتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە دوو تا سێ دەیەی ڕابردوودا ڕێگای لە پلانە گڵاوەی ڕژێمی بەعس گرتووە... ئەو پرۆژەیەی (یەکگرتوو) هیچ ئیزافەیەکی بۆ ئەو دەسکەوتانە نەکردووە ، تەنها ئەوە نەبێت کە کۆپی یەکی ئیسلامی یان لێ بکات و لە قاڵبی ئیسلامی یان بدات ، کە ئەمەش پاش ئەو هەموو قوربانی دانە خەڵکی کوردستان لە پێناوی پاراستن و هێشتنەوەیاندا ، تەنها خەون و خەیاڵێکی کۆنەپەرستانەی ( یەکگرتوو )ە نەك شتێکی تر .

### " يةكطرتوو" بة ئةزموني " ئيخوان مسلمين"ي ميسر :
### كارة خيَر خوازي يةكان ، يان ضاندني تؤوي ئيرهاب لةكوردستاندا

لە لاپەڕەکانی پێشەوەدا ووتم کە ( یەکگرتوو ) درێژە پێ دەری ڕێبازی "أخوان المسلمین "ە و لقێکە لە لقەکانی ئەم قوتابخانە ئیسلامی یە لە کوردستاندا و لقی باکوری عێراقی ڕێکخراوی دەولی ئیخوان موسلیمینیشە .لێرەدا هەوڵ دەدەم کە ئەم مەسەلەیە بە بەراورد کردن لەگەڵ سەرەتای دروست بوونی " اخوان المسلمین "ی میسردا زیاتر ڕوون بکەمەوە.

چ " اخوان المسلیمین "ی میسر و چ ئەو لقانەی کەلەم قوتاپخانە ئیسلامی یە حیزبی یەبووەتەوە لە شوێنەکانی تری دنیادا ، سەرەتاکانی کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی یان بەکاری خێر خوازی و فریاگوزاری دەست پێ کردووە ، بەڵام ئەو کارە بەناو خێرخوازی و فریاگوزاری یانە، تەنها پەردەیەك بوون بۆ شاردنەوەی کارە سیاسی و ڕێکخستنە حیزبیەکانیان . لەبەر ئەوە ئەو کارە خێرخوازی و خزمەتگوزاری یانەیان هەمیشە جێگای پرسیاری بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وولاتانە بووە کە ئەم جۆرە ڕێکخراوەسیاسی و حیزبیانەیان بە خۆیانەوە بینیوە .

لەساڵی 1928 دا ، کاتێك ( حسن البنا ) بناغەی گروپی " اخوان المسلمین "ی میسری داڕشت ، سەرەتا بەکاری خێرخوازی دەستی پێ کرد ، بەڵام ئەوە بوو هەر زوو لە لایەن خەڵکی هوشیاری ئەو کاتی میسرەوە جموجوڵە حیزبی و سیاسی یە بەناو خێر خوازی و فریا گوزاری یەکانی ( البنا ) کەوتە ژێر پرسیارەوە . لە پەیوەند بە پرسیارەکانی خەڵکی میسردا "ئەلبنا " دێتە وەڵام و دەڵێت : " خەڵك دەڵێن ئێمە سەرمان لە برایانی موسڵمان سوڕماوە . ئایا ئەمانە ڕەوتێکی سۆق گەرین ؟ کۆمەڵەیەکی خێر خوازن ؟ یان حیزبێکی سیاسین ؟ ملی چ ڕێگایەکیان گرتووە؟ بەڵام ئێمەی برایان ـ اخوان ـ هەموو ئەو ناوو ناتۆرانەمان پشت گوێ خستووە 18". برایان و " حسن البنا " پرسیارەکانی خەڵکی میسر بە ناو و ناتۆرە دەزانن و لەژێر پەردەی کارە خێرخوازی یەکانیاندا خەریکی ڕێکخستنی سیاسی و و حیزبی خۆیانن ، بەڵام شێخی " اخوان " ڕاستی پشتی پەردەکە ئاشکرا ناکات و سوورە لەسەر ئەوەکە:" ئەی برایان ئێوە نە کۆمەڵەیەکی خێر خوازن ، نە حیزبێکی سیاسین ، نە دامەزراوێکن کە کۆمەڵەمەبەست و ئامانجێکی هەنووکەیی تایبەت بە شوێنێکیان هەبێت ، بەڵکو ئێوە ڕۆحێکی نوێ و ڕوناهی یەکی نوێ ودەنگێکی دەنگەوەرن 19" . شێخ "ئەلبنا " ملی

ڕێگای گرتووە و بەردەوامە لە ئاڵۆزکردنی کارە سیاسی و حیزبی یەکانی لە خەڵکی میسر و " دەسالی تەواو خۆی بە دوور گرت لە سیاسەت ، سەرگەرمی پتەو کردنی ڕیزەکانی گروپەکەی بوو ، بە هێمنی و بەبێ دەنگی دەهات و دەچوو ، قۆناغ بە قۆناغ پێش دەکەوت ، نەك هەر لە بنیاتنانی هەرەمێکی ڕێکخراوەی پتەودا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، بەڵکو بۆ ئەوەی لە هیچ پێك هەڵبرژانێکیشەوە نەگلێت ناسنامەی خۆیشی لە کۆمەڵ دەشاردەوە ، بەرانبەری لەکەس نەدەگرت ، نەوەك بەرانبەری لێ بگرن 20." بەڵام دەست بردن بۆ کاری سیاسی و حیزبی ، سەرئەنجام بەرانبەرکێ و ململانێیش دەهێنێتە کایەوە و ململانێ وبەرانبەرکێ ی حیزبیش لە پشتی پەردەوە ئەنجام نادرێت و پەردەکە دەدرێت و دەبێت شێخ " ئەلبنا "ش بەرانبەر لە نەیارانی سسیاسی خۆی بگرێت و ناچار بێت کە هاوار بکات :" برایان ـ اخوان ـ بانگەشەیەکی پێشینە خوازە ، ڕەوتێکی پێشینە خوازە ، ڕەوتێکی سۆفی گەری یە ، دامەزراوەیەکی سیاسی یە ، کۆمەڵەیەکی وەرزشی یە ، پەیوەستێکی زانستی و کەلتوری یە، کۆمپاتیایەکی ئابوری یە ، بۆچونێکی کۆمەڵایەتی یە 21" . شێخی " ئیخوان " پاش پتەو کردنی پایەکانی ڕێکخستنی گروپەکەی ، لە هەر هەنگاوێکدا زیاتر ڕوخساری سیاسی بە کارە خێر خوازی یەکانی گروپەکەی دەدا و زمانیشی لە نەیارانی توند و تیژ تر دەکردەوە :" یەکەم ژمارەی (النذیر) لە ساڵی 1938 دا دەرچوو ، بەننا لە سەر ووتارەکەی دا نووسیبووی کە لەمەو دوا خۆی و گروپەکەی لە بانگەشە کردن لە قسەوە دەگوێزنەوە بۆ قسەو خەبات و کار و کردەوە و ئەوەتا هەڕەشە لە هێزە سیاسی یەکانی ناو میسر دەکات و لایەنگرانی خۆی دڵنیا دەکات کە لەمەو دوا هەڵوێستی ئیجابی یان نابێت و پێیان دەڵێت هەموو دەسەڵاتداران و ئەوانەی دەرەوەی دەسەڵاتیش ئەگەر وەڵامیان پێ نەدەنەوە ، ئەوا بە توندی دژایەتی یان دەکەن22 " . خەریکە زمانی شێخ " ئەلبەننا " لە خێرەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی شەڕو توند وتیژی ، بەڵام شێخی " ئیخوان " تەنها شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێناوە و هێشتا ئامادەیی تەواوی نی یە بۆ جەنگ لە گۆڕەپانی سیاسەتدا ، کەواتە دەبێت شێخ بە سەبر و حەوسەڵەوە شمشێرەکەی بەرز ڕابگرێت و بەردەوام بێت لە بانگەشەی شەڕ و خێر خوازی یە ئاینی یەکەی تا خەڵك و حکومەتی ئەو ڕۆژگارەی میسر فریو بدات و بیانتۆقێنێت . توێژەرەوەیەکی میسری دەڵێت : " بەننا توانی کابینەی حکومەت و حیزبەکان و ڕای گشتی بە دەمامکی بانگەشەی ئاینی یەوە چەواشە بکات ، ئەم چەواشە کردنە کێشەیەکی دیکەی بۆ گروپەکەی چارەسەر دەکرد ، ئەویش پەردەپۆشکردنی ئەو هەوڵانە بوون کە لە کاتێکدا داوای نەهێشتنی دیاردەی حیزبایەتی و هەڵوەشانەوەی حیزبایەتی دەکرد ، خۆی ڕێکخراوێکی سیاسی بوو کە کاری بۆ ئەوە دەکرد خۆی دەسەڵات بگرێتە دەست ، ئینجا هەر ئەم تەم و مژەی دەوری هەڵوێستەکانی بواری دەرەخساند کە خۆیان لە دەست نیشانکردنی ئامانجەکانیان سەبارەت بە کێشەکانی گەل و نیشتمان بشارنەوە و شتێکی ڕوون لەو بارەیەوە بەدەستەوە نەدەن ، سەبارەت بەکێشەکانی سیتەمی حوکمی ناخۆش هەر بە هەمان شێوە ئەو هەلەشی دەخاتە دەست کە لە دەست نیشانکردنی هەڵوێستی ، خۆی لە بۆنەکان بدزێتەوە وبابەتێك بخاتە بەر دەستی خەڵك کە بە تەواوی جیاواز بێت لەو کێشە سیاسی یانە کە بۆ هەمووان گرنگە 23". بەڵام دەست پێ کردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و ڕووداو و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری یەکانی ئەو سەردەمەی میسر فرسەتی بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی ئەو وڵاتە نە دەهێشتەوە کە هەڵوێستی سیاسی دوو ڕووانە و تەم و مژاوی بگرنە بەر و سەر ئەنجام دەبوایە هەڵوێست و دروشم و گوتارە سیاسی یەکانیان بۆ جەماوەر و مێژوو ئاشکرا بکەن ، کە شێخی " ئیخوان " دەبوایە لەو پرۆسەیەدا ڕوونتر قسە بکات و هەڵوێستی ئاشکرا بکات .

لە کاتێکدا کە گروپەکەی ( حسن البنا ) بەرەو بەهێز بوون دەڕۆییشت ، شمشێرەکەی بۆ پەڕاندنی ملی دیموکراتی و فرە حیزبی بەرز دەکاتەوە و دەڵێت : " هەموو دەنگەکان لە سەرئەوە یەکن کە حیزبە میسری یەکان سەرچاوەی گەورەی خراپەکاری یەکانی ئەم نیشتمانەن و هەر ئەوان بنەمای ئەو گەندەڵی یە کۆمەڵایەتی یەن کە ئێستا بە ئاگرەکەی دەسوتێین ... ئەم مەسەلەیە زۆر ترسناکە و لە هەڵوەشانەوەی ئەم حیزبانە بەولاوە ڕێگاچارەیەکی زیاترمان نی یە 24". ئەم شمشێر بەرزکردنەوەی شێخی " اخوان " بۆ پەڕاندنی ملی دیموکراتی یەتی و فرە حیزبی لە میسردا لەگەڵ ئامانجە سیاسی یەکەی شێخدا ببووە پەندی ( بانێك و دوو هەوا ) چونکە ئەو دەیویست وەك سەر کردەی حیزبێکی سیاسی بە دەسەڵاتی تاك ڕەوانەی خۆی بگات : " شێخ بە لایەوە شەرم نی یە کە داوا لە هەمووان بکات کە ڕێگا بۆ خۆی چۆڵ بکەن ... بەننا وەك حیزبێکی سیاسی خۆی پێشکەش دەکات کە دەسەڵاتی دەوێت ، زیاد لە جارێکیش جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە کە ئەم هەوڵ بۆ دەسەڵات نادات ، بەڵکو دەسەڵات هەوڵی بۆ ئەو داوە25". شێخ و " ئیخوان "ەکەی وورده ئاسنن و (دەسەڵات)یش موگناتیسە کە ئەو و ڕێکخراوی " ئیخوان " ەکەی بەرەو خۆی ڕادەکێشێت و حیزبەکانی دیکەیش کانزایەکی جیاوازن کەموگناتیسی (دەسەڵات) توانای کێش کردنی ئەوانی نی یە ، بەڵام شێخی "ئیخوان" هەمیشە قسەکانی شتێك بووە و کردەوەکانی و دنیایی واقعی دەرەوەی ئەقڵی سیاسی ئەو شتێکی تر بوو ، چونکە (دەسەڵات) شێخ بە خۆی ناگرێت ( هەرچەندە کە خۆیشی لەگەڵ پێنج ئەندامی تردا پاڵاوت بۆ ئەنجومەنی نوێنەران ) و بەرەو خۆی بەکێشی ناکات ، چونکە لە سەر کورسی دەسەڵات نەقراشی پاشا و ئیسماعیل صدقی دیکتاتۆر هەیە ، کەواتە دەبێت شێخ چی بکات ؟ شێخی "ئیخوان" دەکەوێتە خزمەتکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی و لەدژی دیموکراتی و حیزبەکانی میسر هاوار دەکات :" خوا لەگەڵ پاشادایە 26" . شێخی ئیخوان هەر بە ستایشی فەرمانڕەوایەتی دیکتاتۆری میسرەوە ناوەستێت بۆ سەر کوتکردن و پەڕاندنی ملی ملی دیموکراتی یەتی و فرە حیزبی لە وولاتدا ، چونکە شێخ هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژی لە پێش دایە بۆ خزمەتکردن بە دوژمنانی گەلی میسر و داسەپاندنی جەوی کۆنەپەرستی و تیرۆر بە سەر باری ئەو ڕۆژگارەی میسردا. شێخ بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سیاسی یەکانی ، پێویستی بە دەزگایەکی تایبەت بە تیرۆر و تۆقاندن هەیە .. یان بەواتای حسن صادق :" پاش ئەوە، سیستەمی ئیخوان موسلمین پلە بە پلە بەرەو خۆ تێهەڵقورتاندنی کارو باری سیاسی دەوڵەت ئەچوو ، بڕیاری پەیڕەو کردنی سیاسەتی جیهادیان بۆ ڕێنمایی یەکانیان بەهێز داو سیستەمێکی تایبەتییان دامەزراند. هەستان بە پێکهێنانی دەزگایەکی نهێنی لە لێڵی و نهێنی و پەیمان و بڕوادا . ئەم سیستەمە لە دەستەی سەرکردایەتی و شانە و ئەرکەکانی جەنگ و سەربازێك پێك دەهات ... هەر شانەیەك بۆ فێرکردنی فەرمان و جۆری کار و بڕوا پێهێنانیان بە ڕەوایی کارەکانیان و تاقی کردنەوە و پاشان چاو دێری کردنیان ئەمیرێکیان هەبوو کەسیستەمی گوێ ڕایەڵی کوێرانەی پێویست و سیستەمی بەڵێندان و هەواڵگری تایبەت بۆ سەر پەرشتی و جاسوسی بەسەر پارتەکان و کۆشکەوە دیاریکرا ... لە کۆتایی ساڵی 1947 دا سوپاکە لە 75هەزار کەس پێك دەهاتن و سیستەمە نهێنی یەکە خرایە ناو هێزە چەکدارەکان و پۆلیس و سەرجەم دەزگا حکومی یەکانەوە27 " . ئێستا ئیتر کۆمەڵەی ( برایان ) ی شێخ لە کۆمەڵەیەکی وەرزشی ، مزگەوت دروستکردن و کارە خێر خوازی و ڕیفۆرمیستی یەکانەوە گۆڕاوە بۆ هێزێکی چەکدارو دەزگایەکی مخابراتی بە هێز و ئالۆز و شێخ و کۆمەڵەکەی ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ هێرش و پەلاماردانی بنکەکانی دەسەڵات و سەربڕینی دیموکراتی و فرە حیزبی وولاتی میسر .یان بە واتای هەمان نووسەر : " لە کۆتایی ساڵی 1948 وە مەترسی یەکانی

ئیخوان موسلمین ئاشکراتر دەرکەوتن و نیمچە دەوڵـەتێکیان لـە نـاو دەوڵەتـدا پێك دەهێنا . لـە8ی کانوونی یەکـەمی 1948 دا حکومـەتی نەقراشـی بڕیـاری هەڵوەشـانەوەی کۆمـەڵی ئیخـوان موسـلمین و گـرتنی ئەنـدامانی و دەسـت بەسەراگرتنی کەلوپەلەکانیانیدا ... پاش بیست ڕۆژ لەم هەڵوەشانەوەیە کۆمـەڵی ئیخـوان موسـلیمین توانیـان لـە 28ی کانوونی یەکەمی 1948 دا تۆڵە لە نەقراشی بکەنەوە و دوای تەقەلێکردن و کوشتنی لە لایەن ( عبدالمجید حسن ) و لـە ناو وەزارەتی ناوخۆدا ، حکومەتی کۆشك بەرپرچی ئەم ڕووداوەی بە کوشتنی " حەسەن بەننا "لە 12ی شوباتی1949 دا دایەوە . ڕێکخستنی ئیخوان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم کارەیان بە کوشتنی ئیبراهیم عەبدولهادی لـە ( 5 )ی ئایـاری 1949دا دایەوە کە سەر سوپهێنەران پزگاری بوو28 " . بەمجۆرە بینیمـان کـە شـێخ و کۆمەڵەکـەی دەیانیویسـت لـە ڕێگای دامەزراندن و پێکهێنانی سوپایەکی چەکداری نهێنی تیرۆریستەوە ، هەروەها لە ڕێگای دارشتنی پلانی تیرۆرکردنی " نەقراشی " و دەست و پێوەندەکانی پاشایەتی یەوە بگەنە سەر لوتکەی منارەی دەسەڵات و لێرەشەوە فەرمانەکانی خودا بەسەر بەندەکانی دا لەسەر زەوی وولاتی میسردا بسەپێنن ، بەڵام ئەو خەوەی شێخ بەدی نەهات و شێخی (اخوان) خۆیشی بوو بە تەڵەی مەرگێکەوە کە سـاڵەها بـوو لـە ڕێگـای دروسـتکردنی مزگەوتـەکان و کـارە خێرخـوازی یەکانـەوە نەخشەی بۆ دادەڕشت . شێخ نەخشەی کوشتنی نەقراشی دۆستی کێشاو نەقراشی بەدەسـتی کۆمەڵەکـەی تـیرۆر کـرا و سەرئەنجام خودی شێخیش تیرۆر کرایەوە . ئەم ڕووداوەی دوایی یان دوایی یان سێ ساڵ پێش ڕوودانی شۆڕشـی 23ی تەموزی 1952 بوو . تیرۆری شێخ (ئەلبنا) نەبووە هۆی هەڵوەشانەوەی گروپی (ئیخوان موسلمین) ، هەربەو شێوەیەی کە کە تیرۆری نقراشی لەلایـەن گروپەکـەی ئـەلبنناوە نـەبووە هـۆی ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی و بەدەسـتەوە گـرتنی دەسەڵات لەلایەن (اخوان المسلمین)ەوە . لەبەرئەوە،هەم (اخوان) و هەم ڕژێمی پاشایەتی بەو ئەنجامە دەگەن کەلـەناو بردنی لایکیان بەدەستی ئەوی دیکەیان کارێکی مەحاڵەو سازان و ڕێکەوتنیان بۆ دژایەتی کردنی هێزە دیموکراتی و هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش و ڕوودانی شۆڕش لە میسردا کارێکی پێویستە. لەم ڕووەوە بوو کە "حسن الهضیبي " بەسەرۆکی کۆمەڵ هەڵبژێردرا . کۆمەڵی ئیخوان ئامـادەیی بـۆ هاوکـاری لەگـەڵ کۆشـکدا نیشـان دا و بـەکردەوە ڕۆژی 14تشـرینی دووەمی 1951، بە ئۆتۆمۆبیلیکی شاهانەچوو بۆ کۆشك و دیداری لەگەڵ مەلیك فاروقـدا سـازدا . سـەردانی پاشـا دوای ئەوەش دووبارە بووەوە و دەگوترا کە ئیخوان خۆی لە شۆڕشگێڕەکان پاك دەکردەوە و شـێوازی ئاشـتیانەی دەکـردە دەستوری کاری خۆی . بەکردەوە ئیخوان پەنای بردە بەر شێوازی ئاشتیانەو ئەمەش کردنیە گاڵتەجاڕ لـە هەڵوێسـتیان بەرانبەر داگیرکاری بریتانیا و بەشدار نەبوونیان لە جەنگی "القناة" دا29 .

ڕیکەوتن و ئاشت بوونەوەی نێوان ئیخوان و کۆشکی پاشایەتی لەلایەن هەردوولاوە ئامانجدار بووە، کۆشکی پاشـایەتی دەیویست ئیخوان و دەزگا نهێنی یە تایبەتەکەی بەکار بهێنێت بۆ سەرکوتی ڕاپەڕین و شـۆڕش لـە میسـرداو ئیخـوانیش مەبەستی بوو کە لە ئاڵوگۆڕە سیاسی یەکانی داهاتوودا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و هەنوکەش وەك حیزبێکی یاسایی ڕێکخستنەکانی خۆی بە ئاشکرا پتەو بکاتەوە و فراوانتریان بکات .لەبەرئەوە، هەردوولا بە بەچاوی مەبەست و گومـان و قۆستنەوەی هەلەوە دەیانڕوانی یە ڕێکەوتنەکەی نێوانیـان . هـەر بـەهۆی ئـەو گومـان کـردن و فرسـەت قۆسـتنەوەیەی نێوانیانـەوە بووکـە شۆڕشـی 23ی تـەموزی 1952 ڕووی دا ، ئیخـوان پشـتیوانیان لـە ئەفسـەرە ئازادیخوازەکـان و کودەتاکەی ئەوان کرد .. یان بە واتای لیوا حسن صادق : " ئیخوان ...پشـتیوانی خۆیـان بـۆ شۆڕشـی 23ی تـەموزی 1952 دەربڕی کاتێك کە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان پەیوەندی یان بە (صالح ابو رقیق)ەوە کرد و ئەویش پەیوەندی بـە

(حسن الهضيبي ) يەوە کرد و پیرۆزبایی بەرپا بوونی شۆڕشی لێ کردن . لێرەوە ئەو بیرە لای ئیخوان دروست بوو کە شۆڕش بە پشتیوانی ئەوان پێکهاتووە و شۆڕش گێڕان قەرزاری ئەوانن 30". پاش ئەو هەموو خزمەتکردنەی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بە ڕژێمی پاشایەتی لەسالآنی سی و چلەکاندا ، ئێستا ئیتر لە دوای ڕوودانی کودەتای ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە ، ئیخوان موسلمین بوونەتە میراتگری سەرەکی ئەو ڕووداوە و دەیانەوێت دەسەلآت لە دەست ئەفسەرە کودەتا چی یەکان دەربهێنن ، یان ببنە شەریك لەگەڵیاندا . هەر لە بەر ئەوەش بوو کە ئیخوان نە سوپا و دەزگا نهێنی یەکەی هەڵوەشاندەوە و نە قبوولّی ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتی وگەڕانەوەی حیزبەکان وهەڵوەشانەوەی سانسۆری لە سەر ڕۆژنامەکان دەکرد، خوازیاری مانەوەی دەسەلآتی سەربازی بوون.31 کاتێك ئەو نیەتەی ئیخوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاشکراتر دەبوو "، جەمال عبدالناصر " ئاگادار کرایەوە کە پەیوەندی لە نێوان ئیخوان و ئینگلیزدا هەیە ، ئەویش یەکالآکەرەوانە بڕیارێکی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە لە 14ی کانوونی دووەمی 1954 دا دەرکرد کە کۆمەڵەی ئیخوان مسلمین پارتێکی سیاسین و بڕیاری هەلوەشانەوەیان بەسەردا دەسەپێنێت 32". پاش دەرکردنی ئەو بڕیارە هێرشێکی فراوان کرایە سەر (کۆمەڵەی ئیخوان مسلمین ) و بەهەزارانیان لێ زیندانی کراو ڕێکخستنەکانیان تارادەیەك لەبیر یەك هەڵوەشایەوە . لە بەرانبەر ئەو هێرشەی حکومەتی میسردا ، ئینجا کۆمەڵەی ئیخوان کەدەیویست دەسەلآت لە دەستی جەمال عبدلناسر دەربهێنێت و دژایەتی ئازادی یە سیاسی و مەدەنی یەکانی دەکرد ، ناچار کرا کە قەدری عافیەت بزانێت و داوای ئازادی یەکان بکات ، بەلآم ئازادی یەکان و دیموکراتی یەت تەنها بۆ سەنگەربەهێز کردنەوە بوو دژبە دیموکراتیەت و دەسەلآتی ناصر . لە بەرئەوە بوو کە جارێکی تر ئیخوان هەوڵی دا کە بە ناوی پارێزگاری کردن لە دیموکراتی و فرە حیزبی یەوە پلانی کودەتایەك دابڕێژێت و جارێکی تر هەوڵی بەدەستەوە گرتنی دەسەلآت بدات . لیوا حەسەن لەو بارەیەوە دەڵێت :" پلانەکە بریتی بوو لە بزووتنی سوپایی یانی لایەنگری ( محەمەد نەجیب ) بە پشتیوانی بزووتنەوەیەکی گەلی پێکهاتوو لە سەرجەم هێزە نیشتمانی و دیموکراتی یەکان و خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە گەلی کە هێزەکانی ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان پاسەوانیان دەکات و بۆ داواکردنی هەمان خواستەکانی پێشوو پێکدێت و ئەگەر پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی ناصردا ڕووی دا هێزەکانی ئیخوان هەڵمەتی کوشتنی ئەندامانی ئەنجومەنی شۆڕش دەست پێ بکەن ....ڕوودانی هێرشەکەی سەر ناصر لەوەدا کورت دەکرێتەوە کە کاتژمێر حەوت و پەنجاو پێنج دەقەی ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە 1954/10/26 و لە کاتی ووتار خوێندنەوەیەکی جەمال عبدالناصر دا بۆ جەماوەری کۆ بۆوە لەگۆڕەپانی (المنشیە)ی ئەسکەندەری یەدا بە بۆنەی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی کشانەوە لەگەڵ بریتانیادا هەشت فیشەك تەقێنرا ، کە ( محمودعبدالطیف ) ئەندامی ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ئیخوان مسلمین نای بە جەمال عبدلناصرەوە ، بەلآم نەی پێکا !...هەراو هۆریا بەردەوام بووتا بکەر یەکسەر گیرا ... پاش ئەمە گەورەترین هەڵمەتی گرتن دژی ئیخوان مسلمین ،کەمیسر بەخۆیەوە ببینێت ئەنجام درا ، ئاژمارەیان گەیشتە سێ هەزار بەند و بە خێرایی بەخێرایی " حسن الهضیبي " ڕابەری گشتی ئیخوان مسلمین و ژمارەیەك لەئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان...دەستگیر کران 33." ئەم ڕووداوە سەرەتایەکی توند و تیژ بوو بۆ قەلآچۆ کردن و تواندنەوەی گروپەکەی " حسن البنا " ی ڕەحمەتی و سەرئەنجامیش لە درێژەی ئەو هێرشەدا ( کۆمەڵی ئیخوان مسلمین ) نەیتوانی پشت ڕاست بکاتەوە و جارێکی تر لە سەر شانۆی سیاسی میسردا بەو هێزەی پێشتری یەوە دەربکەوێتەوە و بەم شێوەیە کۆتایی بە بەشێکی بنەڕەتی لە بزووتنەوەی ئیخوان مسلمین هات ، هەرچەندە ڕیشە و ڕایەڵەکانی پاش ئەوەش درێژ دەبێتەوە و

لەگەڵ هاتنە مەیدانی بانگ دەری نوێیدا ، کۆمەڵی تر بە ناوی جیاوازاوەدەرکەوتن 34. ئەوەی کە تائێرە لەسەر ئیخوان مسلمین گوتمان ئەگەر کورتی بکەینەوە بەم جۆرەی لیٚ دێت :-

1/ سەرەتای کاری ( ئیخوان مسلیمین ) لەکاری مزگەوت دروست کردن و کارە خێرخوازی یەکانەوە دەستی پیٚ کردووە و دواتر بەئاشکرا دەگوێزرێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەت و کاری حیزبایەتی .

2/ ئیخوان مسلمین هەم وەك فیکر و هەم وەك سیاسەت و کاری حیزبایەتی ، بەکەڵك وەرگرتن لەو قەیران و بۆشایی یە فیکری ، سیاسی ،ئابوری و کۆمەلایەتی یانەی کە کۆمەڵگا لە پرۆسەی جووڵانەوەی خۆی دا دروستیان دەکات، سەرهەڵدەدات و بە نەمانی ئەو بۆشایی و قەیرانانە، ئەم ڕێبازە سیاسی و حیزبی یە ئیسلامی یەش فەلسەفەی بوونی خۆی لە دەست دەدات و بەرەو نەمان دەچێت ..یان لە باشترین حاڵەتی خۆی دا چەند گروپی سەلەفی و تیرۆریستی دیکەی لیٚ دەکەوێتەوە .

3/ ئیخوان مسلمین ، لە سەرەتای کاریاندا سەنگەر لە فرە حیزبی و دیموکراتی ناگرن ، بەڵام هەرکە هێزیان پەیدا کرد دەست دەکەن بە دوژمنایەتی کردنی مەیلە سۆشیالیستی ، دیموکراتی و عیلمانی و قەومی یەکانی کۆمەڵگە ، هەروەك لە ئەزموونی سیاسی و مێژوویی ( حسن البنا ) و ( کۆمەڵی ئیخوان مسلمین ) میسردا بەرچاو دەکەوێت .

4 / ئیخوان مسلمین لە پێناوی گەیشتن بە دەسەلاتدا ( بە ئەزموونی ئیخوانی میسر ) ئامادەی هەموو تنازلاتێکن کە لە بەردەمی دوژمنانی ناوخۆ دەرەوەدا بیکەن و سەرئەنجام بە دروست کردنی دەزگای جاسوسی نهێنی و چەکدار پەنا بۆ تیرۆر و رەشە کوژی دەبەن .

5/ ئیخوان مسلمین هەم لە میصر و هەم لە شوێنەکانی دیکەی دنیای ئیسلامی دا ئەزمونێکی سیاسی و ئالۆزیەکی حیزبی شکست خواردووەو لە مەیدانی سیاسەت و کاری حیزبایەتی دا ستراتیژی یەکی روونیان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات نی یە .

6/ بنکەی کۆمەلایەتی ( اخوان ) بە شێوەیەکی گشتی وورده بورژوازی شاری یە ، واتە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان - بە تایبەتی زانکۆ و پەیمانگە ئاینی یەکان - و، دوکانداران و فەرمانبەران و ئەفسەرانی سوپایە .

ئەگەر ئەوانە گشتی ترین تایبەتمەندی یە کۆمەلایەتی ، فیکری ،سیاسی و حیزبی یەکانی " ئیخوان مسلمین " بێت ، وە ئەگەر ئەو کورتە باسەی کە لەسەر مێژووی ( کۆمەڵی ئیخوان مسلمین ) ی مصر کردم لاپەرەیەکی رەش و شکست خواردووی ئەو قوتابخانە ئیسلامی بە ناو میانەڕەوە بێت ، ئەوا دەبێت مێژووچەی سەر هەڵدانی " یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان " چی بێت و ئایندەی ئەم حیزبە وەك ئالگۆ و لقێك لە لقەکانی ئەو قوتابخانە ئیسلامی یە شکست خواردووە ، لە رەوتی ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتی و فیکرو سیاسی یەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستاندا چی بێت ؟ ئەمە پرسیارێکە کە دەمەوێت لەم بەشەی نوسراوەرەخنەیی یەکەمدا تیشکی بخەمە سەر .

یەکگرتوو ، بە هەمان ئەقڵی سیاسی و حیزبی ( حسن البنا )و کۆمەڵی ئیخوان مسلمینی** مصر پیٚ ی خستە مەیدانی سیاسەت و کاری حیزبایەتی یەوە لە کوردستاندا .ئەم حیزبە لە سەرەتادا ناسنامەی سیاسی خۆیی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا نەکرد و کاری رێکخستن و پەروەردەی فکری ، سیاسی و حیزبی خۆیی بە پاڵ پشت و لەژێر توانایی

یه دارایی و ئابوری یەکانی ڕێکخراوە بەناو خێر خوازی یەکانی وەك : (هيئة الاغاثة الاسلامية العالمية ، الندوة العالمية للشباب الاسلامية و الرابطة الاسلامية الكردية ) دا دەستی پیّ کرد .

لە 1992/7/1دا نووسینگەی کوردستانی رابطەی ئیسلامی کورد لە کوردستان کرایەوە و سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە ( د. عەلی محی الدین قەرەداغی ) هەموو لق و دام ودەزگاکانی رابطەی دایە دەستی کادری رابەری و ئەندامانی سەرکردایەتی ئێستای ( یەکگرتوو ) تا هەموو ئیمکانات و دارایی و پرۆژە و کار و چالاکی یەکانی رابطە بخەنە خزمەتی خۆیان و بەم هۆیەشەوە بنکەی سیاسی و جەماوەری یان بەهێز بکەن تا ئاستی دروستکردن و پێکهێنانی حیزبی ( یەکگرتوو )ی ئێستایان .هەر لە بەر ئەو هۆیەش بوو کە خەڵك ( اخوان مسلمین )ە کوردەکان ، یان هەمان یەکگرتووی ئێستایان بە ( حیزبی رابطە ئیسلامی ) ناو دەبرد.

یەکگرتوو ، بە ئیمکاناتی ئابوری و دارایی رابطەو ریکخراوە ئیسلامی یەفریا گوزاری یە جیهانی یەکانی دیکە ، دەستی کرد بە دروست کردن و چاککردنەوەی مزگەوتەکانی کوردستان ، دامەزراندنی بنکە تەندروستی یەکان ، کردنەوەی عیادە پزیشکی یەکان و تاقیگە تەندروستی یەکان لە شار و شارۆچکەو تەنانەت لە لادێکانیشدا . سەرەڕای ئەوانە ، دەستی کرد بە کۆمەکی ئابوری بەماڵە هەتیووەکان ، کردنەوەی کتێبخانەکانی تایبەت بە ئاین و مێژووی ئیسلام و دەست کردن بە پرۆژەی وەرگێڕانی بیر و ڕا و بۆچوونەکانی ئیخوان مسلمین ، کۆمەکی جۆراو جۆر بە پەیمانگەو زانکۆکان و خوێندنگا ئامادەیی و ناوەندی و سەرەتایی یەکان ، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو بەشانەو جیّ پیّ خۆشکردنی سیاسی و حیزبی لە ناویاندا .. هەروەها دابەشکردنی سەرپۆش و حیجاب و جل وبەرگی ئیسلامی بەسەر ژنان و کچان و خوشکانی ئەندامەکانی ( یەکگرتوو ) و تەنانەت دەرەوەی ئەودا ، دابەشکردنی ئازوقەو خواردن و هەندێك جاریش پارە بەسەر توێژە دەست کورت و هەژارەکانی کۆمەڵ ( مامۆستایان ، فەرمانبەران ، بێکاران ، کرێکاران ، خێزانە بیّ سەرپەرشتەکان و ئاوارەکان ) لە بۆنە ئاینی یەکان و مانگی ڕەمەزاندا ...لەوانەش سەرنج ڕاکێش تر ، بەگەڕخستنی سەرمایەو پارەو پولێکی زۆر لە بازاڕی ناوخۆ و بازرگانی دەرەوەدا ، ئەویش بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ و ناوەندە ئابوری یە گرنگەکانی کوردستان ، لەلایەن ئەندامانی بروا پیّ کراوی خۆیەوە .... کڕین و دەم چەورکردنی چەند مەلاّ و نووسەر و ئەکادمی یەك بە پارە و کۆمەکی جۆراو جۆر و سەرئەنجامیش بلاّو کردنەوەی کادری حرفەیی و زمان تەڕو پاراو و ڕەوشت جوان و بەناو توێژە جۆراە جۆرەکانی کۆمەڵی کوردستاندا بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی سیاسی ئەو توێژانەو ڕاکێشانیان بەرەو ڕێکخستنە ئاشکراو نهێنی یەکانی یەکگرتوو .

ئەو حیزبە لە بارو دۆخێکدا ئەو کارانەی ئەنجام دەدا کە لەلایەکەوە بەهۆی سیاسەتە وێرانکاری و شۆڤێنی یەکانی ڕژێمی بەعسەوە زۆربەی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان کاول کرا بوون و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی گەمارۆی ئابوری دەوڵەتە ئیمپریالی یەکان و ڕژێمی بەعسەوە ، هەروەها بە هۆی نەهامەتی یەکانی شەڕی ناوخۆو ئیفلیجی ئیداری و بیّ بەرنامەیی ( یەکێتی ) و ( پارتی ) یەوە بۆ بەرێچوونی ئابوری ژیانی خەڵك، بەشێکی زۆر لە توێژەکۆمەڵایەتی یەکانی هەژارەکانی کوردستان چاوەڕێی بەدیلی سیاسی و فریاد ڕەسی ئابوری نویّ یان دەکرد تالەو بارەمەینەتبارە ڕزگاری یان بکات ، یان هیچ نەبێت دەردو مەینەتەکانیان کەم بکاتەوە . لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ، ئابوری و سیاسی لەو جۆرەدا بوو کە ( یەکگرتوو ) خۆیی وەك حیزبێکی ئیسلامی ڕیفۆرمیستی خێر خواز ڕاگەیاند و بەبەردەوامی و بەشێوەی ئاشکراو نهێنی ،بە پاڵپشتی ڕێکخراوە بەناو فریاگوزاری یە جیهانی یە ئیسلامی یەکان دەستی کرد بە قۆستنەوەی فرسەتەکان و دەست

بەسەرا گرتنی خاڵەلاوازە ئابوری و سیاسی یەکانی ( پارتی ) و ( یەکێتی ) و پرکردنەوەی بۆشایی یە جۆراو جۆرە ئابوری ، کۆمەلایەتی ، فیکری و سیاسی یەکانی کوردستان ، تا لەو ڕێگاو کاناڵانەوە و لە ژێر پەردەی کاری خێر خوازی و ریفۆرمیستی دا بنکەو پێگەی کۆمەلایەتی ، سیاسی وحیزبی یەکەی بەهێز بکات .

لە پرۆسە رێکخستنە سیاسی و حیزبی یە ئاشکراو نهێنی یەدا ، یەکگرتوو زۆر نەرم برانە کارە پەروەردەیی فیکری ، سیاسی و حیزبیەکانی خۆیی دەبردە پێشەوە و سەنگەری لە هیچ لایەك نەدەگرت ، بۆئەوەی کە هیچ لایەك سەنگەری لێ نەگرێت و بە ساوایی زیندە بە چاڵ نەکرێت .

ئەم حیزبە مقاطعەی هەڵبژاردنەکانی بەناو پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانی نەکرد و تەنانەت بەمەبەستی بەهێز کردنی بەرەی کۆنەپەرستی ئیسلامی سەلەفی لەکۆمەلگەی کوردستاندا ، دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگ و لیستی ( بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ) تا لەم ڕێگایەوە تەرازوی هێز بە قازانجی گەشەکردنی دواتری خۆی لاسەنگ و قورس بکات ، هەروەك ئەبوبەکر عەلی خۆی ئەم ڕاستی یە ئاشکرا دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت :" کاتێك کەساڵی 1993 گەلی کوردستان و هێزەسیاسی یەکان بڕیاری هەڵبژاردنیان دا . ڕۆڵەکانی ( یەکگرتوو ) کە هێشتا ناوێکی ئاشکریان نەبوو ، لە ژێر ( واجهە)ی جۆراوجۆردا کاریان دەکرد لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا وەك بەشداری کردنێکی ئیجابی لەژیانی سیاسی هەرێم و دەربڕینی هەڵوێستی ڕوون دەربارەی دام و دەزگا نیشتمانی یەکانی لە میانەی ( لیستی ئیسلامی )دا بەشداری هەڵبژاردنیان کرد 35".

بەشداری ڕۆڵەکانی ( یەکگرتوو ) لەژێر ( واجهەی جۆراو جۆر )دا لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری 1992 دا ، لە پێداویستی و ڕوانگەیەوە نەبووە کە ئەم حیزبە بوونی سیستەمی پەرلەمانی و فرە حیزبی پێ قبوڵەو دڵخۆش بێت بەوەی کە ئەم جۆرە سیستەمە سیاسی و فەرمانڕەوایەتی یە لەلایەن خەڵك و حیزبە سیاسی یەکانەوە مارەسە بکرێت ، چونکە ( یەکگرتوو ) لەبنەڕەتەوە دەسەلاتی پەرلەمان و فرە حیزبی بە پێچەوانەی سیستەمی دەسەلاتداریتی سیاسی بەیانکراو لە قورئان و شەریعەتی ئیسلامی دا دەبینێتەوە و بە میکانیزمی دەسەلاتداریتی سیاسی ( عیلمانی ) یەکانی دەزانێت ، بەڵکو لەو ڕووەوەبەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە کە لەباری یاسایی یەوە جێ پێ بۆ کاری حیزبی و سیاسی خۆش بکات و لەهەنوکەو ئایندەدا فراوانی بکاتەوە .. تەنانەت هاوکاری کردنیشی لەگەڵ ( بزووتنەوەی ئیسلامی ) دا نیمچە ئامانج و مەیەستێکی لەو جۆرەی لە پشتەوە بووە ،چونکە ( یەکگرتوو ) لەگەڵ فراوان بوونەوەی بنکە سیاسی و جەماوەری یەکەی دا و دەرکەوتنی وەك حیزبێکی سیاسی خاوەن ئۆتۆریتەی جەماوەری و سیاسی ،حساباتێکی سیاسی ئەو تۆی بۆ ( بزووتنەوەی ئیسلامی - بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی ئێستا )نەدەکردو ئەوەشی بە فرسەت زانی کە لەسەر لاشەو پەیکەری تێکشکاوی ( بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان )ەوە بە دەستی ( یەکێتی ) لە ساڵی 1993دا بوونی حیزبی خۆی ڕابگەیەنێت تا لەم ڕێگایەوە بەشێك لە ئەندامەکانی ( بزووتنەوەی ئیسلامی ) کەسب بکات .

لەو کاتەوەی کە ( یەکگرتوو )بوونی حیزبی خۆی ڕاگەیاندووە ، هەوڵی داوە کە لە ( بزووتنەوە و نهضەی ئیسلامی ) ، وەك دووباڵی توند ڕەو چەکدار خۆی بە دور بگرێت و خۆی تێکەڵ بە کارە تیرۆریست و ئاژاوەگێری یەکانی ئەوان نەکات و لە مغامرات و مجازفە سیاسی و سەربازی یەکانی ئەو دووڕەوتە ئیرهابی و سەلەفی یە خۆی بپارێزێت ، تا نەوەك پریشکی توند ڕەوی و مغامراتەسیاسی و سەربازی یەکانی ئەو دوو ڕەوتە سەلەفی یەی بەر بکەوێت . هەرکاتێکیش کە ( یەکگرتوو ) کەوتبێتە ژێر گوشاری پرسیار و گومانە سیاسی یەکانی خەڵکی کوردستانەوە ، کە ئەمیش باڵێکی سیاسی

یە لەو دوورپێکخراوە تیرۆریستە ، یان جۆرێکە لەوان ، دەستی کردووە بە پاکانەی سیاسی و ووتویەتی کە:" یەکگرتوو ڕێز لە تەعەدودیەت دەگرێت وەك دیاریدەیەکی پێکەوە ژیانی شارستانی و ئینسانی . هەروەها پشتگیر کردن لە سەروەری یاسا و بەرقەرار بوونی ئاسایش و دوور کەوتنەوە لە پاشاگەردانی بە یەکێك لە ستراتیژیەتی یەکانی خۆی لە هەرێم دا دیاری کردووە 36".

کاك ئەبوبەکر و حیزبەکەی ، دیسان چاوبەست لە جەماوەر دەکەن و لە ڕووی مەبدەئی و ستراتیژی یەوە هەرگیز بڕوای بە ( فرە حیزبی و ژیانی دیموکراتی ) یانە نی یە لە کۆمەڵی کوردستاندا ، بەڵام کاك ئەبوبەکر ئەوە بۆ ئەوە دەڵێت کە لەلایەکەوە خۆی لە کارە ئاژاوە گێڕی یەکانی ( بزووتنەوە و نـهضـه) دووربخاتەوەو لە بەردەمی خەڵکی کوردستاندا خۆی نەکاتە ڕەوتێکی ئیسلامی قێزەونی وەك ئەو دووانەو لەلایەکی تریشەوە ئەم ( یەکگرتوو )ە ئەوەندە بڕوای بە دیموکراتی و تعددیەتی حیزبی هەیە تا دەستی دەگاتە سەر لوتکەی دەسەڵات ، بەڵام هەرکە گەیشتە لوتکەی دەسەڵات ، فرەحیزبی لە سیستەمە ئیسلامی یەکەی سبەینێ ی دا(!!) نەك هەر بۆ حیزبە علیمانی یەکان نی یە ، بەڵکو تەنانەت بۆ خودی حیزبە جیاوازە ئیسلامی یەکانیش نی یە ، ئەمەش بە ئەزمونی ستراتیژی ( اخوان مسلمین )ی مصر و بانگەوازەکەی ( حسن البنا )ی ساڵانی سی و چلەکانی ئەم سەدەیەو هەروەها بەپێ ی تەفسیرەکانی شێخ ( مەودودی) لەسەر حیزبە سیاسی یەکان و بوونیان لە کۆمەڵگەدا .

( یەکگرتوو ) بەو پاکانە سیاسی یەی بۆ ( فرە حیزبی و دیموکراتی ) کە لە پێشەوە هێنامانەوە، هەروەها چەندین پاکانەی سیاسی تری لەو جۆرە کە لێرەدا نەقڵ کردنیان بە پێویست نازانم ، توانیویەتی هێڵێکی تاکتیکی و سیاسی جیاکەرەوە لە نێوان خۆیی و ئەو دووڕەوتە سەلەفی یەی تردا بکێشێت لەشێوەی کارو چالاکی یەحیزبی یەکانی دا و لەو ڕووەوە گومانەکان دەربارەی ئەوە کە ( یەکگرتوو ) بەشێکە لەو دوو ڕەوتە سەلەفی یە تیرۆریستە چەکداری یە بسڕێتەوە ، بەڵام لە سەر شەڕی نێوان ( پارتی ) و ( یەکێتی ) ئەم حیزبە هەمیشە لەژێر گوشاردا بووە تا هەڵوێستە سیاسی یەکانی خۆی بە قازانجی لایەکیان دیاری بکات . دیسان لەو ڕووەشەوە ( یەکگرتوو ) تەحەمولی گوشارەکانی ئەو دوو حیزبەی کردووە و هەڵوێستێکی دوو سەرەی وەرگرتووە ، لەلایەك لە پێکهێنانی حکومەتەکەی دوای 31ی ئابی ( پارتی )دا بەشداری کردووە و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی دیپلۆماسی و دۆستایەتی سیاسی خۆیی لەگەڵ ( یەکێتی )دا درێژە پێ داوە . ئەم حیزبە ئیسلامی یە بەگرتنە بەری دیپلۆماسیەتێکی دوو سەرەی لەو جۆرە ، درێژە کێشانی شەڕەکەی نێوان ئەو دوو حیزبەی بە فرسەتێکی زێڕین لە ژیانی سیاسی خۆی دا زانیووە و لە ناخی دڵەوە شەڕەکەی پێ خۆش بووە ،، بەڵام لەم ڕووەوە هەڵوێستێکی ئیعلامی چەواشەکارانەی گرتووە و حاشا لەو ڕاستی یە دەکات و بە زمانێکی فریوکارانەو ئاوازێکی ئاشتیخوازانە قسەی کردووە و قسە دەکات ، هەروەك لەم پەرەگرافەی نووسینەکەی کاك ئەبوبەکردا بەرچاومان دەکەوێت : " تێڕوانینی یەکگرتوو بۆ مەسەلەی ئاشتی تێڕوانینێکی قوڵ و پشت ئەستوورە بە چەمك و بنەما ئیسلامی و قورئانی یەکان .... یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئاشتی و ئاسایش وەك پێویستی یەکی حیزبی سەیر ناکات .... شەڕی ناوخۆ فرسەتی لە بەردەم هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانی گەل و نیشتماندا نەکردووەتەوە و بواری بە دوژمنان و هەلپەرستان داوە بۆ دەست تێوەردان لەوەزعی کوردستان 37". یەکگرتوو ، ئاشتی و ئاسایش لەکوردستاندا وەك پێویستی یەکی حیزبی سەیر ناکات ، بەڵام پێی باشە حیزبە قەومی یەکان کە ئەو بە علیمانیان دەزانێت لە شەڕو ناکۆکی و ئاژاوەی بەردەوامدا بن و هەرگیز لە کوردستان ئاسایش و ئارامی سەقام گیر نەبێت تا "ئەو

له جەرگەی بارودۆخێکی نا ئارام و قەیران گرتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زیاتر گەشەی حیزبی بکات و ئیسلام و ئاڵتەرناتیڤی سیاسی ئیسلامی وەك تەنها ڕێگا چارە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسی کۆمەڵی کوردستان نیشانی خەڵك بدات . ئەمە نەبوختانەو نەبە پێچەوانەی ستراتیژی ( یەکگرتوو )ەوە یە ، چونکە ئەقڵی سیاسی ئیخوان موسلمین ، کە هەمان ئەقڵی سیاسی ( یەکگرتوو ) یشە ، لە سەر ئەو بۆچوون و تێزە بنیاتنراوە کە سەرکەوتنی سیاسی ( ئیخوان ) لە گرەوی درێژەکێشانی ناکۆکی و شەڕی نێوان حیزبە نا ئیسلامی یەکان و فەسادی ئیداری و ئابوری ئەواندایە لە کۆمەڵگەدا . لەبەر ئەوە، ( یەکگرتوو )یش کە فۆتۆکۆپی کوردی ئەقڵی سیاسی ( ئیخوان مسلمین )ە عەرەبەکانی مصرە ، هەمان ڕوانگەی لە بەرانبەری کێشەکانی کۆمەڵگە و بە تایبەتیش شەڕی نێوان ( یەکێتی ) و( پارتی ) دا هەیە و هەر ڕاگەیاندنێکی تری ئەو حیزبە لەو بارەیەوە ، بەپێچەوانەی دیوی ناوەوەی سیاسەت و ستراتیژی یەکەیەتی و تەنها بۆ فریودانی جەماوەرەو نەك شتێکی دیکە .

یەکگرتوو ، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە لە ڕوویەکی دیکەشە وە سنووربەندی بکات لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامی یە توند ڕەوە چەکدارەکانی تری کوردستاندا بەوە کە گوایە ئەم حیزبە پەیڕەوی لە ئایەتی 256 ی سورەی ( البقره ـ لا اكراه فى الدين ) دەکات و بڕوای بە ئازادی بیرو باوەڕ هەیە ، بەڵام لە ڕاستی دا ئەمەش دەمامکێکی فیکری و سیاسی دیکەیەی ئەوە بۆ شاردنەوەی ڕوخساری دژی ئازادی بیرو ڕاو سەلەفیەتی شاراوەی ئەم حیزبە ئیسلامی یە ، ئەمە جگە لەوە کە لە ژێر ئەو دەمامکەدا خۆی لە هەر ململانێ یەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی ئاشکرا بە دوور گرتووە لەگەڵ هێزە سیاسی یەکانی دیکە دا ، بە بەهانەی ئەوە کە ململانێی ئایدۆلۆژی شەڕی سیاسی لێ دەکەوێتەوە ، هەروەك ئەبوبەکر لەو بارەیەوە دەڵێت :" هەوڵی ئاژاوە نانەوەی فیکری ـ مەبەستی لە یەکگرتووە ـ نەداوە و بەگشتی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو لادان و کەم کوڕی یانەی لەم ڕووەوە لە ئارادان بە کۆمەڵگایەکی موسڵمان زانیووە38 .... نووسەری ئەم بابەتە پێی وایە کە ئێستا لە کوردستاندا کاتی ورووژاندنی مەسەلەی عیلمانی بوون و ئیسلامی بوون نی یە ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕیزەکانی گەلی کوردستان و هێشتا ئەو دەسەڵاتە مسۆگەرو چەسپاوەشمان نی یە تا شەڕی لەسەر بکەین ..... گەرچیش دەسەڵات لە هەرێمدا بە عیلمانی دادەنرێت ، بەڵام تا ئێستا عیلمانی یەکی میانەڕەو بووە 39".

کاك ئەبوبەکر لێرشدا ڕاستگۆیی خۆی لەدەست دەدات ، چونکە ( یەکگرتوو ) هەموو دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی کە لە سەر بنەمای شەریعەت و یاساو ڕێسای ئاینی ئیسلام دانەمەزرا بێت ، ئەوا ئەو بە عیلمانی و سیستەمی عیلمانی دەناسێنێت ، بەڵام ( یەکگرتوو ) کە لە قۆناغی ئێستای ژیانی سیاسی خۆی دا توانای چوونە مەیدانی ململانێ ی ئایدۆلۆژی و فکری و سیاسی لە خۆی ڕانابینێتەوە، ناچارە کە ڕوو بە سیستەمی حوکم ڕانی ئێستای کوردستان بڵێت ( هەوڵی ئاژاوە نانەوەی فیکری و ئایدۆلۆژی نەداوە و ئەوە بەزیانی یەکپارچەیی ڕیزەکانی گەل دەزانێت )، کەچی هەر ئەم ( یەکگرتووە ) بە ئەدەب و ئارام و میانەڕەوە( !! ) لە بەرانبەر چەپەکان و مارکسی یەکانی کوردستاندا ، کە ئەوان لە دەسەڵاتدا نین و لە هێزێکی بەرفراوانی جەماوەری و هێزی چەکدار بەهرەمەند نین لەم قۆناغەدا ، لە بەرانبەر هەڵوێستی مارکسی یەکان و چەپەکان لەمانگی ڕەمەزانی 1998دا بە شێوە یەکی زۆر هەڵپەرستانە و بە شێوەی ئاگری بن کا لە تەلەفیزیۆنەکەی شاری سلێمانیەوە و لە پارشێوێکدا ، کە پێ ی وابوو لەو ساتەی شەودا تەنها موسڵمانەکان بە خەبەرن ، دەستی کرد بە ڕشانەوە و هەڵهێنانەوەی شەڕانگێزترین تەبلیغات و پڕو پاگەندەی سیاسی دژ بەو هەڵوێستەی

چەپەکان و مارکسی یەکان ، ئەمە جگە لەوە کە لە مانشێتی ژمارە 61ی هەفتەنامەی یەکگرتوودا ، کە لە بەرانبەر ووتارێکی " بۆ پێشەوە " دابوو، بەم شێوە یە نووسیبووی :" کاردانەوە و ناڕازایەتی دەربڕین لەدژی سوکایەتی کردن بەئاین و مێژووی گەلەکەمان بەردەوامە " .هەروەها یاداشت نامەیەکی مەکتەبی سیاسی ( یەکگرتوو )ش بۆ حکومەتی هەرێم لەدژی هەمان ووتار و بە کفر لە قەڵەمدانی بڵاوکراوەی ناوبراو ...ئایا کاك ئەبوبەکر ، ئەو دوونموونەیەی کە باسمان کردن و مشتێکن لە خەروارێك بە ( ئاژاوەی فکری و ئایدۆلۆژی و تەنانەت سیاسیش ) نازانێت ؟ بێگومان ئەوانە سیاسەتی ئاژاوەگێڕی ( یەکگرتوو ) ن ، بەڵام ئەوانە لە کاناڵ و هەلی تایبەتی و دیاریکراوەوە ئاڕاستە دەکات و درێژەیان پێ دەدات.

سەلەفیەتی ( یەکگرتوو ) تەنها لە پرۆسەی تاکتیك دا ڕەنگ ناداتەوە ، بەڵکو لە ستراتیژی ئەو حیزبەدا ڕەگی داوەتەوە . ئەم حیزبە لە بەشی حەوتەمی بەرنامەکەی خۆی دا بە ئاشکرا هەڕەشە لەبنەماکانی ژیانی مەدەنیانەو ئازادی یەکان دەکات و هیچ جۆرە ئازادی یەکی بیرو ڕاو ڕەخنەگرتن لە " حکومەتە ئیسلامی یەکەی ! ! " و ئاینەکەی لەلایەن کەسانی بێ بڕواوە قبوڵ ناکات و ئەو کەسانە بە داردەست و بەکرێگیراو نۆکەری بێگانە دەداتە قەڵەم و حسابیان لەسەر دەکات . بەرنامەکەی ( یەکگرتوو ) لەو ڕووەوە بەبێ هیچ جۆرە تەمومژێك دەڵێت :" لە قورئانی پیرۆزدا غەیرە موسڵمانەکان لەڕووی پەیوەندی یانەوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی ، کراونەتە دوو دەستەی سەرەکی : دەستەی یەکەم ئەوانەن کە لەگەڵ کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامی دا دەجەنگن و ، جەنگەکەشیان ناڕەوایە و بۆ دابینکردنی ماف ڕەوای خۆیان نی یە و دەیانەوێت جێ پێ بە موسڵمانان لێژ بکەن و ببنە داردەستی بێگانە . دەستەی دووەم ئەوانەن کە بە ئاشتی دانیشتوون و جەنگ دژی موسڵمانان ڕاناگەیەنن و , ئەگەر لە بواری دابینکردنی مافەکانیاندا درێغی یەك هەبێت بە شێوەیەکی هێمنانەوە ئاشتیانە داوای دەکەن ، ئاسایشی گشتی تێك نادەن و نابنە پاشکۆی هیچ پیلانێك 40".

حیزبێك کە ستراتیژی یەکەی پێکهێنانی ( دەوڵەتی ئیسلامی ) بێت و هەرلەمرۆوە کۆمەڵگە دابەش بکات بۆ دوو دەستەی خێرو شەڕو بەرەی ڕەخنەگران بەداردەستی بێگانە لە قەڵەم بدات و بەوە تاوانباریان بکات کە دەیانەوێت ( جێ پێ بە بەموسڵمانان لێژ بکەن ، یان دەسەڵاتیان لەدەست وەربگرن ) ، ئاخۆ دەبێت ئەم حیزبە چ بڕوایەکی بە ( فرە حیزبی و دیموکراتی هەبێت ) کە یەکێك لە بنەماکانی ( دیموکراتی و سیستەمی فرەحیزبی ) دەست بە دەست پێکردنی سوکان و کورسی دەسەڵاتە ؟ حیزبێك کە ئەوە ستراتیژی یەکەی بێت ، ئەوە چۆنە کە ئاژاوەی فکری و ئایدۆلۆژی نانێتەوە ؟ حیزبێك کە ئەوە ستراتیژی یەکەی بێت چۆن لە دەرەوەی دەسەڵاتیش دەست بۆ تیرۆر و پەلاماری چەکداری نابات دژ بە نەیارە مارکسی و عیلمانی یەکانی ؟ دروستکردنی مزگەوت و کارەبەناو خێرخوازی یەکانی ئەم ( یەکگرتوو )ە سەلەفی یە شاراوەیە هیچ مانایەکی نی یە جگە لە چاندنی تۆی ئیرهاب لە کوردستاندا . ئەوە ڕاستی یەکە کەمێژووی داهاتووی ئەم حیزبە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانی دەسەلمێنێ و ڕوونی دەکاتەوە .

کاری تیرۆریستی و تیرۆر کردنی نەیارانی چەپ و عیلمانی ، تەنانەت قەتڵ وعامی دوور لە سیاسەتیش لە یەکەمین ڕۆژەکانی پێکاتنی ( یەکگرتوو )ەوە فەتوای لەسەردراوە ( بە ئەزموونی جەبهەی انقاذی جەزائیر*** کە لە سەر ڕێبازی " اخوان المسلمین " دەستیان بەکاری سیاسی کردووە) ، بەڵام ئەوەکەی و لە چ ساتەوەختێکدا دەخرێتە قاڵبی پراکتیکی یەوە لەلایەن ئەم حیزبەوە ، مەسەلەیەکە ئایندەی بەهێزبوونی ئەم حیوبە دیاری دەکات ... . جگە لە تیرۆری جەستەیی نەیارانی فکری و سیاسی ، هەر ئەمڕۆ ئەم حیزبە دەستی بردووە بۆ تیرۆری فەرهەنگی و ئارەزووەکانی

خەڵکیش**** ، چونکە ئەم حیزبە بەشێوەی ئاشکراو نهێنی دەستی کردووە بە دژایەتی کردنی هونەرو زەوقی هونەری خەڵکی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکانی دیکەی کۆمەڵگە . هەفتەنامەی یەکگرتوو لە گۆشەیەکی دا بەناوی ( ڕوانگە)ەوە ، ستونێکی بە ناونیشانی " بڕیارێکی بوێرانەو هەڵوێستەیەك " بڵاو کردووەتەوە و لەم ستونەدا دەڵێت :" هەفتەی ڕابردوو لە بڕیارێکی بوێرانەدا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ، ئاگاداری دەزگاکانی سینەماو ڤیدۆکانیان کردووە ، کەوا پێویستە ڕەچاوی بنەما ڕەوشتی یەکان و بەها و داب و نەریتی کوردەواری بکەن و بەهیچ شێوەیەك فلیمی ڕووت و بێتام نمایش نەکەن ...لە کاتێکدا بە پێویستی دەزانین پشتگیری لەم هەنگاوە بکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین ، پێشنیار دەکەین کەوا بۆ کاناڵەکانی تەلەفزیۆنیش هەنگاوێکی وا هەڵبگرن ، کە ئەمەش پێویست بە هاریکاری حیزب و سیاسی یەکان هەیە، کە سەرپەرشتی ئەو کاناڵانەیان لە ئەستۆ دایە41". ئەو چەند بەشەی کە لە ستونی ناوبراو هێنامەوە، تەنها ڕوانگەی ( ڕەوەند گەرمیانی ) نووسەر ستوونەکە نی یە ، بەڵکو ڕوانگەو هەڵوێستی یەکگرتوویشە ، چونکە مەکتەبی ڕاگەیاندنی ( یەکگرتوو )یش لە 1996/2/29 دا دەست خۆشانەی ئەو بڕیارەی لە هەردوو وەزارەتی ناوبراو دەکات و نامەیەکی تایبەتیان ئاڕاستە دەکات ، کە ئەمەش دەقەکەیەتی : " بڕیاری هاوبەشتان لە بەرواری ( 27/ 2 / 1996 ) دا سە بارەت بە دانانی لیژنەیەك بۆ چاودێری کردن و بە دواداچوونی سینەماکان و دوکانی ڤیدیۆکان و دانانی ( ضوابط )و سنورێك بۆ فیلم و بەرهەمە سینەمایی یەکان ، جێگای ڕێز و پێزانینە . ئێمە لای خۆمانەوە ـ وەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو پشتگیری ئەو بڕیارە پەسەند و بە جێ یە دەکەین ، کە دەبێتە مایە پاراستنی بیرو ڕای خاوێن و داب و نەریتی و ڕەوشتە کۆمەڵایەتی یە ڕەسەنەکانی میللەتەکەمان ...هیواداڕین کە لە هەموو شارەکان هەنگاو بنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکەو ، هاووڵاتیان و سینەماو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەمووڵاش پشتیوانی لە ئاوا بڕیارێك پیشان بدەن .

دووبارە ڕێزو پێزانین و پشتگیری خۆمانتان لەسەر ئەو بڕیارە ئاڕاستە دەکەین 42.

" مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ـ 1996/2/29"

لێرەدا مەبەستم ئەوەنی یە کە پەخش و بڵاو کردنەوەی فیلمە سێکسی یەکان بەکارێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم بدەم و ئەو جۆرە فیلمانە بە هونەرێکی سینەمایی ڕیالیستی بناسێنم کە کێشە سێکسی یەکان و چەپاندنی سێکسی لاوانی کوردستانی ئەمڕۆ چارەسەر بکەن ، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەنیم کە بەر بەو فیلمە سێکسی یانەبگیرێت کەئاستی ڕۆشنبیری سێکسی لاوانی کەبت کراو دەبەنە سەرەوە .... ئێستا ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ( یەکگرتوو ) دەبێتەوە کە بۆچی نووسەرانی ئیسلامی ئازادن لە وەدا کە نەك بەفیلم ، بەڵکو بەکتێب و نامیلکەی جۆراو جۆر و بەبێ وێنە و جوڵانەوە و نمایشکردنی ئۆرگانیزمی مرۆڤ ٬ کێشە سێکسی یەکان بخەنە ڕوو ، ئەی بۆچی سینەماکان و دوکانی ڤیدۆکان ئەو فیلمانە نمایش نەکەن ؟ ئایا نامیلکەی ( بووك و زاوای موسڵمان ) ، لە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، چ جیاوازی یەکی لەگەڵ ئەو فیلمە سێکسی یانەدا هەیە کە لە سینەماو دوکانی ڤیدیۆکاندا نمایش دەکرێن ؟ ئایا هەمان وەرگێڕدراوی کوردی ( ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر ) کە لە نووسینی ( محمود مهدی ئەستانبوڵی ) ئیسلامی یە چ جیاوازی یەکی لەگەڵ فیلمە سێکسی یەکاندا هەیە؟ بەبڕوای من هیچ ..ئەی کەواتە ( یەکگرتوو ) بۆ ئاوا بەگەرم وگوڕی یەوە پشتگیری لەو بڕیارە ناشارستانیەی حکومەت و هەردوو وەزارەتەکەی دەکات و بێ پەروا لە هەفتەنامەکەیەوە

جەنگ دژ بەدوكانی ڤیدیۆ و سینەماكان ڕادەگەیەنێت ؟ وەڵامەكە زۆر ڕوونە : یەكگرتوو هەر لەمرۆوە دەستی بردووە و دەست دەبات بۆ تیرۆری فەرهەنگی و ئارەزو و زەوقی هونەری خەڵك . ئایا ئیتر ئەمە چاندن و كامڵ كردنی تۆی تیرۆر و تیرۆریزمی ( یەكگرتوو ) نیە لە كوردستاندا ؟ ئایا ئەمە خزمەت كردن و كاری مرۆیی و خێر خوازی و خۆ بەدوور گرتنی ئەم حیزبەیە لە كاری ئاژاوە گێڕی ئایدۆلۆژی و فكری و سیاسی ؟ ئایا ئەو نامەیەی كە هێنامانەوە خۆی باشترین و ڕوونترین بەڵگە نی یە بۆ توندڕەوی و سەلەفی بوونی ئەم حیزبە ئیسلامی یە ؟ لە كاك ئەبوبەكر و مەكتەبی ڕاگەیاندنەكەی دەپرسم : ئایا ئەو هەموو فیلمە توندو تیژانەی كە لە تەلەفیزۆنەكانتانەوە نمایشی دەكەن و زەینی منداڵان و مێر منداڵانی پێ پڕ دەكەن لە توند و تیژی و لەسەر مرۆڤ كوشتن و گیانی ڕامبۆیی و سۆپەرمانی ڕایان دەهێنن ، ئەمە ناو دەنێن چی ؟ لەو ڕووەوە دەبێت كێ محاسەبە و غەرامەتان بكات ؟ ....بەهەرحاڵ ، یەكگرتوو لە ڕاگەیاندنە سیاسی یەكانیدا و لەنووسراوە تیۆری یەكانی دا هەمیشە پشت بە نەهجی دیماگۆگیەت دەبەستێت و چەواشەكاری پیشەی سیاسی ئەم حیزبەیە . ئەوەی دەیكات و ئەوەی دەیڵێت ئاسمان وڕێسمانە ، چونكە ئەم حیزبە لەمەیدانی فیكری و سیاسی دا ،بەكردەوە بەزیانی دەسكەوتەكانی خەڵكی كوردستان جووڵاوەتەوە ، بەڵام كاك ئەبوبەكر ئامادەنی یە ڕاستگۆیانە لەگەڵ خوێنەر و جەماوەردا بدوێت و ڕاستی یەكانی پشتی پەردە وەك خۆیان ئاشكرا بكات . لەبەرئەوە ناچارە كە بەم زمانە دیماگۆگیانە لەگەڵ خوێنەر و جەماوەردا بدوێت :" لەو ڕۆژەوە - مەبەستی نووسەر ڕۆژی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی هەرێمە - بە شایەتی كار بە دەستانی حكومەت و ئەندامانی پەرلەمان و حیزبە سیاسی یەكان و جەماوەر و گەل لە هەرێمدا هەڵوێستێكی نەگرتووە بەزیانی دەسكەوتەكانی خەڵك تەواو بێت . ڕۆژێك لە ڕۆژان كارێكی وای نەكردووەمەبەست تیایدا لاواز كردنی ئەزمونی كوردی و لەكەدار كردنی بێت 43".

منیش لەكۆتایی دا لە كاك ( ئەبوبەكر ) دەپرسم : هەوڵی ئاشكراو نهێنی ( یەكگرتوو ) بۆ سەركوتكردنی ئازادی بیرو ڕا ، چاپەمەنی و ئازادی یە تاك و كۆمەڵایەتی یەكان ، ئایا ئەمە بەزیانی دەسكەوتەكانی ڕاپەڕین و خەڵكی كوردستان ناشكێتەوە ؟ ئایا ئەمە لاواز كردنی ( وەك خۆت دەڵێیت ) ئەزمونی كوردی و لەكەدار كردنی دیموكراتی و چاندنی تۆوی ئیرهاب نی یە لەژێر ناوی كاری خێر خوازی و خزمەتگوزاری و ئاوەدانكردنەوەی كوردستاندا ؟ ئایا ئەوەی كە تائێرە گوتم و لەزمانی خۆت و حیزبەكەتەوە گوێمان لێ بوو ، هیچ جێگایەك بۆ كێشەی كورد و چارەسەرەكەی دەهێڵێتەوە لە " ستراتیژی یەكگرتوو " دا ؟.

* * *

## سەرچاوەو پەراوێزەكان

** " ڕێگای یەكبوون " ، كە هەفتەنامەیەكی سیاسی یە و بزووتنەوەی یەكبوونی ئیسلامی دەری دەكات ، لە ژمارە 47 ی ڕۆژی دووشەمە ( 1999/10/11 )دا ، سەروتارەكەی بەم ناونیشانە هەڕەشە ئامێزە { ڕەخنە گرتن لە هەر دروشمێكی ئیسلامی سوكایەتی كردنە بەبیرو ڕای گەلەكەمان } ڕازاندووەتەوە و دەڵێت :{ ماوەیەكە هەندێك كاناڵی ڕاگەیاندن لە كوردستاندا كوێرانە و بەشێوەیەكی*

-

ناسروشتی کەوتونەتە دژایەتی کردنی ئیسلامی یەکان و تۆمەتبار کردنیان ، تیاشیاندا هەیە ئەو سنورەشی بەزاندووە و ناو بەناوە بێ حورمەتی بە بەرانبەر بە ئیسلام و مقدساتی ئیسلامی دەکات وهەستی ملیۆنەها موسڵمان ڕاناگرن و بێ پەردە ڕەخنە لە دروشمە ئیسلامی یەکان و فەرمانەکانی خوا و پێغەمیەری خوا دەگرن }. بە دوای ئەمەشدا سەرووتاری ناو براو دەکەوێتە ناکۆکی ووتنێك و دەڵێت :{ئێمە کاتێك ڕەخنە لە موسڵمانێك یان حیزبێکی ئیسلامی دەگیرێت لامان ئاسایی یە }. منیش دەڵێم سەد خۆزگەلاتان ئاسایی بووایە ، بەڵام ئەوەتا لە چەندێڕی خوارەوە تردا ڕەخنەش لە حیزبە ئیسلامی یەکان بە تکفیر و نائاسایی دەزانن و دەڵێن :{ ئێمە قەناعەتمان وایە ڕەخنە لە هەر دروشمێکی ئیسلامی ، ڕەخنەیە لە ئیسلام و لە قورئان و و لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا }. ئەگەر مانای ئەم دێڕەی دوایی بکەینە کوردی یەکی پەتی ، ئەوهای لێ دێت : بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی و هاو مۆدێلەکانی دروشمی ئیسلامی یان بەرز کردووەتەوە و ڕەخنە گرتنیش لەو دروشمە سیاسی یە ئیسلامی یانە ، ڕەخنەیە لە قورئان و قسەکانی پێغەمبەر . لەبەرئەوە ، ( بزووتنەوەی یەکبوون ) ئەوە بە مەترسی یەکی گەورە دەزانێت و بێ دەنگە کردنی لە ئاستی ئەو ڕەخنانەدا پێ قبووڵ ناکرێت و لە بەرانبەریاندا بێ دەنگ نابێت و لەو بارەیەوە دەڵێت :{ بەڵام ئەوەی جێگای قبوڵ نی یەو پێویستە ڕیسوا بکرێت ئەوەیە کە بە بیانوی باسکردنی هەڵەی ئیسلامی یەکانەوە ڕەخنەش لە لە ئیسلام و قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست بگیرێت ....بۆیە بێ ئەدەبی کردن لەم بارەیەوە بە سنوور بەزاندنێکی ترسناك لە قەڵەم دەدرێت ، کە پێویستە هەموو غەمخۆرێکی ئیسلام و هەموو دڵسۆزێکی گەلەکەمان لێی بێ دەنگ نەبن و بەتووندی بەرپەرچی بدەنەوە} .

لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەپرسم : ئەو هەموو سوکایەتی یەی کە ئێوە بە مارکسیزم و بیرو ڕای پێشکەوتووخوازانەی دەکەن ، یان ئەو هەڕەشە یەك لە دوایەکانەی کە ئێوە لە نەیارانی فکری خۆتانی دەکەن ، ئایائەوە بێ ئەدەبی و سنور بەزاندن نی یە ؟ ئێوە کە ئەو مافی بێ ئەدەبی کردن و سوکایەتی کردنە بۆ خۆتان بە ڕەوا دەبین ، دەئەوەش بۆ خەڵکانی دیکە بە ڕوا ببین کە ئازادانە ڕەخنەکانی خۆیان لەسەر بیرو باوەڕی ئێوە بکەن و خۆشتان لەم دیالۆگەدا بە تاوان بار بزانن و ڕەخنەگرتن بە سوکایەتی کردن مەزانن ؟!.

1ـ انورالحاق احدی : افغانستان ـ تاڵیبان و سیاسەتەجیهانی یەکان ـ ووتاری پێنجەم لاپەڕە 59 ، بەزمانی فارسی .

2ـ ئەبوبەکر عەلی : کێشەی کورد لە ستراتیژی یەکگرتوودا ـ ل4 .

3ـ ئەبوبەکر عەلی : هەمان سەرچاوەی پێشوو ل15

4ـ سورەی المتحنە : ئایەتی 8، هەرچەندە کە وەرگێڕانەکەی من لە لە ڕووی داڕشتنەوە لە ترجمەکەی کاك ئەبوبەکر جیاوازترە ، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەر یەك مەبەست بەدەستەوە دەدات ... بڕوانە کێشەی کورد لە ستراتیژی یەکگرتوودا ل 18

5ـ ئەبوبەکر هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل 13

6ـ ئەبوبەکر عەلی هەمان سەرچاوە،ل 40 و 41

7ـ هەمان سەرچاوە،ل8 و 68

8ـ مس ل،31 و 33

9 ـ مس ،ل5

10ـ مس، ل45

11ـ مس ،ل 70

12ـ مس ،ل47و48

13ـ مس و هەمان لاپەڕە

14ـ كارل ماركس : هەژدەهەمی برۆمێر لويس پۆنە پارت 21 بەزمانی فارسی .

15ـ ئەبوبەكر عەلی : كێشەی كورد لە ستراتيژی يەكگرتوودا ل 44.

16ـ لينين :مافی نەتەوەكان لە دياريكردنی چارەنووسياندا۔ آثار منتخبة ص350 بەزمانی فارسی .

17ـ ئەبوبەكر عەلی : لە ستراتيژی يەكگرتوودا ل9و10

18ـ د. رفعت سعيد : ئيخوان موسلمين لە گەمەی سياسەتدا ل17 وەرگێرانی بۆ كوردی ئيهاب رۆشنا .

19ـ مسپ ل 17

20ـ مسپ ل8

21ـ مسپ ل17

22ـ مسپ ل17

23ـ مسپ ل 18و19

24ـ مسپ ل 51و 52

25ـ مسپ و هەمان لەپەڕە

26ـ مسپ ، ل57

27ـ ليوا حسن صادق : رێكخستنی ئيخوان موسلمين ، ل 5، وەرگێڕانی بۆ كوردی ب ـ نڤار ـ مارسی1999.

28ـ مس ،ل8.

29ـ مس،

30ـ مس ، ل9

31ـ مس ،ل16

32ـ مس ،ل16

33ـ مس ،ل 55

34ـ مس ،ل55

** صلاح الدين بهاالدين ـ سكرتێری گشتی يەكگرتووی ئيسلامی كوردستان ـ لە نامەيەكی دا بۆ ( مصطفي مشهور )ی جێگری ڕابەری گشتی ( اخوان المسلمين )ی مصر ، لە 1996/1/21دا بە بۆنەی مەرگی ( محمد حامد ابوالنصر )ەوە ، تەئكيد لەسەر ( اخوان ) بوونی خۆی و (يەكگرتوو) دەكاتەوە و دەڵێت :" بقلب ممتلي اطمئنا ... وامام خبر رحيل المجاهد المعارف الرباني الأستاذ ( محمد حامد ابو النصر ) ، بعد عمر حافل بالعطا والتضحيات ، نشاركم ـ نحن واخوتكم في الاتحاد الأسلامي في كردستان و حزنكم ... وفي هذه المناسبة ، أتقدم اليكم باسم إخوانكم في الكردستان ...فأنتم حقا ـ يا اخوان مصر ـ من كنتم ، طوال الثمانية و الستين عامامن

-

عمركم ، رواد قافلة الجهاد و التضحيةو الصحوة الاسلامية ، واستاذة المدرسة الثبات و الاستقامة و التجديد و الابداع ... لترتفع عاليا راية الصحوة الاسلامية العالمية بقيادة الاخوان المسلمين ...

35- ئەبوبەکر عەلی : کێشەی کورد لە ستراتیژی یەکگرتوودا ،ل80.

36- مس ، ل88

37- مس ،ل 82و83و84

38- مس ،ل 95

39- ئەبوبەکر عەلی : عەلمانیەتی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆر ئاوادا لە شەڕی فەرهەنگەکانەوەبۆ لە یەکتر گەیشتنی مەیدانی - گۆڤاری نڤار - ژمارە (5) ل 244- بەهاری 1999 .

40- لە بەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی ( یەکگرتوو )دا ، بەشی یەکەم ،ل22-

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان .

***هەروەها بەپێی بۆچوونەکان و تەفسیرەکانی ( سید ) کە کۆمەڵگە دەکات بە دوو بەشی ( کافر ) و ( موسڵمان )ەوە .

41- بڵاوکراوەی ( یەکگرتوو ) ژمارە (85) ، 17 ي ذالقعدة1416

42- بڵاوکراوەی ( یەکگرتوو ) هەمان ژمارە .

**** هێنانی جل و بەرگی ئیسلامی بۆ ژنان ( لەوانە حیجاب و مقنعە ) و پڕو پاگەندەی بەردەوام بۆ ئەوانە لەلایەن ڕێکخراوی ( خوشکانی موسڵمانی یەکگرتوو )ەوە ، شەڕێکی فەرهەنگی و سیاسی یە کە ( یەکگرتوو ) لەدژی جل و بەرگی کوردی و کەلتوری و نەریتی پۆشاك پۆشینی کوردی ئە ئارامی و بە نهێنی بەرپێی خستووە و دەیەوێت ئەو نەریتە وەك بەشێك لە کەلتوری کورد بسڕێتەوە و شێوەو نەریتی پۆشاك پۆشینی عەرەبە ئیخوانەکان لە جێگای دا زاڵ و جێگیر بکات .

43- ئەبوبەکر عەلی : هەمان سەرچاوەی پێشوو.